تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

بیرەوەریەکانی ئیحسان نوری پاشا

و: وریا قانع

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافي)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

بیرەوەرییەکانی

ئیحسان نوری پاشا

وەرگێڕانی

وریا قانیع

چاپی یەکەم

2001

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
کوردستان ت. «٢٢٢٩٩٩٢»

e.mail:mukriani@yahoo.com

- کتێبی ژمارە: «٥٢»
- کتێب: بیرەوەرییەکانی ئیحسان نوری پاشا
- وەرگێرانی: وریا قانیع
- هونەرکاری: قاسم قادر
- چاپی یەکەم: هەولێر - ٢٠٠١
- ژمارەی سپاردن «٢١٣»ی ساڵی ٢٠٠١دراوەتێ.
- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

پەیڤێك

شۆڕشـی ئـاگری داغ یـان بەشـێوەیەکی دیکـە بڵێـین شۆڕشـی ئارارات یەکێکە لە شۆڕشە مەزن و بایەخدارەکانی نەتـەوەی کـوردی ستەم دیدە، کـە مـاوەی پێنـج سـاڵێك دەوامـی کـرد، هـەر لـەکاتی بـەرپاکردنی شۆڕشـەکەوە سـوپای کـورد واتـە هـێزی چـەك هـەڵگرو رێکخـراوی بـەڕێوەبردنی کاروبـاری دانیشـتووانیش لـە شـێوەی دەوڵـەتێکی سـەرەتاییدا، رێکخـرا و ئـاڵای پـیرۆزی کوردسـتانیش بەسەر لوتکەی چیابڵندو گەردنکەشەکانی کوردستانەوە بەدەم شـنە بای ئازادییە وە دەشەکایەوە. ئەندامانی هێزی چەکهەڵگریش بەپێی پلـەکانیان نیشـانەی تایبـەتییان هـەبوو، کـە پلـەی ئەفسـەرەکان و سـەربازەکانی لەیـەك جیـادەکردەوە واتـە تاڕادەیـەك رێکخسـتنێکی سوپایی خـاوەن دیسپلینیان پێکهێنابوو. ئـەم شۆڕشـە هەرچـەندە خاوەنی رێکخستنێکی رێکوپێکبوو و بناغـەی دەوڵـەتێکی بـۆ کـورد داڕشـتبوو هـەرگیز چاوەڕوانی کـەوتنی لێـوە نـەدەکرا، بـەڵام لـە بەدبەختیی کورد داگیرکەرانی کوردستان هەرچـەندە لـە دەروونـەوە دوژمنێکی سەرسەختی یەکترن، بەڵام لە کـاتی پەرەسـەندنی هـێزی

کورد و گەشەك ردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دەبنە برای گیانی بەگیانیی یەکتر و لەسەریەکدی دەکەنەوە بەنوێترین چەکی سەردەمەکەیانەوە لە هەموولایەکەوە پەلاماری بزووتنەوەکەی دەدەن و لەناوی دەبەن. سەرەڕای ئەمەش دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانیش لە نانەوەی فێڵ و تەڵەکەلە دژی کوردو بزووتنەوە رەواکەی و بۆ یارمەتیدانی دوژمنەکانی کورد بەچەك و دراوو پسپۆڕی سەربازی هەرگیز کورتییان نەکردووە و هەزارو یەك داویان بۆ ناوەتەوە. بۆیە تاکو ئێستا ئەنجامی شۆڕشەکانی کورد هەرکەوتن و ماڵوێرانی بەشوێنەوە بووە. تا کار گەیشتە ئەوە بە چەکی کیمیاوی وڵاتانی زلهێز شارو دێهاتەکانیان کیمیاباران کردین و شارو شارۆچکەکانیشیان وێرانکرد و لە ئۆردوگا زۆرە ملێکاندا کۆیانکردینەوە. ئەگەر بە چاوێکی ورد تەماشای شۆڕشی کورد بکەین ئەبینین کە کورد بەتەنها لەگەڵ تورك یان فارس یان عەرەب نەجەنگیوە. بەشداریکردنی فڕۆکەکانی بەریتانیا لە وێرانکردنی شاری سلێمانی و دێهاتەکانی بارزاندا رۆڵێکی گرنگیان بینیوە. لە شۆڕشی ئەیلوولیشدا بەچەکی بەرەی ئیشتراکی و ناپاڵی هیندی و فڕۆکەکانی بەرەی ئاشتیخواز دێهاتەکانی کوردستان وێران دەکران و ژن و منداڵی بێتاوانیان ئەکرد بە قەرە برووت. پسپۆری سەربازی وڵاتە عەرەبییەکانیش دەستە پاڵەی خۆیان خستە سەر ئەو ئاگرە دژی مرۆڤایەتییەکە ماڵی کوردی پێدەسووتێنرا. نووسینەوەی ئەم ڕووداوانە، وەکو مێژوویەك بۆ نەوەکانی ئایندەمان گەلێك پێویست و سوودبەخشە. بۆ ئەوەی نەوەی ئایندەمان هیچ گلەییەکمان لێنەکەن و وانەزانن ئێمەی باب و باپیرانیان دەستە پاچە لەرووی ستەم و

تاوانەکانی داگیرکەراندا دانیشتووین بابزانن کە بـاب و باپیرانیـان لـە جـەنگی تەنبەتـەندا بـەپێوە بەرانبـەر تـۆپ و شەسـتیری گـەورەو بچووکی دوژمن لـە پێنـاوی ئـازادی و سـەربەخۆیی نیشـتمانەکەیاندا جەنگیون. بەبێ چەك تەنها بە بێل و داردەستەوە پـەلاماری فڕگـەی مۆدێرنی دوژمنیان داوەو دەستیان بە سەردا گرتووە و درێژەیان بـە هێرشـی بێباکانـەیان داوە. گیـانی پیرۆزیـان کـردووە بـە قوربـانی، بڕیاریان داوە لە دوای تەواوبوونی ئـاخرین فیشـەکیان بـە خەنجەرو مشتەکۆڵە پەلاماری دوژمنان بدەن.

خوێنـەری بـەڕێز هەرچـەندە ئـەم بیرەوەرییـە لەمـەو پێـش چاپکراوە، بەڵام لەبەر زۆربوونی خوێندەوارانی گەلەکەمان و کـەمیی ئەو ژمارەیە کە لێی بڵاوکراوەتەوە، وامان بە باشزانی کە دووبارە لە سـەرچاوە فارسـییەکەیەوە وەریگێڕینـە سـەر زمـانی کـوردی، تینوویـەتی کۆمـەڵێکی دیکـەی پـێ بشـکێنین و بەشـێکی گرنگـی مێژووی نەتەوەکەمانیان بخەینەوە بەرچاویان تاکو بە باشـی دۆست و دوژمنەکانی نەتەوەکەمان بناسن.

لـەوەرگێڕانی ئـەم بیرەوەرییـەدا لـە هـەندێ شـوێندا ناچاربووین کەواژەیەك یان دەستەواژەیەکی زیادە بخەینە سەر دەقە ئەسڵییەکە ئەویش بۆئەوەبووە، کە خوێنەر باشتر لێی تێبگـات. بـەو مەرجـەش ئەسـڵی مانـای دەقەکـە نەشـێوێنێت. بـۆ نموونـە مامۆسـتا ئیحسـان نوری لە هیچ شوێنێکدا زاراوەی شۆڕشگێڕ یان جاشی بەکارنەهێناوە بەڵکو لەباتی ئەمانە زاراوەی (ملیون، مجاهدین، مدافعین و چریکـی) بـەکارهێناوە، چونکـە لـەو سـەردەمەدا ئـەم زاراوانـە نـەبوون تـاکو بەکاریان بێنێت. ئێمە لە هەر شوێنێکدا بە باشمان زانیبێت بەکارمان

هێناون، لەگەڵ چەند وشەیەکی دیکەشدا کە بە پێویستی نازانم بگەڕێم بە دوایانا و یەك بەیەکیان دەست نیشان بکەم، بەڵام نەمکردووەتە کارێك ناوەرۆکی بیرەوەرییەکە نە بەلای کورداو نەلە دژی تورك بە کاربێنم. ئەم بیرەوەرییانە لە بناغەدا بریتیبوون لە زنجیرە وتارێك کە لە رۆژنامەی کۆهستانا بە فارسی بڵاوکراونەتەوە.

بەڕێز مامۆستا کاوە بەیاتی کۆی کردووەتەوەو لە مردن رزگاری کردوون و کردوویەتی بەم کتێبە. جگە لەمەش لە ساڵی (١٩٨٦) دا لە سوێس بە زمانی فەرەنسی لەشێوەی کتێبێکدا بڵاوکراوەتەوە. مامۆستا کاوە بەیاتی لەگەڵ دەقە فارسییەکەیدا بەراوردی کردووە، بەهۆی باری رامیاریی ئەوسای وڵاتی ئێرانەوە هەندێك شت لە فارسییەکەیدا پەڕێنراوە، بەڵام لە فەرەنسییەکەیدا بە تەواوی نووسراوە. هەندێ شتی دیکەش لە فارسییەکەدا هەبووە، بەڵام لە فەرەنسییەکەدا نەبووە. ئەمانەی لە ناو جووت کەواندا داناوە و ئاماژەی بۆ کردووە. ئێمە بە پێویستمان نەزانیوە جیایان بکەینەوە، چونکە هەردووکیان بەشێکن لە بیرەوەرییەکان و بە پێی بارودۆخی رۆژگار هاتوونەتەکایەوە، پێویست بە جیاکردنەوەیان ناکات.

مامۆستا کاوە بەیاتی گەلێك دڵسۆزانە و زیاد لە پێویست خۆی ماندووکردووە پێشەکییەك و چەند لاپەڕەیەکی سەبارەت بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردیشی خستووەتە سەر، چونکە ئێمە تەنها نیازمان بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانی ئیحسان نورییە، بۆیە چاوپۆشیمان لە وەرگێڕانی پێشەکییەکە و ئەو بەشەی دیکەشی کرد. هیوادارم مامۆستا کاوە بەیاتی لێم زویر نەبێت و خوێنەوارانیش لێم ببوورن.

لێرەشدا ئەوەش بە خوێندەواران رادەگەیەنم کە مامۆستا ئیحسان نوری ئاماژەی بۆ ئەو یارمەتییانەی شێخ ئەحمەدی بارزانی نەکردووە، کە کریس کۆچەرا لە کتێبەکەیا کەناوی (بزاڤی نەتەوەیی کورد)ە لێیەوە دواوەو دەڵێت شێخ ئەحمەد دووجار هەر جارەی (٣٠٠) چەکداری ناردووە بۆ یارمەتیدانی شۆڕشی ئارارات. مامۆستا کاوەش دەڵێت شێخ ئەحمەد (٥٠٠) چەکداری بۆ یارمەتیدانی شۆڕشی ئارارات رەوانەکردووە.

لە کۆتاییدا هەزاران سڵاو لە گیانی پاك و پڕ لە سۆزەکەی مامۆستا ئیحسان و هەموو شەهیدانی دیکەی رێگای ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانە بێنازەکەمان.

وریا قانیع

٢٠٠٠/٩/١٤

بیرەوەرییەکانی ئیحسان نوری پاشا

ئاگری، ئاگری، تۆ ئاگر بووی
لە ناو دنیا سەربڵند بووی
لەسەر کوردستان چرابووی
هەڵبە ئاگری، هەڵبە ئاگری

کورتە مێژوویەك:

لە دوای کڕنووشبردن لە بەرانبەر بارەگای تۆدا ئەی ئاگری، تۆ ئەی چیای بڵند کە هەمیشە زیارەتگای نەوە دلێرەکانت بووی. چین چینی سەهۆڵبەندانت وەکو لاپەڕەکانی مێژوو، بەسەریەکدا کەوتوون. لە بەرانبەری تۆدا کە رووداوە نادیارەکانی سەدەکانی مێژوو دەگێڕیتەوە، لە بەرانبەر تۆدا ئەی ئاگری کە ناوەکەت لە دێرینەی مێژووییت دەدوێت و پریسکەی گڕکانی تۆ کە سەردەمێك دەوروپشتت لە رووناکیی گەرموگوڕتا ڕاگرتبوو و ئێستاش لە دڵی نەوەکانتا ئاوازە خوانی دەکەیت، لەدوای کڕنووشبردن لە بەرانبەر پەیکەری بەهادارو بەڕێزتا، من کە یەکێکم لە بچووکترین نەوەکانی تۆ، دەمەوێت بە مۆڵەتی تۆ چەند لا پەڕەیەك لە مێژووی پڕلە شانازیت بنووسمەوە.

* * *

ئارارات ئەو چیا گەورەیە کە لە باکووری خۆرئاوای ئێراندا سەری لە ئاسمان دەسوێت، وەکو دیوارێکی بڵندو پایەدار هەمیشە ئەم وڵاتەی لە دەستدرێژیی بێگانان پاراستووە، تاکو ئێستا مۆڵەتی بە هیچ کەسێك نەداوە کە سەرکەوێتە سەر بەرزترین لووتکەکەی.

مەسیحییەکان دەڵێن کەشتییەکەی نوح لە سەر ئەم چیا گەورە نیشتووەتەوە. بەڵام قورئانی پیرۆز ئەم وتەیە بەر پەرچ دەداتەوە. شوێنی نیشتنەوەی کەشتییەکەی نوح بە چیای جوودی کە لە باشووری سنووری تورکیایە دەست نیشان دەکات. ئەم چیایە کە لە سەردەمێکدا کڕنووشگای زەردەشتییەکان بووە ئێستاش رۆگەی نەوەکانی واتە نیشتمانپەروەرەکانی ئێستایەتی. ناوی پڕ شانازیی (ئاگری) کە لە ئاگرەوە وەرگیراوە، وێڕای ئەوەی سالانێکی دووردرێژ واتە چەندین سەدە لە تەمەنی ئارارات تێپەڕیوە، وەفاداریی رۆڵە خاوێنەکانی نەوازشی دەکێشن و بەپێچەوانەی وتەی مێژوونووسانی عیبری-ئاشووری و یۆنانی ناوی ئاگری گەواهی دەدات کە هیچ کاتێك نەتەوەی کورد چیای ئاگری-ی فەرامۆش نەکردووە، بەفێرکردنی ناوی خۆی بە نەوەکانی خۆی ئەو پەیوەندییە پڕلە ئەوینەی هەمیشە پتەوتر کردووە.

سەلمان نەسرِی پاشای ئاشوور لە ساڵی (١٢٦٠) پێش زایینی ناوی ئاراراتی بردووە، بەڵام دەمرگانی مێژوونووسی ناسراو، بوونی دەوڵەتی بە هێزی ئاراراتی لە شوێنی ئاشکرای خۆیدا بە دوو هەزار ساڵ پێش زایینی داناوە. بە پێی بەراوردو لێکۆڵینەوە لە شوێنەوارەکانی ژێر زەوی کە لە شاری (وان)ی پایتەختی دەوڵەتی ئارارات و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری ئارارات دۆزراونەتەوە، لەگەڵ شوێنەوارێکدا کە لە ناوچەی دەریای رەشدا دۆزراوەتەوە، روونبووەتەوە کە دانیشتووانی ئەم دوو ناوچەیە. شارستانیەتێکی هاوبەشیان هەبووە و بەبۆچوون و ئیحتیمالێکی بەهێزەوە دەڵێین سنووری ئارارات تاکو دەریای رەش درێژبووەتەوە.

دانیشتووانی ئارارات تایبەتمەندیی رەگەزیی خۆیان لە دەست نەداوە. وەکو ئەو بەردە گەورانە کە لەنێو دۆڵە قووڵەکاندا هەڵکەوتوون و هێزو توانای لافاوە گەورەکان نەیانتوانیوە ئەوبەردانە لە شوێنی خۆیان ببزوێنێت لە بەرانبەری لافاوی هێرش بەرانەی نەتەوە ئاوەکییەکاندا خۆی ڕاگرتووە، هێزو قورسایی ئەو هێرشانە ورەی پێبەر نەداوەو لە ئەنجامدا بە هەمان سیمای سەرەتایی خۆیان دەرکەوتوون. بە ئەگەرێکی زۆرەوە خێڵی ئارارات یەکێکن لە خێڵە گەورەکانی گۆتی، ماوەیەك لە ژێر دەستەڵاتی خێڵە هاو نژادەکانی خۆیاندا وەکو(شۆبار)و نایرییەکان– دا بەسەریبردووە. لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی پێش زاینی گەیشتۆتە لووتکەی دەستەڵاتی خۆی. لە ساڵەکانی هەشت سەد تا هەشت سەدو بیست و پێنجی پێش زاینی پاشای ئارارات (منڤاش) کە هەمان منڤەش چنزا یا مەنوچیهری شانامەیە بەرەو باشوور هێرشی بردووە، بەر پەرچی ئاتور نازپرپال، سەلم نەسر (تورو سەلمی شانامە)ی پاشای ئاشووری داوەتەوە. لە باشووری خۆرئاوای دەریاچەی رەزائیە چەندین بەردی نووسراوی بە یادگاری بۆ بەجێهێشتووین. عبرییەکان ناویان لەم دەوڵەتە ناوە ئارارات و ئاشوورییەکان بە ئۆرارتوو، مێژوونووسی ناسراوی یۆنانی هەرۆدۆت، بە (ئالاپود) ناوی بردووە.

هەرۆدۆت دەڵێت: ((لە دەوروبەری چیای ئارارات هۆزی ئالاپود، هالدییان دەپەرست))، بێگومان هەر لەبەر ئەوە بەم خێڵەیان وتووە (خالدی یاهالدی). مایەر (ئاراس)ی ناوەندی بەنیشتمانی ئەم نەتەوەیە داناوە. شوێنی ناو براو شوێنی نیشتەجێبوونی خێڵێکی مادەکان بووە بەناوی (ئارزنت). بوونی ناوچەیەك بە ناوی (خالدیا)

لە نزیك ترابوزان لە سەردەمی ئیمپراتوریەتی رۆمی خۆرھەلاتدا لەوەدەچێت لایەنگری ئەو بۆچوونە بکات کە سنووری ئارارات تاکو دەریای رەش درێژ بووبێتەوە.

لەوەدەچێت بە دروستبوونی دەولەتی گەورەی ماد لە ژێر سەرکردایەتیی هۆخشتەر شادا هۆزی هالدی–ی خستبێتە ژێر دەستەلاتی خۆیەوە و ملکەچی کردبن و بناغەی دەولەتی ئێتینی ئاراراتی لەرزۆك کردبێت. هەرچەندە ئەم پاشایە سنووری دەولەتی مادی تا قزل ئێرمەق (رووباری هالیس) درێژکردەوەو دەولەتە دراوسێکانی ترساند، بەلام کورەکەی کەناوی (ئیختووڤیگو) (کەیکاوس) بوو لێوەشاوەیی باوکی نەبوو، بە زوویی ئەم ناوچەیەی لە دەست دا.

هەندێ جار پاشاکانی ئاراراتی لە خانەدانی مانائی بوون کە لەباشووری خۆرئاوای رەزائیە– دا فەرمانرەواییان دەکرد. ئەم کارەش بە نۆرەی خۆی بە بەلگەی هاورەگەزبوونی ئەم دوو هۆزە دادەنێت. لە سالی (٦٠٠) پ.ز لەبەرئەوەی ئاراراتی دەولەتی سەربەخۆی نەبوو کەوتە بەر هێرش و پەلاماری ئەرمەنییەکانەوە.

هەرۆدۆت دەلێت: بەرزیی پلەی شارستانیەتی ئاراراتییەکان وای لە ئەرمەنییەکان کرد کە ئاینی ئەوان قبوول بکەن و ئەم ناوچەیە کە بە بۆنەی هالدییەکانەوە(هایستان)یان پێدەوت، لە دوایدا دایانەوە پال خۆیان، خۆیان ناو نا هالدی یان هایق. هاودینی و هاورەگەزیی ئەم دوو هۆزە، بوو بە هۆی ئەوەی یەکێتی نێوانیان مسۆگەر بکات. لەمە بە دواوە هیچ رێگرییەك لەوە نەدەکرا کە ئەم چیا پیرۆزە نێچیرگای پاشاکان و جێگای رمبازیی سەردارانی ئەرمەنی بێت.

لـه دواییـدا دەرکـەوت نـاوی خێڵـە جۆربـەجۆرەکانی ئـارارات: کورتی، مارد، ئەمرد—لە مێژووەکانی ئەرمەنیدا بە مار تۆمار کراوە— بـوون کـە هـەر یـەکێکیان بەشـێك بـوون لـە خێڵـەکانی گۆتـی: ئـەم تایەفانە نەك تەنها لە خاکی ئاراراتدا— بە گەواهیدانی (ئەسترابۆن) و مێژوونووسانی دیکـە— بـەڵکو لـە تـەواوی خـاکی مادسـتان، فـارس، ئازربایجان و مازەندەران، هەر بەم ناوانەوە دەژییان. لە دواییـدا بـە پـەیدابوونی ئـایینی مەسـیحی ئەرمەنییـەکان و ئاراراتییـەکان بەخواست و زۆرەملێ ئەو ئایینەیان پەسەندکرد.

لە ساڵی (٢٧٩) ی زاینیدا. (ترتـاب)ی پاشای ئەرمـەنی ئـایینی مەسیحی قبووڵکـرد، لەدەوروبـەری مووشـدا سـەد هـەزار کەسـی لـە پیاوانی ئایینی هالدی کوشت و بەزۆر دانیشتووانی کرد بە مەسیحی. لە دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ژمارەیەکی زۆری ئاراراتییەکان لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی دیکەی خۆیاندا، واتە کوردەکانی باشـوور بـە چـاو لێکـەری، ئـایینی ئیسـلامیان قبووڵکـرد. لـە هـەمانکاتدا ژمارەیەکیان لەسەر ئـایینی مەسـیحی—ی خۆیـان مانـەوە. تەنانـەت لەم دواییانەشدا لە نێو کوردەکاندا چەندین بنەماڵە بەرچاو دەکـەون کە هێشتا بەشـێك لـە شـوێنەواری ئـایینی مەسـیحی لـە رەفتاریـاندا بـەکاردەهێنن، هـەروەها لـەناو ئەرمەنییەکانیشدا مەسیحییان تێـدا ماوەتەوە کە زمانی ئەرمەنی نازانن و بە زمانی کوردی دەدوێن. ئـەم دوو کۆمەڵـە لـە پاشمـاوەی هالدییـەکانن کـە ئـایینی مەسـیحییان قبووڵکردبوو، دەستەی یەکەمیان لە دواییدا موسوڵمان بـوون، بـەڵام دەستەی دووهەمیان لەسەر ئایینی مەسیحی—ی خۆیان مانەوە.

با واز لەم بابەتە بێنین. جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، ئەم دوو هاو نیشتمانییەی بەردایە گیانی یەکتری. کاتێك ئایینی ئیسلام لەخۆرهەلاتدا گەشەی کردو، دەستەلاتی بەدەستهێنا کەم کەم کوردەکانی ئارارات هاتنە سەر کار. لەوانەش خانەدانی شەدادی کە سەر بە خێلی روادی بوون کە لە دەوروبەری شاری (دیوین)ی پایتەختی دێرینی ئەرمەنستان و لە نزیکی چیای ئارارات نیشتەجێبوون. لە سەرەتاوە لە (گەنجە)و قەفقاز سەلتەنەتیان بە دەست هێنابوو. لە دواییدا دەستیان بە سەر ئەرمەنستانیشدا گرت. بەم شێوەیە ئارارات دووبارە کەوتەوە ژێر دەستەلاتی نەوە رەسەنەکانی خۆی.

لە دەوروبەری سەدەی پێنجەمی کۆچیدا بوو، کە یەکێتیی (کورد–ئەرمەنی) لە بەرانبەر هۆزە تالانکەرەکانی تورك ئەنجام درا. خێلە تورکەکان دەستی تالان و فەرهوودیان تا نزیکی (ئانی)درێژکردبوو. پاشای کورد مەنوچیهر، کورتکردنەوەی دەستی تورکەکانی بە پێویست زانی. مەسەلەی هاودینی نابە لاوە، دەستی دایە شمشێر.

کریکۆری کوڕی (وهاك) کە گەورە ترین و دەستەلات دارترین کەسایەتییەکانی ئەرمەنی بوو، هات بۆ یارمەتیدانی هێزی کورد. چەند سالێکیش دوای ئەوە کە ئەرمەنستان کەوتە بەر هێرش و پەلاماری تورك، مەنوچیهری کوردیش هێزی کوردی نارد بۆ یارمەتیدانی ئەرمەنییەکان.

لە ئەنجامداو لە دوای ئەوە کە حکومەتەکانی خودموختاری لەناوچوون، سەردارانی کورد لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان.

نفـــوزی مەعنـــەویی خەلیفـــەكانی عوسمانییـــان بەدۆســـتایەتی و وەفاداری راگرتبوو و بەم شێوەیە ئاسایشـی ئەو ناوچەیە مسۆگەر بووبوو و كوردەكان تارادەیەك وازیان لـە داواكاریی ئازادیی خۆیان هێنـا، بـەلاّم دووبـارە جارجـارێك لـە گۆشـەو كـەناری هەرێمەكـەدا نەغمەی ئازادی خوازان بەرز دەبووەوە، بەلاّم لەدوای چەند رۆژێك خامۆش دەبووەوە.

دانیشـتووانی ئـەم چیایـە پابـەندی ئـاوو خـاكی خۆیـانبوون. بـە دەمارگیرییـەكی هـاورێك لەگـەڵ نائومێدییـەوە شـیعری شـاعیری نەتەوەیی خۆیان (ئەحمەدی خـانی)كە نزیكـەی (٣٠٠) سـاڵ لـەوەو پێش هۆنیبوویەوە. لەبەر خۆیانەوە دەیانخوێندەوە ئەیان وت:

((ساقی تو ژبۆ خدی كەرمكە یك جرعە مەی دەجـام جەمكـە))

((داجام بەمەی جهان نمابیت هەرچەمە ئیرادەتی خودا بیـت))

((داكشف بێت لەبەرمـە ئـەحواڵ كسـانی دبـتن میسرئەقباڵ))

((ادبارمەوی گـها كـــمالـــی ئایـــا بـــوەقـــابل زوالی))

((یاهروهـادی لــە اســتوابت حتــی وكــو دور منتــها بیـــت))

((قـەت ممكن ەتـەرژچرخ لولـب تـالع ببــتن ژبۆمــە كوكـب))

((بختە مە ژی بو مەرابیت یار جـارك ببـتن ژخـواب هشـــیار))

((رابت ژمە ژی جهان پناهەك پیدا ببـتن مـە پادشـاهــەك))

(لە كتێبە كەدا تەنها ئەم پێنج دێڕەی لێكدراوەتەوە).

لە دوای چـەندین سـەدە ئـارارات بـووە جیاكـەرەوەی سـنووری ئێران–رووس و عوسمانی. هەروەها بوو بە هێڵێكی راست لـە نێـوان ئاگری گەورەو سنووری رووس و عوسمانی لە ساڵی (١٩١٤) لەنێوان

رووس و عوسمـانیدا جـەنگ روویـدا، هێزەکـانی عوسمـانی لـــە دوای چەند شەڕێکی خوێناویدا هەلاّتن. دانیشتووانی دلـێری ئـارارات ئیـتر توانــای قبوولّکردنـــی ئـــەوەیان نـــەبوو کەلەمـــە زیـــاتر خـــاکی نیشتمانەکەیان ئەم دەست و ئەو دەست بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئامـادە نـەبوون دۆستـایەتی و وەفادارییـان بـۆ خەلافـەت، بکەوێتـە بـەرگومان و دوو دڵییـەوە. لـەم رووەوە دەسـتیان بـۆ چـەك بـرد و بەسـەرۆکایەتیی (گـور حەسـۆ)و(بـرو حسـکی=ئیـبراهیم حسـکی) دەستیان بە پاراسـتن و پاسـەوانیی خـاکی نیشـتمان کـرد. چـەندین جەنگی دلێرانەیان کرد و نەیانهێشت رووسە قەیسەرییەکان پێ بنێنە نـاو خـاکی ئاراراتـــەوە. رووســـەکانیش لەبەرانبـــەر ئـــەم دلاوەری و مەردایەتییەدا بێ هەوڵدان ئاراراتیان بەسەر جەنگاوەرەکانیدا بـەجێ هێشت و بەرەو ناو خاکی عوسمانی درێژەیان بەرۆیشتن دا.

پـارێزەرانی ئـارارات گـەلێك جـار سـنووری خۆشـیان دەبـەزاند و هێرش و پەلاماری دلێرانەیان بۆ سەر هێڵی پەیوەندی نێـوان خۆیـان و رووسەکان دەبرد. لە یە کێك لە جەنگەکاندا گور حەسـۆ سـەرۆکی جەنگاوەرانی ئارارات هاوکات لەگەڵ پەلاماری شـەمەندەفەرو رێگـای ئاسـنی نێـوان مـاکو-بایـەزید کەسـەربازی چـەکداری دەگوازتـــەوە، کوژرا.

دوای کوژرانـی گـــور حەســـۆ، بـــرو حســـکی، بـــە ئازایەتییـــەکی جوامێرانە تا کۆتـایی جەنگەکـە نەیهێشـت دوژمنـان پـێ بنێنـە نێـو خاکی ئارارات، لەکاتێکدا کە هێزەکانی رووس لە شـاری بەدلیسـیش تێپەڕیبوون.

ئارارات وەکــو دوورگەیــەك لــە ناوەڕاســتی دەریایــەك دوژمــن مابووەوە. شەپۆلی هێرشەکانی بەرەو دوا دە کشاندەوەو نیشــتمانی خۆیان لە هەموو بەلایەك دەپاراست.

شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەر بــوو بــە هــۆی ئــەوەی کــە هێزەکــانی رووس شوێنە داگیرکراوەکانی دەرەوەی سنووری خۆیان چۆلْ بکەن و بگەڕێنەوە. هێزەکانی ئەرمەنی لە ژێر ســەرکردایەتیی (ئــەنترانیك) پاشا، قارەمانی نەتەوەیی خۆیان پاراســتنی ناوچــە داگیرکراوەکــانی عوسمانییان لە ئەستۆ گرت، بەلام دەشیانزانی بەو رێکخستنە پڕ لــە کەموکورتییــەی خۆیــان نــاتوانن لــە بەرانبــەر لەشــکری عوسمــانیدا خۆیان رابگرن.

کوردەکانی ئاراراتیش لەم کاتەدا بــە ســەرۆکایەتیی بــرو حســکی بێ ئــەوەی چــاوەڕوانی هــاتنی لەشــکری عوسمــانی بــن، هــێرش و پــەلامارەکانی یــەك لــەدوای یــەکی خۆیــان لــە دژی شــاری بایــەزید دەســتپێکردبوو. ئارامگــای ئەحمــەدی خــانیی شــاعیری گــەورەی کوردیــان لــە داگیرکــەران وەرگرتبــووەوە. بــەلام چــەند رۆژێــك دوای ئەوە، ناچار ئەو شوێنەیان دایەوە بە لە شکری عوسمانی.

لە سالْی (١٩٢٠) چیای ئــاگری بــووە خــالْێکی دیکــەی ســەرەتای هێرشــی تورکــەکان بــۆ ســەر حکوومــەتی تــازە پێکەیشــتووی ئەرمەنستان. کوردەکانی دەوروبەری ئــاگری لــە ژێــر ســەرکردایەتیی لەشــکری (١١)ی تــورك شــارەکانی ئیغدیــر و قلبیــان داگــیرکردو گەیشــتنە رووبــاری ئــاراس. لەبــەرەکانی قاغزمــان و قارسیشــــدا کوردەکان زۆربەی لەشکری تورکییان پێکهێنابوو. لە سایەی دلــێری و خۆبەختکردنیان توانییــان ئــالای عوسمــانی لــە دەوروبــەری ســالْی

(١٨٧٧) زایینی—دا بگەیەننە سەر سنووری نێوان رووس و عوسمانی و لــەوێش تێپــەڕین. ئاشــکرایە کــورد لــە بەرانبــەر ئــەم هــەموو خۆبەختکردنانــەدا چاوەڕوانی دەولّـەتی عوسمـانی بـوون. (!) کــە دەولّەتی عوسمانی پاداشتی خزمــەت و خۆبـەختکردنی کوردانــی بـە کوشـتنی هــەندێك لەســەرکردەکانی جــەنگاوەرانی کــورد وەلاّمــی دایەوە. یەکەم کەسێك کەلــە ریـزی دوورخراوەکـاندابوو بـرو حسـکی بوو، کە لە هیچ جۆرە خزمەتێکی راستگۆیانە پێدزکێی نەکردبوو. .

* * *

(ئیبراهیم ئاغا) کە لە لای کوردەکان بە ناوی برو حسـکی تـەللو ناسرابوو، لە بنەماڵەی حسە سووری و خێڵی جەلالی بــوو لــە رۆژانــی جــەنگی یەکــەمی جیــهانیدا لەگــەڵ (گۆرحەســـۆکوت) و هـــاوڕێ چەکدارەکانی لە ناو چەی ئاگری دەژیان. ئەمانە توانییان لــە هاتنە ژوورەوەی سوپای رووســیای قەیســەری بـۆ ناوچـەی چیـای ئـاگری، بەرگری بکەن. لەوە بە دواوە بـرو حسـکی تـەللو ئامـادە بـوو کەلـە بەرانبەر دابین کردنی ئازووقە پەیمان بە رووسەکان بدات، لەپشتەوە پــەلاماری هێزەکانیــان نــەدات کەلــە قەلّـەمڕەوی عوســمـــانیدابوون و خەریکی ئەنجامدانی ئەرکی سەربازی بوون.

لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەساڵی (١٩١٧) رووسەکان بــە پەلــەو لــە دوای ئــەوانیش ئەرمەنییــەکانیش قەلّـەمڕەوی عوسمانییــەکانیان چۆڵکردو بەجێیان هێشت. ئەندامانی دەستەکانی برو حسکی تەللو و گور حسۆ کوت پەلاماری ئەرمەنییەکانیان دا. گــور حسـۆ کـوت لـەم رووبەڕووبوونەوانەو لە جەنگێکدا کوژرا. برو حسکی تەللو درێژەی بە بــەرگری کـردن دا. شـاری بایــەزیدی لــە ئەرمەنییــەکان ســەندەوە.

لەدوای چەند رۆژێك بـە هـاتنی هێزەکـانی عوسمـانی شـارەکەی پـێ سپاردنەوە. برو حسکی تەللو داوای خوشکی محەمـەد ئەفـەندی–ی فەرماندەی بایەزیدی کـردو مـارەیکرد. نـاو بـراو لـە شـاری بایـەزید خانوویەکی دروستکرد و دەستی کرد بە کاسبی.

حسکی تـەللو نـەك تەنـها لـە شۆڕشـێك کەبـە ڕابەرایـەتیی شـێخ سەعیدی گەورە (پیران) بەڕێوە دەچوو، بە شداری نەکردبوو. بەڵکو لەکاتی تێکچوونی شۆڕش بەهاوکاریی خێڵەکانی جەلالی و حەیدەری، بەفەرمانی دەوڵـەتی تورکیـە، سـنوورەکانی ئـێران و تورکیـەیان لـە رووی شۆڕشگێڕەکاندا، کە لەو کاتەدا خەریکی هـەڵاتنبوون بۆئـێران گرتبوو. کوڕی شـێخ سـەعید، عـەلی ڕەزاو خـالید بـەگی حسـەینیش لەناو هەڵاتووەکاندا بوون. لەکۆتایی شۆڕشی شێخ سەعید، دەوڵەتی تورك بەرنامەیەکی بۆ دوور خستنەوەی هەموو سەرۆکە کوردەکان و ماڵ و منداڵیان بۆ خۆرهەڵاتی ئاناتۆلی داڕشت.

ئالەم کاتەدا دۆستانی برو حسکی تەللو ئەویان ئاگادار کردەوە، کە بڕیار دراوە ئـەویش دوور بخرێتـەوە. ئەمـەش وەڵامـی ئـەو بـوو. (باوەڕناکـەم لـە دوای ئـەو هـەموو خزمەتـە گەورەیـە کەپێشکەشـی دەوڵەتی تورکم کردووە، ئیتر نازانم دەوڵەتی تورك چ رەخنەیەکیلـە من هەیە). وادێتە بەرچاو کە برو حسکی تەللو نەیدەزانی کـە لـەلای دەوڵـەتی تـورك کـورد هـەر کـوردە. ئیـتر چ خزمـەتگوزار بێـت و چ غەیری خزمەتگوزار.

لە یەکێك لە رۆژەکانی کۆتایی زستانی ساڵی (١٩٢٥) زایینی، لـە کاتێکدا کە ژن و منداڵەکانی برو حسکی تـەللو، لـە مـاڵی خۆیـان لـە دێی (چفتلیك Jefttlek) لە بنـاری چیـای ئـاگری. کـە تـازە لـە خـەو

هەستابوون و خەریکی نان خواردنی بەیانی بوون، لەپڕێکا کۆمەڵێك سەربازی سوارەی تورك، كە بە شوێن برو حسكی تەللودا دەگەڕان لە ئاواییدا دەرکەوتن. ئالەو کاتەدا بوو یەکێك لە پیاوەکانی برو حسکی تەللو کە وای‌دەزانی ئەم سوارانە بۆ رفاندنی ئەسپی ئاغاکەی هاتوون بە پەلە سواری ئەسپەکە بوو، بەچابووکی بەرەو دێی کوردئاوا هەڵات و دایە غار. سوارەکانی تورك وایان زانی کەئەمە برو حسکی تەللویە هەڵدێت و چەند سوارێکیان دوای کەوتن لەو کاتەدا برو حسکی تەللو لە بایەزید خەریکی نان خواردنی بەیانی بوو. ئەو خۆی بەم شێوەیە بەسەر هاتە کەی بۆ گێڕامەوە: (خەریك بووم لە نان خواردن دەبوومەوە، کە ئێلیخانی کوڕم بە تاوو بە عارەق رشتنەوە لە چفتلیکەوە گەیشتە لام، وتی کۆمەڵێك لە سوارە تورکەکان هاتنە ناو دێ و هاتنە ماڵەوەمان و هەواڵی تۆیان پرسی و بە شوێنتا دەگەڕێن. بە پەلە هاتم بۆ ئێرە تاکو ئاگادارت بکەمەوە. لە دڵەوە خوای گەورە،من لە شارو لە ناوەڕاستی حکوومەتی تورکدام و ئەوان لەدێدا بەشوێنما دەگەڕێن. بە کوڕەکەم وت زوو بگەڕێرەوە و پێیان بڵێ باوکم بۆ قزلدیزە چووە منیش ئێستا لە رێگەی کوتیسەوە ئەڕۆم بۆ چفتلیك و پێویستیم بە تفەنگ و فیشەکەکانمە. دوای رۆیشتنی کوڕەکەم بەپەلە جلەکانم لەبەر کرد. بەرەو شار رۆیشتم. رووم کردە کەعبەو دەستی دووعاو پاڕانەوەم بەرزکردەوە: ئەی خوا. تۆ دەزانی کە چەندە خزمەتی دەوڵەتی تورکم کردووە. هیچ کاتێك لە دژی دەوڵەت کارێکی دوژمنانەم نەکردووە و ئێستاش تورکەکان دەیانەوێت دوورم بخەنەوە. بهێڵە با تفەنگەکەم هەڵبگرم و بەرەو چارەنووسی خۆم بکەومە ڕێ. هەر

بڕیارێکت داوە ئەنجامی بدە. کەوتمە ڕێ و لە کەناری ڕووبارێك مێگەلەکەی خۆمم بینی کە لە لەوەڕگایەکدا بەکاوەخۆ دەلەوەڕا داوام لە شوانە کەم کرد کە تفەنگەکەم بۆ بهێنێت. پێیان گوتم کە سوارە تورکەکان گەڕاونەتەوە بایەزید، بەڵام یەکێکیان کە بریندار بوو لە ماڵی منیان بەجێ هێشتبوو. بۆ بینینی برینداره‌کە چوومە ناو دێ. داوام لە دوو کەسی کورد کرد کە تاکو بایەزید لەگەڵی بچن).

لە یەکێك لە ڕۆژەکانی کۆتایی زستاندا بوو. چیای ئاگری کراسە سپییەکەی لەبەر کردبوو. دەتوت کفنی ئەو ژن و منداڵانەیە کە لە بیاباندا سینگی زیوینیان بە نووکی نێزە شەق کراوە. لاشەی زیوینیان ببووە خۆراکی دڕندەو باڵندەکان.. کە لەخۆی کۆکردبوونەوە و ئەویش لە ژوور هەورە کەڵەکەبووە خۆڵە مێشییەکانەوە تەماشای کوشتارایەکی خوێناویی دووری دەکردو فرمێسکە سپییە درشتەکانی بەسەر زەویدا دەڕژاندن. هاوارە ترسناك و ناڕێکوپێکەکانی. کە لە بەریەککەوتنی بایە توندەکان بە دیواری درزە قووڵ و ترسێنەرەکاندا لە دایك دەبوون و لە گەرووی گێراویەوە دەهاتنە دەرەوە. نەفرەتی لە چەرخی گەردوون دەکرد و جوێنی دەدان.

ئەو ڕۆژانەی دەهێناوە یادی خۆی کە لەتاو توندیی ڕق و قینەوە ئاگری لە دەم دەردەپەڕی، پەیکەری ترسێنەری چیاو دەشتەکانی دەهێنایە لەرزین.

ئاگر دەڕژاندە سەر سەران	ڕووناهی دەرشاندە هەر دەران
ئەردی (أرضی را) دەهەژاند جار جاران	هەڵبە ئاگری هەڵبە ئاگری

مانای شیعره كان:

ئاگری له سه‌ریه‌وه ده‌پژانـــــــد   رووناكی به هه‌موو شوێنێكده‌به‌خشی
جار جارێك ته‌كانی به زه‌وی ده‌دا   هـــــه‌ڵـــبه ئاگری هـه‌ڵبه‌ئاگـــــری

(له مارشی نه‌ته‌وه‌یی ئاراراته‌وه)

جارێكیـان ده‌نگی چـه‌ند ته‌قـه‌ی تفـه‌نگێك ئـاڵو گۆڕكـران چـه‌ند سوارێكی عه‌سكه‌ری تورك كه بۆ گرتنی برو حسكی خزمـه‌تگوزاری ده‌وڵه‌ت(!) هاتبوونه دێی چفتلیك، چونكه به‌رده‌ستیان نه‌كـه‌وتبوو. به شـوێن ده‌ستوپێوه‌نده‌كانیا ده‌گـه‌ڕان و بـۆ ترسـاندنی خـه‌ڵكیش چـه‌ند ته‌قه‌یـه‌كیان كـرد. ئاراراتییـه‌كان عاده‌تیـان نـه‌بوو، به‌رانبـه‌ر ته‌قه‌ی نه‌یارانیان بێده‌نگ بن و وه‌ڵامی نه‌ده‌نه‌وه. یه‌كه‌مین قوربـانی شه‌ڕ خوێناوییه‌كانی دوایـی سنوور به‌زێنـه‌كان پێشكه‌شـی باره‌گـای چیای ئاگری، یانكرد. توركه‌كان له‌وه بێ ئاگابوون كه له ئه‌شـكه‌وته قووڵ و شێداره‌كاندا، له درزه تاریك و ترسـێنه‌ره‌كانه‌وه، لـه پشـتی پارچـه سـه‌هۆڵبه‌ندانه‌كانه‌وه، چ گـورگ و شـێرو چ بـه‌وری پلنگێـك خه‌وتوون و بێداركردنه‌وه‌شیان تا چ ئه‌ندازه‌یه‌ك مه‌ترسیداره.

چیای ئاگری به تافی لاویدا تێپه‌ڕیبوو، وه‌كو ئه‌سپه ره‌سـه‌نه‌كان و به چالاكییه‌كی كه‌م وێنه‌وه كـه بـه ده‌نگی تـه‌پڵ ده‌كه‌ونـه سـه‌ما كـردن و واده‌زانـن بـۆ غـه‌زا ده‌چـن. ئـه‌م چیـا به‌سـاڵاچووه، بـه‌ڵكو ته‌مه‌ن سه‌ده‌ها سـاڵه راوه‌ستاو بێده‌نـگ لـه‌ماوه‌ی چـه‌ند رۆژێكـدا، داوێنی كراسه سپییه‌كه‌ی به‌رزكرده‌وه له باوه‌شی دایكییاو خۆیا. بۆ بـه‌خێرهاتنی شۆڕشـگێڕانی گـــه‌وره‌و بێبـــاك، چـــه‌ندین شـــوێنی رازاندبوونـه‌وه. ئـه‌و ئیـتر غـه‌مگین نـه‌بوو چونكـه ده‌یزانـــی تۆڵـه‌ی

نەوەکانی دەسێنرێتەوە. وەکو خەنجەرێك کە بە سینگی دوژمندا چەقیبێت راست راوەستاو گوێی هەڵخست بۆ ئاوازی شۆڕشگێڕە کوردەکان کە (مارشی میللی ئاراراتیان) دەچڕی ورەو گەورەیی خۆی دوو قات دەهاتەوە بەرچاوی.

دێهاتەکانی دامێنی چیاکە چۆڵ کران. دانیشتووانەکانیشیان لە ئامێزی پڕ لە خۆشەویستیی بەرزاییەکانی چیای ئاگریدا نیشتەجێ بوون. فەرماندەی شاری بایەزید بۆ دەستگیرکردنی برو حسکی دەستی بە فێڵ و تەڵەکەبازی کرد؛ چونکە لە رێگەی وتووێژەوە هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەهێنا. سەربازە تورکەکانیان ناردن و لە بەردەم ئاراراتدا، لەشکریان خست. سەربازگەیان دروستکرد. برو حسکی و سوارە کەمەکانی لە رێگای دوژمندا خۆیان لە مەکۆ نابوو؟ بێ ئاگابوون لەوە کەدوژمن سوود لە تاریکیی شەو، وەردەگرێت. سەربازەکانی تورك شەو لە ئۆردوگاکەیان هاتبوونە دەرەوەو بەپەلە ئەو بەرزاییانەی کە بەسەر شوێنی دانیشتنی پەنابەرەکاندا ئەیانڕوانی، داگیرکردن و لەکاتێکدا کە چراکانی ئۆردوگای چۆڵ و بێ سەرباز هەموویان داگیرسابوون.

هەوا کەم کەم رووناك بووەوە، رووناکیی رۆژو دەنگی تفەنگی دوژمن برو حسکی لەو هەڵەو مەترسییە گەورەیەی کە هاتووتە پێش ئاگادار کردەوە. بەو هێزە کەمەی خۆیەوە، کە بریتیبوون لە دوو براو دوو برازا، دووکوڕ، چەند ئامۆزایەك و چەند خێزانێکی حسە سووری، دەستەی مووسابرکی ساکان و مەحوی بەکرو چەند جەنگاوەرێکی کەسکۆیی رووبەڕووی دوژمن بووەوە.

جەنگ دەستی پێکرد. گرمەی تۆپ و ڕەشاشەکان لە دۆڵ و ئەشکەوتە کانی چیای ئاگریدا، دەنگی دەدایەوە و تا دەهات بە هێزترو ترسێنەرتر دەبوو. ئاگری مەرگی ئەحمەد ئاغای، برای ئازاو دلێری برو حسکی و برای مەحوی بەکری بینی هەروەها برو حسکیش زامداربوو، بەڵام هێزی دوژمن لە بەرانبەر کوڕانی ئازای ئاراراتدا، توانای خۆ ڕاگرتنیان نەبوو. چیای ئاگری، بە چاوی خۆی بینی،کە لە بەرانبەر گەورەیی و ئازایەتیی کوڕەکانیا دوژمن چۆکی دادا. چەك و تەقەمەنییەکانی خۆیان دابەدەستەوە. دووبارە ئاگری بینی کە کوڕە ئازاکانی دوژمنیان تێکشکان و دیلەکانیشیان بەرەڵا کردن، تاکو بە هاوڕێکانیان ڕاگەیەنن: کە کوڕانی ئاگری ئازا. . . . شێرکوژ . . . و جوامێرن. . . . دوژمنی بەهێز زەبوون دەکەن، ئەی کوژن، بەڵام لە دیلەکان خۆش دەبن.

پارێزەرانی ئارارات بۆ یەکەمجار لە بەرانبەر دوژمنی بە هێزیاندا سەریان بڵند کردەوە و چێژی سەرکەوتنیان چەشت. شۆڕشگێڕەکان نەیاندەزانی ئەو تۆپانەی کە لەو جەنگەدا بەدەسکەوت دەستیان کەوتبوو، بەکاریان بهێنن چونکە هیچ کەسێکیان شێوەی بەکارهێنانی تۆپەکانی نەدەزانی. لە ئەنجامدا چەکە قورسەکانی دوژمنیان لە گۆشەو کەنارەکانی چیای ئاراراتدا شاردەوە.

ئەم بەشە گەورەیە بۆ ئەم چیا گەورەیە.

فەرماندەی تورکەکان بۆ پاساودانی نەنگ و شەرمەزاری تێکشکانەکەی. بە هۆی دانیشتووانی باکووری ئاراراتەوە کە هێشتا لە ژێر دەستەڵاتی تورکیەدا بوون،لە شوێنی شاردنەوەی تۆپەکان ئاگادار بوون، بە شەو هێرشێکیان هێناو کۆمەڵێك ئاژەڵ و، چەند

دەوارێك و ئەو تۆپانەش کە بەبێ خـاوەن فرێدرابوون بـە دەسـتیان هێنـاو بردیانــەوە. پــارێزەرانی ئــارارات، چونکــــە درەنــــگ لـــەم شەوڕەوییەی دوژمن ئاگاداربوون. نەیانتوانی تالأنەکان وەربگرنــەوە. جەنگێکی گرنگیش رووی نەدا.

شۆڕشگێڕانی ئارارات زستانی ساڵی (١٩٢٦) یـان لـە دێهاتـەکانی سەرسینگی چیای ئارارات بە ئیسـراحەت بەسەربرد. لـەم کەژەیـەدا بوو شەمکی کە یەکێك بوو لە شۆڕشگێڕە خۆبەختکـەرانی نەتـەوەی کــورد، کــە بــەهۆی هەسـتی گیانبــازی و فــام و شــعوورو زات و هەیبەتیەوە، لە نێو هەموو هاورێکانیا ناوو ناوبانگ و سـەرکەوتنێکی تایبەتی بۆ خۆی بە دەست هێنابوو، لەگەڵ براکەیدا کـەناوی چرخـە بووهات ئارارات. بەهاری ساڵی (١٩٢٧) هاتە پێشەوە. ئارارات وەکو دایکێك کەمنداڵە بێ باوکەکانی خۆی بـۆ پاراسـتن لـە بـەڵای رۆژگـار لەسـەر سـینگی گــەرموگوڕی خــۆی هەڵدەســوی، بــەرگی ســەوزو گەشــاوەی لەبــەر کردبــوو، دلاوەرەکانیشــی لــە ئــامێزی پــڕ لــە خۆشەویستیی خۆی راگرتبوون.

شێخ عەبدولقادر کە یـەکێك بـوو لـە سـەرۆکە هەییـەت دارەکـانی خێڵی ساکان، لەدامێنی باشووری خۆرئاوای ئارارات نیشتەجێبوو لـە لایەنی دەوڵەتەوە گیرابوو دوور خرابووەوە، بۆ خۆرئـاوای ئاناتۆڵی. لەگەڵ ساڵحی برایا لە ئۆردوگای دوور خراوەکانەوە هەلاتن و خۆیـان گـەیاندەوە ئـارارات. ژمارەیـەك لـە خێڵـەکانی دانیشـتووی ئـارارات پـەیوەندییان پێوەکـرد. هـەوا گـەرم بـوو. چیاکـان دەیـانتوانی بـە خێرهاتنی میوانەکانیان بکەن. نۆرەی پەلامارو هێرشی ئاراراتییەکان هات.

ڕۆژێکیان بەیانی زوو، دانیشتووانی شاری بایەزید بە دەنگی تفەنگ و قریشکەی گوللەی ئاراراتییەکان لە خەوی ناز بەخەبەرهاتن. بەپێی وتەی تورکەکان، (قاچاخچییەکان) پەلاماری شاریان دابوو. تاکو ئێوارە جەنگ بەردەوام بوو، بەڵام نەیانتوانی شارەکە رزگارکەن. ناچار بەرەو پەناگاکانی خۆیان گەڕانەوە. ئەم ڕووداوە دەوڵەتی بێدارکردەوەو هێنایەوە سەرخۆ و گرنگیی ئاراراتییەکانی باشتر روونکردەوە. بۆیە دەوڵەت بڕیاری دا، بە هەر نرخێك بێت کۆتایی بەم جۆرە ڕووداوانە بهێنێت.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی (١٩٢٧) دا بوو، لەشکرێکی تورك نێردرا کە کۆتایی بە جموجووڵی ئاراراتییەکان بهێنێت. ئەم لە شکرە لە هەموو لایەکەوە پەلاماری ئاراراتیدا هێزی تورك خاڵە بەرزاییەکانی ئاراراتی داگیر کرد، لەسەر لووتکەی بڵندی ئاگری (لە نێوان ئاگری گەورە و ئاگری بچووکدا) چادریان هەڵدا. ئاراراتییەکان پاڵیان بەسنووری ئێرانی بێلایەنەوە داو بەریان بە دوژمن گرت. بەشێك لە جەنگاوەرەکان بە سوود وەرگرتن لە باری جۆگرافیایی خۆیان گەیاندە پشتی هێزەکانی دوژمن، دەستیان بە جەنگ و هەڵاتن (پارتیزانی) کرد. نزیکەی بیست ڕۆژێك بەم شێوەی لێدان و هەڵاتنە هێزی دوژمنیان ماندووکرد. بە شێك لە هێزی تورك کە لە باشوورەوە هاتبووە ناو سنووری ئاراراتەوە و پێش ڕەوییەکیان بە دەست هێنابوو. ناچار کران بگەڕێنەوە بۆ کۆنە مۆڵگەکانیان. لەم ماوەیەدا ژمارەیەك لە لاوانی کورد بۆ یارمەتیدانی شۆڕشگێڕەکان خۆیان گەیاندە برا ئاراراتییەکانیان.

له دوای پاشەکشێی دوژمن واته هێزەکانی لای باشوور، نۆرەی سەربازە پیادەکان هات کە لەسەر بەرزاییەکانی باکوور سەنگەریان گرتبوو. هێزەکانی تورك لەم ناوچەیەدا دەستیان بەهێرشی دڕندانە کرد– بەو هیوایە کە تۆڵەی پاشەکشێکەی باشووریان بکەنەوە، پێیان بگەنەوە– بۆ بەدەست هێنانی ئەم نەخشیەیان هێزی خۆرئاواشیان زیاتر کردبوو.

جەنگ، گەلێك خوێناوی بوو. پارێزەرانی ئارارات لە بارێکی گەلێك ترسناکدا بوون. هەوا ئاڵوگۆڕیکرد. باران بە خوڕەم دەباری، پەردەیەکی تاریك لەتەم کە رووی چیاکەی داپۆشی بوو، ئەم کوشتارگا دەردناك و دڵبریندارکەرەی شاردەوە. ئارارات بە یارمەتیی کوڕەکانی هەڵسابووە سەرپێ. شۆڕشگێڕەکان ئەم هەلەیان لەدەست نەدا، پەلامارێکی دلێرانەیان برد. لەکاتێکدا کە تەم رەوییەوە ئارارات روونـاك بووەوە. هێزەکانی تورك تێکشکێنران شۆڕشگێڕەکان دەستیان بە چەك دامالینی تورك کرد، بەلام گرنگییان بە دیل گرتن نەدەدا، هەرچەندە لەناو دیلەکانیشدا بیست و سێ ئەفسەری تورکی تێدابوو، کە لە دوای بیست و چوار کاتژمێر ئازادکران. لەم جەنگەدا چەك و تەقەمەنییەکی زۆر کەوتە دەست ئاراراتییەکان.

کاریگەریی ئەم جەنگە، لە ناوچەی شۆڕشگێڕەکانی ئاراراتدا بە روونی دەردەکەوت. ئەتوت گۆرانییەکی غەیبی هاواری لە ئارارات دەکردو ئەیوت:

نەوالێن تە تژی خوونبوو. خلخلە تژی جەندە کبوو
راستە بەرێ ئاگری تۆبوو ئیمڕۆ ئاگر لاوانی تۆ بوو

ماناکەی:

دۆڵەکانی تۆ پـــڕخوێـــنبوو درزی بەردەکان پڕ لە لاشە بوو
راستە تۆ لە کۆنا ئاگربـــووی ئەمـــڕۆکـــە لاوەکانی تۆ ئاگرن

هێشتا یەکە تێکشکاوەکانی سوپا، ئارارەتیان بەجێ نەهێشـتبوو. کە فـەرمانداری تـورك، ئاگـاداربوو کـــە ئیحســـان نوریـــش لـــە نـــاو جەنگاوەرەکانی ئاراراتدایە. (ئەم ئەفسەرە لە کۆتایی ساڵی (١٩١٩) نوێنـەری کۆمەڵـەی ئەفسـەرانی ئەسـتەموولْ بـوو. نـاوبراو(واتـــە: ئیحسـان نـوری) لەگـەڵ حکوومـەتی فـەرید پاشـا کـە لـە بەرانبـــەر شۆڕشی ئاناتۆڵی راوەستابوو، دوژمنایەتی هەبوو. ئیحسان نوری بـە پشتیوانی ئەفسەرەکانی ناو کۆمەڵەکەی و هـەروەها بـە موافەقـەتی کەمالەدین نوێنەری مستەفا کەمال پاشا. کە لە دواییدا بە ئـەتاتورك ناسرا چەکی هەلگرت و بەیارمەتیی فەوجی پیادە حکوومەتی فـەرید پاشای سـەرنگوونکرد. لـەدوای ئـەوە حکوومـەتی عـەلی رەزا پاشـا لایەنگیری لەو راپەڕینە کـرد کـە مسـتەفا کـەمال پاشـا رابەرایـەتیی دەکـرد. لـەم کاتـەدا ئیحسـان نـوری وازی لـە هـــەموو چالاکییـــەکی شۆڕشگێڕانەی هێنابوو. حکوومەتی کاتی ئاناتۆڵی داوای لە ناوبراو و چەند ئەفسەرێکی نەتەوەیی کرد کە بۆ هێنانی سوپای سوور بۆسەر قەڵـەمڕەوی تورکیـە و دابینکردنـی کۆمـەکی شـــوورەوی بـــۆ هـــێزە نەتەوەییەکانی تورك بچن بۆ باکۆ.

کۆماری نوێی تورکیە لـەدوای سـەقامگیربوونی، ئیـتر گوێـی بـەو بـەڵێن و پەیمانانـەی کەبـە کـوردی دابـوو. نـــەدا و ئیحســـان نـــوری پەیوەندیی بە کۆمیتەی کوردستانی سەربەخۆوە کرد. ئەم کۆمیتەیە کەلە ژێـر سـەرکردایەتیی خـالید بـەگی جـبرانی–ی سـەرۆکی خێڵـی

جبران دروســت بـوو، ماوەیـەك لـەوەو پێش چالاكییـە نهێنییـەكانی خـۆی لــە ئــەرزەرۆمدا پیــادە كردبــوو. لــە (١٩٢٤) دا كۆمیتــەی كوردستانی سەربەخۆ، فەرمانی بە ئیحسان نوری كە ئەفسەرێكی لاو بوو، لەگەڵ ئەفسەرانی كوردی وەكو راسم بەگی وانلی، تۆفیق بەگی مێردینی، خورشید بەگی هەرتوشی، عەلی رەزا بەگی بەدلیسـی، كـە هاورێی نــاوبراو بــوون، كـە بـۆ دروسـتبوونی كوردسـتانی سـەربەخۆ دەست بە شۆرش بكەن، بەڵام ئەم شۆرشە سەركوت كرا.

ئیحسان نوری لە ئەفسەرە كوردەكانی توركیـە بـوو. پێنـج سـاڵ لەپێش ئەمرۆداو لە شاری بایەزید فەرماندەی هێزی سـەر سـنووری توركیـە–ئێران بـوو، لـە مــاوەی فەرماندەییەكـەیدا ئاگادارییـەكی سەبارەت بە ناوچەكە پەیدا كردبوو.

ئەم كەسایەتییە كـە سـەردەمێك لـە ناوچـەی بایـەزید پـارێزەری مافی دەوڵـەتی توركیـە بـوو، ئێستا لـە ریـزی شۆرشـگێرەكاندایە و پـارێزەری مـافی كـوردەو لـە ئـارارات نیشــتەجێیە و داوای نــەمانی دەستەڵاتی توركیە لە هەموو كوردستانا دەكـات. بـە رابوردوویـەكی ئازایانــەو دلێرانــەو كارزانییــەوە كــە ئـــەم ئەفســـەرە لـــەماوەی خزمەتكردنی لەناو سوپای توركدا ئەنجامی دابوو. بـەو ئاگادارییـەی كە فەرماندەی سوپای تورك لە بـارەی رادەی نیشتمان پـەروەری و میللییــەتیی نــاوبراوەوە هــەیبوو، هــەواڵی بوونــی ئــەو لـــە نــاو شۆرشگێرەكانی ئاراراتدا. بەتایبەتی لەم كاتـەدا كاریگەرییـەكی بـێ ئەندازەی هەبوو.

لەدوای ئەوەی كە هێزەكانی تورك لە ئـارارات دەركران. نـاوبراو چـەند بنكەیـەكی سـەربازی كوردیـی لـە شۆرشـگێرەكان پێكـهێنا و

ئاڵای کوردستانی ئازادی لەسەر بنکەکان هەڵکرد. لەم کاتەدا ئـاگری نـەك بـە تەنـها خـاوەنی رێکخسـتنێکی سـەربازی بـوو، بـەڵکو رێکخراوەکـانی بەرێوەبردنیشـی هێنـابووە بەرهـەم. بـەم شـێوەیە بەشی باشووری ئارارات کە بـەهۆی ئـەم رێکخستنانەوە کەوتـە ژێـر دەسـتەڵاتی کـوردەوە، بـوو بـە نـاوەندی خۆبەختکـەرانی نەتـەوەی کورد.

با، ئاڵای ئازادیی دەشەکاندەوە. نەتەوە پەروەرانی کـورد، بـەم سـەرکەوتنە مەزنـە شـادمان بـوون، بـە دەنگێـك، کـە لــە شـادی و غروورەوە چیاکـانی هێنـابووە لـەرزین، سـروودی نەتـەوەیی خۆیـان دەخوێندەوەو ئەیانوت.

شەرق و غەرب باسك و گرتی پی　　　سەر سینگ خو لاو گرتی پی
کوردان را تـو کعـــبە بـــوی　　　هەڵبـە ئـاگری هەڵبـە ئاگـــری

مانای شیعرەکە:

باوەشت بۆ خۆرهەڵات و خۆرئاوا کردوەتەوە
سەرسینگ حولاو گرتی پی
بووی بە کەعبە بـــۆ کـــــــوردەکان
هـــەڵبە ئاگــــــری. . هەڵبە ئاگری...

دێهاتــەکانی دامێنــی چیاکــە دووبــارە بــە دەســت و بــازووی ئاراراتییەکان ئاوەدان کرانەوە. ئەو ئـاوەی کـە لـە نـاو قامیشـەڵانی خۆرئاوای چیاکەوە سـەرچاوەی دەگـرت و لـە باشـووری ئاراراتـەوە بـەرەو خـاکی ئـێران دەڕۆیشـت بـوو بـە سـنووری سروشـــتیی رێکخستنەکانی نێوان ئاگری– تورکیە.

ئەم جەنگانەی ئارارات هاوکاتبوون لەگەڵ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد. کە لە سەرۆکەکان و رۆشنبیران و نوێنەرەکانی کورد پێکهاتبوو. ئەم کۆنگرەیە لە ئەنجامی وتووێژی خودی کۆمیتەیەك بە ناوی (خۆیبوون) لە دایك بوو. ئیحسان نوری، بەسەرکردەی هێزی چەکداری ئەم کۆمیتەیە هەڵبژێردرا و بەرێوەبردنی بزووتنەوەی نەتەوە پەروەرانی کوردستانی پێ سپێردرا.

رێگای قارەمانانی کورد بۆ ئارارات کرابووەوە. لە هەموو لایەکەوە بەپەلە بۆی دەچوون. فەرزندە بەگی هەسنی، کە لەکاتی شۆڕشەکەی شێخ سەعید شاری مەلەزگری رزگارکردبوو و هێزەکانی تورکیای چەك کردبوو. لەگەڵ کازم بەگی برایو ئامۆزایەکی و چەند سوارێك هاتنە ئارارات.

خالس بەگی کوڕی عەبدولمەجید سەرۆکی خێڵی سپکی و تاجەدین بەگ کە یەکێك بوو لە سەرۆکەکانی، زرکی عەدوی عەزیزی حەیدەری سەرۆکی ژمارەیەك لە خۆبەختکەرانی کورد، ئەحمەدی حاجی برو حەیدەری و براکانی، زاناو گەورەی رێزدار سەید عەبدولوەهاب ئەفەندی و کوڕە مامەکەشی و سەید رەسووڵ کە لە ئۆردوگای دوور خراوەکانەوە. لە (ئەزمیر)ەوە رایان کردبوو. یەك لە دوای یەك گەیشتنە ئارارات.

برو حسکی بە فەرماندەری و تەمەر شەمکی بە فەرماندەی ئاسایشی ئارارات هەڵبژێردران.

لەم کاتەدا بوو کە نەتەوە پەروەرانی کورد مارشی ئاراراتیان بە خۆشی و شادمانییەوە دەچڕی و ئەیانوت:

ئیمڕۆ دیسا حرص تۆ هــات ئەو ئاگـــــــران ونە کلات
کۆمبون ئەدی سەرتە جوات هەڵبــە ئــاگـــــری، هەڵبـە ئاگری

مـــاناکەی :

ئەمڕۆکە تۆ دووبارە تووڕەبویت ئاگرەکانی تۆ بوون بە قەڵا
کۆمەڵ لەسەر تـــۆ پێکهاتووە هە ڵبە ئاگری، هەڵبە ئاگری

ئەیوب ئاغا کە یە کێك بوو لە سـەرۆکەکانی قوتـان لەگـەڵ چـەند کەسایەتییەکی خۆ یاندا. کە لە بەشی سەر سینگی باکووری ئارارات لە شاری دێرینـی قۆرخـان، خۆیـان قـایم کردبـوو، سـەربازانی تـورك پەلاماریان دان. جەنگێکی قورس وسەخت رووی دا. سوپای تورك لە پاش کوژرانی ژمارەیەك سەرباز و ژمارەیـەك دیـل و بریـندار، بـەرەو شـاری ئیغدیـر پاشەکشـێیان کـرد. ئـەیوب ئاغـاش خـۆی گـەیاندە هێزەکانی ئارارات و پەیوەندیی پێوە کردن.

بڕشت و رێکخستنی ئاگری، زیاتربوو پەرەی سـەند. بەشـێوەیەك کە دانیشتووانی شاری بایـەزید کـە دەیانویسـت لـەو قامیشـەڵانانەی دەوروبـەری شــار بـــۆ ســـووتاندن ســـوود وەربگـــرن، دەبوایـــە رێکخراوەکانی ئاراراتیان رازی کردایە و مۆڵـەت وەر بگرن. ئەوانە بە وەرگرتنـی مۆڵـــەتی رەسمـــی ج بـــە ج—ی ئـارارات بـە بـێ رێگـر هاتوچۆیـان دەکـرد. حکوومـەتی بایـەزیدیش لـە بەرانبـەر ئـەم هەنگاوەدا جگە لە چاوپۆشی هیچ چارەیەکی دیکەی نەبوو.

دەوڵەتی تورکیە، چونکە لە رێگەی هێزی سەربازییەوە، نەیتوانی کارەکەی بەرەو پێشەوە ببات. بۆ تێکدانـی ئـەم نـاوەندە نەتەوییـە

کوردییە لە ئاراراتدا، بیریکردەوە یاسایەکی بە ناوی (یاسای دواخستن) (یاسای تأجیل)ەوە لە ئەنجومەنی گەورەی نەتەوەیی تورکیەوە دەرکرد و بەپێی ئەو یاسایە لێبوردنێکی بێبەندو مەرج کە تەنها ویلایەتەکانی کوردستانی دەگرتەوە، راگەیاند. بەهۆی چەند دەستەیەکەوە لە کەسایەتییەکانی ناوچەکان ئەم یاسایەی گەیاندە ئاراراتییەکان بانگی ئاراراتییەکانیان دەکرد، بێنەوەو ملکەچی دەوڵەت بن و سوود لەم یاسایە وەربگرن.

لە بەرانبەر راگەیاندنی ئەم یاسایەی دەوڵەت ئاراراتییەکان رایانگەیاند، لەکاتێکدا راگەیاندنەکانی نوێنەرە نێردراوەکانی دەوڵەت پشتی پێدەبەسرێت، کە سەرۆك و رووناکبیرە کوردە دوور خراوەکان ئازاد بکرێن، بگەرێنەوە ناو ماڵو منداڵی خۆیان. دەوڵەتی تورکیش ئەم پێشنیارەی پەسەند کرد، بێجگە لە چەند کەسێك نەبێت، هەموو دوورخراوەکان ئازاد کران. ئەم دەستانە لەلایەنی دەوڵەتەوە، بێجگە لە بانگەشە لە ناو نەتەوە پەروەرانی ئاراراتدا ئەو ئەرکەشیان پێسپێردرابوو، کە بە ئیحسان نوری و شێخ عەبدولقادر کە بنەماڵەکانیان بۆ خۆرئاوای ئاناتۆڵی گوێزرابوونەوە، گفتوگۆ بکەن، پەیمانیان پێبدەن کە لە حاڵەتی خۆبەدەستەوەداندا. دەوڵەت گەراندنەوەی بنەماڵەکانیان پەسەند ئەکات.

ئەم پێشنیارانەی دەوڵەت و وتوویژی دەستە نێردراوەکان کاریان لە ئیحسان نوری نەکرد، بەڵام شێخ عەبدولقادر لەگەڵ دەست وپێوەندەکانیا چوون بۆ شاری بایەزیدو خۆیان دا بەدەستەوە. شێخ عەبدولقادر لەدوای خۆبەدەستەوەدانەکەی لەگەڵ دەستەیەکی دیکەدا راسپێردراو هات بۆ ئارارات تاکو بە ئامۆژگاریی دۆستانە والە

بـرو حسـكى بكـات، كـه بگەڕێتـەوەو ملكـەچى ياسـاكە بێـت، بـەڵام ئاراراتييەكان كەلەم نيازە ئاگادار بوون، ڕێگەيان پێنـەدا. ژمارەيـەك لەو كەسانە كە لە دەرەوە هاتبوونە ئاراراتەوە كەوتنـە شـوێن شـێخ عەبدولقادر. خۆيان دا بە دەستى دەوڵەتى توركيەوە.

دەوڵەت هانى خۆبەدەستەوەدەرانى دەدا، بەم شێوەيە كـە نـەك هــەرگيز چــەكيان ناكــات، بـــەڵكو لەبەرانبـــەر ئـــەم ملكـــەچى و خۆبەدەســـتەوەدانەدا خەڵاتيشـــيان دەكـــات. لـــە نـــاو خۆبەدەستەوەدەراندا. سـەيد عـەبدولوەهاب و تەمـــەر شەمكيشـى تێدابـوو، كـــە بـــە فـــەرمانى فـــەرماندەى نەتـــەوە پـــارێزانى كـــورد چووبوونـــەوەو ملكـــەچى دەوڵـــەت بووبـــوون، گوايـــە نەخشـــەى فـــەرماندەى كوردەكـــان ئـــەوەبوو. كـــە ڕێكخســـتنى خۆيبـــوون لەناوچەكانى ديكەى كوردستانى توركيەدا فراوانتر ببێتەوە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش نەخشـــەى بـــە ڕواڵـــەت خۆبەدەســـتەوەدانى ئـــەم دوو كەسايەتييە زەروور بوو.

نيشتمان پەروەرى لە ناو هەندێك لە سەرۆكەكانى نەتەوەى كورد ئەوەندە بە هێزبوو، كـە خۆبەدەسـتەوەدانيان بـە كوفـر دەزانـى بـە هيـچ شـێوەيەك بـۆ بيسـتن و باسـكردنى، ياسـاى دواخسـتن ئامـادە نەبوون. لەم كاتەدا بوو كە فەرماندەى شۆڕشـگێڕانى كـورد ديـدارى نوێنەرى ڕەسميى كۆميتەى ئەرمەنييە كۆچەرييـەكانى لـە ئـاراراتدا پەسـەند كـرد، چونكـە كۆنگـرەى كـورد نيـازو خواسـتى ئەرمەنييـە كۆچەرييەكانى بە دۆستايەتى نێوان كوردو ئەرمەنى دادەنا. هـەندێك كـەس ديـدارى فـەرماندەى كـــوردى لەگـــەڵ تاكـــە نوێنـــەرێكى ئەرمەنييەكانيان بەهۆيەكى ڕاگەياندن دەزانى. بە پێچەوانەى واقـع و

راستی، بەم جۆرە بانگەشەیانکردبوو، کە هێزی چەکداری ئەرمەنییەکان بۆ یارمەتیدانی کورد هاتوون.

راپەڕاندنی یاسای دواخستن بۆ ماوەیەکی کەم، هێزەکانی ئاراراتی لەرووی خواربارەوە تەنگەتاو کرد. زستان بوو. بەفر ناوچەی بایەزیدی تانزیکی شۆڕشگێڕەکانی ئاگری داپۆشیبوو. بەهاری ساڵی (١٩٢٨) هاتە پێشەوە. هێشتا بەفر لەم ناوچەیەدا مابوو، بەڵام لە هەمان کاتدا، بەفر لە دامێنی چیای ئاراراتدا توابووەوە. گیای سەوزو پاراو، دامێنی چیاکەی داپۆشیبوو. نەبوونی ئالف لە ناوچەی بایەزیددا بوو بەهۆی زیانێکی گەلێك گەورەی لە ئاژەڵەکانی ئەم ناوچەیەدا، بەشێوەیەك کە خێڵەکانی دەوروپشتی بایەزید ناچار بوون بە مۆڵەت و موافەقەی دەوڵەت لەگەڵ رێکخراوەکانی ئاگریدا، سەبارەت بە لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان گفتوگۆ بکەن، تاکو ئاژەڵەکانیان بەرن بۆ چیای ئارارات، سەختیی ژیانی مللیگەرایانی کورد بەرزتربوو بووەوە. ئەتوت پەروەردگار بۆ پاداشتی خۆڕاگرتنیان و ورەی بەرزی شۆڕشگێڕەکان بەم شێوەیە یارمەتیی بۆ ناردبوون.

ژمارەی شۆڕشگێڕەکانی ئارارت کەم بوو و لە دۆخێکی مەترسیداریشدابوون. فەرماندەی شۆڕشگێڕەکان، ناچار بوو بە هەر شێوەیەك بێت خۆی بەقەویترو بەهێزتر نیشان بدات. لە هەمانکاتیشدا نارەزایی خۆشی بەرانبەر بە یاسای دوا خستنیش، روون بکاتەوە. لە بەر ئەمە لە لایەکەوە خالس بەگیان لەگەڵ ژمارەیەك سوارەو پیادە و لەلایەکی دیکەشەوە فەرزندە بەگ و

سوارەکانی فەرمانیان پێدرا، کە بچنە نێو خاکی تورکیەوە و بە هێرش و پەلامارەکانیان، نا ئارامی پێکبهێنن.

لە کاتێکدا کە تورکەکان وایان دەزانی کۆتاییان بە باری ئارارات هێناوە، دەستەکەی خالس بەگ، (٣٠٠) سەربازی لە خاکی تورکیەدا دەستگیر کردبوو و دیدە بانەکانیان چەککردبوو. چالاکییە بێ وێنەکەی فەرزندە بەگ و دەستەی عەدوی عەزیزی و دەستە بچووکەکانی دیکە کە راستەوخۆ لە ئاراراتەوە هاتبوون، رێگا نزیکەکانیان کۆنترۆڵ دەکردو بە پەلەش دەگەرانەوە دواوە. توانا و چالاکییە هەمیشەییەکانی هێزەکانی ئاراراتیان لەبەر چاودا گەورەو بەر جەستە دەکرد، جارێکی تر حکوومەتیان لە هەڵە گەورەکەی بە ئاگا هێناوە.

هاوین هاتە پێشەوە. کات بۆ راپەراندنی چالاکییەکان لەبارتر بوو. شێخ عەبدولقادرو یاوەرەکانی، چوون بۆ کوێستانی دێرینی خۆیان، کە چیای سینگ بوو لەناو خاکی تورکیەدا بوو و لە ئاراراتیشەوە دوور بوو. چالاکیی دەستەکانی ئارارات لە ناو خاکی تورکیەدا رۆژبەرۆژ بەهێزترو گورچکبڕتر دەبوو. زۆربەی ئەم دەستانە تاکو مەودایەکی دوورو درێژ لەناو خاکی تورکدا دەچوونە پێش. بۆ نموونە: دەستەی فەرزندە بەگ هێرشەکانی خۆیان تانزیك (حەسەن قەڵا) لە نزیکی ئەرزەرۆم درێژە پێدەدا. لە هێرشێکیاندا کاروان سەرایەکیان لە نێوان حەسەن قەڵاو ساری قامیش بە مەبەستی رێگەگرتن لە هاتوچۆی داگیرکەران، داگیر کرد، ژمارەیەك لە ئەفسەرانی تورك کە بەوێدا تێدەپەرین، بە دیل گرت، چونکە ئەم ئەفسەرانە لەگەڵ بنەماڵەکانی خۆیاندا هاتبوون، بۆ رێزگرتن لە

ژنەکانیان کـە لەگـەڵیاندابوون لەلایـەنی دەسـتـەی فـەرزندە بەگـەوە ئازاد کران.

دەستەی عەلۆ بەشۆ تادەروازەی ئەرزەڕۆم دەچوونە پێش. ئـەم دەستەیە لە ناوچەی پالان توکن ژمارەیەك لـە سـەربازانی تـورك کـە تـاقیب کردنـی شۆڕشـگێڕەکانیان پێسـپێردرابوو، خسـتە نێـو داوی خۆیانەوە، لە ئەنجامی جەنگێکی کورتا ئەفسەرێك و چەند سەربازێك کوژران و چەکەکانیان دەسکەوتبوو، گەڕانەوە.

تەللو لە گـەورە پیاوانی مەلـەزگر. لەگـەڵ هاوڕێکـەیدا چاوش و ژمارەیـەك لـە شۆڕشـگێڕەکان تـا ناوچـەی مـووش ڕۆیشـتن، لـە چوارچێـوەی ئـەنجامدانی ئەرکـەکانیاندا، پـەیوەندیی هێزەکـانی ئاراراتیان بە دەستە شۆڕشـگێڕەکانی ناوچـە جـۆر بـە جۆرەکانـەوە پێکدەهێنا.

سەرەڕای ئەم جـۆرە چالاکییانـە، هـێزی شۆڕشـگێڕی کـورد لـە هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان دەسـتیان بـە چالاکی کردبـوو، بـەڵام چونکـە ئێمـە مەبەسـتمان تەنـها نووسینەوەی چالاکییـەکانی ناوچەی ئاراراتە بە کورتی، لە باسـکردنی چالاکییـەکانی ناوچـەکانی دیکەی کوردستان خۆمان دەپارێزین.

لە ناوچەی مەدیات لـە نزیکـی سـووریە، یـاوەرانی حـاجو ئاغـای سەرۆکی خێڵی هەڤێرك. لە ناوچەی ماردین و نسێبین و هەروەها ئەو ناوچەیە کە تا شەرنەخ و ئورە و هەکاری درێژ بووبووەوە، دەخستە ژێر هەڕەشەو گەفی خۆیەوە.

ڕۆژنامەیـەك بـە نـاوی (گێجە پۆستاسی) کــە لــە ئەسـتەموول دەردەچوو، لە ڕۆژی (٩ ی سیپتامبەری ١٩٤٧) زنجیرەیەك وتاری بـە

ناوی (شۆڕشی گەورەی ئاگری و ئەنجامەکانی) بە پێنووسی زوهـدی گویڤـەن بڵاوکـردەوە. نووسـەر لـەو ئەفسـەرانە بـوو کـە لـــە سـاڵی (١٩٢٩) گوازتیانـەوە بـۆ فـەوجی گـەڕۆك و خـودی خـۆی لـە چــەند نەبـەردێکدا لـە دژی کـورد بەشـداریی کردبـوو. نووسـەر لــە مـانگی حوزەیرانی (١٩٢٩) دا لە گموشخانەوە بۆ تەرابوزان ڕۆیشت. نـاوبراو نووسیویە: دەرچوون لە تەرابوزان کارێکی ئاسان نەبوو ((چونکە لـە کاتێکدا کە یەك ئاژووەر (شۆفێر)ی تەرابوزانی کـە نـاوی ئیچدیریـان کـە (شـارێکە لـە بـاکووری ئـاگری لـە نزیـك سـنووری ئەرمەنسـتانی شوورەوی) دەبیسـت، ڕووی وەردەگـێڕا و دەیگـوت تـاکو ئـەرزەڕۆم دەڕۆم، هەرگیز دوورتر ناڕۆم. چونکە هەرچەندە بەرەو باکوور بڕۆین لە ناوچەیەکەوە نزیك دەبینەوە کە لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێگرەکاندایە)).

لەم ساڵەدا سوپای تورکیــە لـە خۆرهـەڵاتدا چـالاکیی خـۆی لـە دژی شۆڕشگێڕەکانی ئاگری دەسـت پێکردبـوو. ئێمـەش بـۆ گەیشـتن بـە ناوچەکانی جـەنگ بـەڕێوە بووین. لـەدوای چـەند ڕۆژێـك ڕاوەسـتان لەبـەر نـەبوونی ئـاژووەرێك لـە تـەرابوزاندا ماینـــەوە، لــە ئــەنجامدا توانیمـان ئـاژووەرێك پەیداکـەین کـە لـەوەو پێشـــتریش دەمناســی. لـەدوای ماوەیـەك چەنـەدان ئامـادەبوو کـە بمانبـات بۆ ئـــەرزەڕۆم. ناوبراو لە کاتی ڕۆیشتنەکەماندا، بیرەوەری و گفتوگۆکانی بێجگە لـە گێڕانەوەی چـالاکیی شۆڕشـگێڕەکان هیچـی دیکـەی پێنـەبوو. بـۆی گێڕاینـەوە جارێکیـان یـــەکێك کرابــوو بـــە شـــەهرداری شــارێك لـــە شارەکانی خۆرهـــەڵات دەبوایـە بـۆ دەسـت بـە کـارکردنی بـڕوات بـۆ شارەکە. لە کاتێکدا کـە لـە کۆیـپ بـاغ–Kopbagh (کـە لـە نیـوەی ڕێگای بابیورد و ئەرزەڕۆم) دایە. تێدەپەڕین، چوار کـوردی چەکدار

دەرکەوتن و پەلاماری ئۆتۆمبیلەکەیان دا. چەکدارەکان هەموو دراوی سەرنشینەکانیان بردو لە نێوان خۆیانا بەشیانکرد. (چەتەکان لە ناو خۆیانا ئەیانوت): حەسۆ ئەمە بەشی تۆ، ئەمەش بەشی ئێمە، ئەوەش بۆماڵەوەو ئەمەش بۆ لە ڕێگەی خوا. . . . . ئێمە چەتە نین. ئێمە تەنها ئەوەی کە پێویستمانبێت، هەڵی دەگرین. باقیەکەشی بۆتان دەگێڕینەوە. خوا حافیز، خواتان لەگەڵ.

ئاژووەرەکە دەستی بە چیرۆکێکی دیکە کرد: لە گۆیب داغ دوو کەسی چەکدار کە چاودێری شەقامەکە بوون ئۆتۆمبیلەکەی زوهدییان راوەستان پێیان وت ئاگادار کراوین کە گرووپێکی چل کەسی، نیازیان وایە لە دەرسیمەوە بێن و ئێمە نازانین ئالەم کاتەدا گەیشتوونەتە کوێ. بە دوایاندا دەگەڕێین. (دەرسیم ناوچەیەکە لە نێوان خەرپوت و ئەرزنجاندا، تورکەکان ناوە کوردییەکەیان گۆڕیوە کردوویانە بە تانسلی).

لە ئەنجامدا بە ترس و لەرز گەیشتینە ئەرزەڕۆم. ئاژووەرەکە کە دەبووا ڕێبوارەکان تا ئیگدیر ببات، هەڵچوو. ناوبراو هەواڵێك کە سەبارەت بە کوردەکان بیستبووی بۆی گێڕاینەوە وتی: (من ناتوانم لە ئەرزەڕۆم زیاتر بڕۆم. ئێوە هەوڵبدەن هۆیەك بۆ خۆتان دابین کەن. من دەگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێوەی هاتووم).

ئەمە چەند وشەیەکە کە ئەفسەرێکی تورك لە بارەی ڕەفتاری کوردەکانەوە لەکاتی چالاکی لە دەرەوەی سنووری ناوچەی چالاکییەکانی ئاگری نوسیوویەتی.

دەستە ناوچەییەکان کە لەلایەن فەرماندەی کوردەکانەوە بۆ ئەنجامدانی کاروباری شۆڕش ڕەوانە کرابوون، لە لایەن کوردە

دانیشتووانەکانی ژێر دەستەڵاتی دوژمنەوە بـە شـێوەیەکی شایسـتە پێشوازییان لێدەکرا. لەبەر ئەمە شۆڕشگێڕەکان لە کاتی راپەڕاندنی ئەرکەکانیان هیچ پێویستیان بە هەڵگرتنی خواربار نەبوو، کە لەگـەڵ خۆیانا بیگێڕن. لە گەشتێکی شۆڕشگێڕەکاندا دەسـتەیەکیان چـوون بۆ دەوروبەری ئەرجیش و بەڕێکەوت لەلایەن هەندێك ئاژەڵدارەوە کە لەو نزیکانەدا بوون، پێشوازییان لێنەکرا تەنانەت لە بەخشینی چەند سـەرمەڕێك بـۆ خـەرجیی شۆڕشـگێڕەکان، پێدزکێیـان کردبـوو بـۆ تەمێکردنی ئەم خاوەن ئاژەڵانە دەستەکانی فەرزندە بەگ و خـالس بەگ و مەمەدی عەزیز نێردران، تاکو هەموو مەڕەکانیان کە لە هەزار سـەر مـەڕ زیـاتربوو، دەسـتیان بـە سـەرا بگـرن و بـەرەو ئـارارات رەوانەیان بکەن. ئەم کارە بەم شێوەیە راپەڕێنرا. خاوەن مـەڕەکان لای دەوڵەت شکاتیان کرد، تەنانەت بروسکەیەکیان بەم شـێوەیە بـۆ دەوڵەت رەوانە کرد: (ئەگەر دەوڵەت ناتوانێت ئێمە لە دەسـتدرێژیی یاخی بووەکانی کورد بپارێزێت واباشە ناوچەکە بەوان بسپێرێت تاکو بۆ خەڵکی روون و ئاشکرا بێـت). رووداو یـەك لـە دوای یـەك دەهاتـە پێش بـە شـێوەیەك بـوو کـە رووداوی مـەڕەکان، فـەرامۆش کـرا. دەوڵەتی تورکیـە وای بەباشـزانی کـە دەسـتەیەك بـە دەسـتەڵاتێکی تەواو لە ناوەندی دەوڵەتەوە بۆ ئارارات رەوانە بکات. ئەندامانی ئەم دەستەیە بریتیبوون لە دوو نوێنەری ئەنجومەنی گەورەی تورکیە کە یەکێکیان نوێنەری ئەستەموول و ئەوی تریان نوێنەری شاری بایەزید بوو، لەگەڵ فەرماندەی لەشکری قەرەکۆسـە و پارێزگـاری بایـەزید و چەند ئەفسەرێکی گەورەی سوپا. لەناو ئەم دەسـتەیەدا فـەرماندەی

ئاسایشی شاری بایەزید، عارف حکمەت بەگی تێدا بوو ناردنیە لای سەرۆکی کوردەکان و داوای چاو پێکەوتنیان کرد.

ڕۆژی دوایی لە پشت هێڵی سنووری نێوان ئارارات و تورکیە چاوپێکەوتنەکە پێکهات. فەرماندەی کورد و سەرکردەکانی ئارارات و ژمارەیەك سوارکە لە ورەو ئازایەتیدا لە کڵی ڕۆژگار دەرچوو بوون، لەگەڵیاندابوون. داخوازییەکانی ئەم دەستە نێردراوە بریتیبوون لە یەکەم ئارام بوونەوەی ئاراراتییەکان و خۆدوورگرتن لە زوڵم و هەڕەشە، دووهەم چوونە دەرەوەی ئیحسان نوری لە ئارارات.

لەگەڵ کۆڵێك پێشنیاری دەستەی نێردراو، بەڵام ئەم داخوازییانە ئەنجام نەدران چونکە ئیحسان نوری هەموو پێشنیارەکانیانی ڕەدکردەوە، چونکە حەزی نەدەکرد بۆسوود وەرگرتن لەو ماف و ئیمتیازانەی لەوەو پێشی خۆی بگەڕێتەوە بۆ تورکیە، نە قبووڵیشیکرد کە لەلایەن دەوڵەتەوە بە فەرمانبەری بۆ یەکێك لە وڵاتەکانی دەرەوە ڕەوانە بکرێت و نەئامادەش بوو. لەلایەنی دەوڵەتەوە پەساپۆرتی پێبدرێت. کە هەر شوێنێکی بە دڵبێت بەبێ تەنگ و چەڵەمە بۆی بڕوات. تەنها ئەنجامێك کە لەم دیدارو گفتوگۆیەدا دەستکەوت پەیمانی جەنگ ڕاوەستانی سەرزارەکی بوو، کە ئاراراتییەکان فشار بۆ ناوچەی بایەزید نەهێنن و دەوڵەتی تورکیەش وازبێنێت لە ناردنی هێزو ناڕەحەتکردنی ئاراراتییەکان.

لە بەرانبەر داواکانی دەوڵەتدا کوردەکان هیچ داوایەکیان نەبوو کە دەوڵەتی تورکیە پێی نەزانیبێت. شەکانەوەی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستانی ئازاد بەسەر لووتکەکانی ئارارات و چیاکانی جزیرەو

بۆتان و مەدیات و ساسون و غەرزان و شوێنەکانی دیکەی کوردستان باشترین و ئاشکراترین ئاواتی کوردەکان بوو.

لە کۆتایی چاو پێکەوتنەکەدا. ئەفسەرەکانی دەستەی نێردراوی تورکیە. لە ئیحسان نوریان پرسی بە چ شێوەیەك دەتوانین راستەوخۆ یارمەتیت بدەین. ئیحسان نوری لەوەرامدا وتی: هاوسەرەکەم رەوانەی سووریە بکەن. ئەوانیش لەوەرامدا وتیان: ئەم پێشنیارەت بە هاوسەرەکەت رادەگەیەنین و ئەگەر پەسەندی کرد ئەینێرین بۆ سووریە. چەند ئەفسەرێك لەم ئەفسەرانە لە دۆستانی رۆژگاری شۆڕشی ئەستەمووڵی ئیحسان نوری بوون.

هاوین تێپەڕی، خێڵەکان گەڕانەوە شوێنی زستانەیان. شێخ عەبدولقادریش کە هەروەکو جاران، لەژێر سایەی دەولەتدا بوو لە دێهاتەکانی خۆیدا، کە لە باشووری خۆرئاوای ئاراراتدا بوو دانیشت ماڵ و منداڵەکانیشی لە ئەزمیر ئازاد کران و هاتنەوە لای. ژمارەیەك لە خێڵی حسە سووری و هەم ئاوایی وێرانکراوی کانی کورك کە لەو دیو سنووری ئاراراتەوە واتە لەژێر دەستەڵاتی تورکیەدا بوون ئاوەدان کرانەوە و تیایا دانیشتن. کانی کورك لە رووی شوێنی جوگرافیاییەوە بۆ چاوپێکەوتن گەلێك لەباربوو. چەند رۆژێك لەدوای ئاوەدانکردنەوەی، چاو پێکەوتنێکی دۆستانە. لەنێوان سەرۆکەکانی ئارارات و فەرماندەو ئەفسەرانی سەربازگەی بایەزیدی تێدا ئەنجام درا. کوێخای دێکە حەمید ئیسماعیل پێشوازییەکی شایستەی لە میوانەکانی کرد. ئەم چاوپێکەوتنە لە کەشوهەوایەکی دۆستانەدا، ئەنجام درا. چەند وێنەیەکی ئەو چاوپێکەوتنە، سەرۆکەکانی هەردوولا بەیەکەوە گرتوویانە بەیادگاری ماونەتەوە.

هـەندێك دوای ئـــەوە بــە پێشــنیاری حكوومـــەتی بایـــەزید، ســـەرۆكەكانی ئـــارارات لەگـــەڵ نـــاوبراودا واتـــە ئیحســـان نـــوری چاوپێكـەوتنێكی نوێیـان لەپشتی كانی كوركـەوە ئـەنجام دا. لـــەم چاوپێكەوتنـــەدا حـــاكمی بایـــەزیدو چـــەند كەســـێك لـــە ســـــەرۆكی تایەفـەكانی كـورد. كـە سـەر بـە دەوڵـەت بـوون لەگـەڵیا هـاتبوون. یـــەكێكیان تـــەیموور كەســـكۆیی بـــوو لـــەكاتی گفتوگۆكـــەدا كـــە سەرۆكەكانی كوردی ئارارات ئامـادەبوون، بۆ دڵخۆشـكردنی حاكمـە توركەكـە، خـۆی بـە توركـی كـوڕی تـورك ناسـاند. ئـەم دەربڕینـەی تـەیموور بـەلای كوردەكانـەوە زۆر گرانبـوو، لـەوێدا بـرو حسـكی زۆر لەسەرخۆو بـە سـووكایەتییەكەوە وتـی (خـوا لەگـەڵ برادەرەكانتـا پێكەوە حەشرتان بكات).

چاوپێكەوتنەكە لە كەشوهەوایەكی ئاوەهادا پێكهات و بەرێكەوت لە زستانی هەمان ساڵدا لە جەنگێكدا كە لـەنێوان كـوردو هێزەكـانی توركا روویدا، كەلەشی تەیموور لەگـەڵ كـەلاكی ئەفسـەرێكی توركـدا پێكەوە لە چاڵێكدا دۆزرانەوە. چەند رۆژێك لە دوای چاوپێكەوتنەكـە چـەند رووداوێك روویـاندا كـە دەریانخسـت ئـەم چـاو پێكەوتنـە بـــۆ هەڵخەڵەتاندنی سەرۆكەكانی ئارارات بوو.

* * *

بەیانییـەكی پـایز بـوو هـەوا بـــە یـادی بـــەرە بـــەیانیانی بـــەهار شەونمەكانی بە زەویدا دەپژاند، چیمەنـە ژاكاوەكـان شـەونمەكانیان وەكو دڵۆپـی مرواری و فرمێسك لە سەر روومـــەتی زەرد هەڵگـەڕاویان بەرەو خوار خلۆر دەكردەوە. تیشكی خۆر پـــەردەی تـاریكی شـەوی دڕی بـوو و لـە ژوور هەورەكانـەوە دەگەشـایەوە. تـازە تیشـكەكانی

بەرەو زەوی داشکاندبوو کە چەند تەقە تفەنگێك لە نزیکی هێڵی سنوور (کورد–تورك) بەرز بوونەوە بە دوای ئەویشدا دەستڕێژی شەستیرەکان بیسرا.

درێژەی نەکێشا کە بارەگای سەرکردایەتیی کورد– کورد ئاوا– کەنزیکترین خاڵی نیشتەجێی ئاراراتییەکان بوو لە سێ کیلۆمەتر زیاتر لە سنووری نێوان دوژمن و کوردەوە دوورترنەبوو بووە ئامانجی گوللە تۆپەکان.

تورکەکان پەیمانەکەیان شکاند، بە زاراوەی خۆیان کوردەکانیان غافڵگیرکردووە. لەراستیشدا غافڵگیر کرابوون، چونکە لەو کاتەدا بەشێکی زۆری هێزەکانی ئارارات لە ناو خاکی تورکیە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەو کارانەبوون کە پێیان سپێردرابوو.

ژمارەیەك لە سوارە کوردەکان، کە پێیان سپێردرا بوو پارێزگاری بکەن لە خاڵە گرنگەکان و سترا تیژییەکان کە بۆ هێز رەوانەکردن لەبارن لە پشتی لووتکەی بڵندی ئاگرییەوەو هەروەها بگرن، چونکە تورکەکان هەموو جارێك لە کاتی لەشکرکێشییەکانیاندا، لە پێشەوە پەلاماری ئەو لووتکەیەیان دەدا تاکو لەوێوە ناوچەی نێوانی کوردەکان و خاکی بێلایەنی ئێران داگیربکەن و هێزی ئارارات گەمارۆبدەن. دێهاتەکانی ئارارات چۆڵکران، ژن و منداڵەکانیان چوون بۆ شوێنی دیاریکراو. فڕۆکەکانی تورك لە ئاسمانی ئاراراتدا دەستیان بە فڕینکرد، بۆمباو ئاگری شەستیرەکانیان بەسەر ژن و منداڵدا میکرۆبی مەرگیان دەباراند.

فەرماندەی کورد لەگەڵ برو حسکی و پازدە شۆڕشگێڕی پیادە لە شوێنی خۆیانامانەوەو تەماشای جموجووڵی دوژمنیان دەکرد.

جموجووڵەکانی هێزی دوژمن بە شێوەیەك بوو. کە نەدەزانرا ئامانجیان چییە و لەگەڵ کێدا دەجەنگن. تۆپەکانی دوژمن لەسەر بەرزاییەکانی دوور لە هێڵی سنوور سەنگەریان گرتبوو، هێزی سوارەشیان لە هەمان ناوچەدا لە هاتووچۆ دابوون. هێرشی سەربازی پیادەشیان نەدەبینرا، گوللەی شەستیرەکانیان ئاراستەی ئاراراتییەکان نەدەکرا. گەرمەی جەنگەکە لە ئاستی کانی کورکدا بوو.

ئەوە عەجایب بوو کە کانی کورك تەنها بیست و پێنج ماڵێك دەبوو سەر بە دەوڵەتیش بوون و بە پێی مۆڵەتی دەوڵەت لەو شوێنەدا نیشتەجێبووبوون، ئاراراتییەکانیش بەتەواوی ئاگاداربوون کە ئەم دێیە بچووکترین هەنگاویان لە دژی دەوڵەت نەناوەو شایانی ئەوەش نەبوون، کە لەلایەن هێزی دەوڵەتەوە پەلاماریان بدرێت. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەوە جارێك دووکەڵێکی خەست لە کانی کورك بەرزبووەوە. ژن و منداڵی دێکە رایان دەکردە دەرەوە و بەڕاکردن بەرەو ئارارات دەهاتن. گەیشتنە نێو سنووری ئارارات، هەروەها بەرەو ئەو ناوچەیەش کە شێخ عەبدولقادری لێبوو. گوێڕایەڵی حکوومەت رایان دەکرد و پەنایان پێدەبرد.

فرۆکەکانی تورك درێژەیان بە ئەرکی خۆیان دا. گوللەی ئاراراتییەکان لاشەی فرۆکەیەکی گەورەی دوژمنی پێکا و ناچاری کرد کە لە ناوچەی تورکەکاندا بنیشێتەوە. قارەمانێك لە سوارەکانی تورك بۆ پارێزگاریی فرۆکەکە کەوتە رێ لەپشتی گردەکانەوە ونبوو. جەنگ تا ئەم کاتە تەم و مژاوی بوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە فەرماندەی کورد لە چۆنیەتیی رووداوەکە ئاگادار کرا. شەوی پێشوو

تورکەکان، کانی کورکیان گرتبوو، لە کەمیندا بوون کە نزیک رۆژبوونەوە هێرش بکەن. حەوت کەس لە شۆڕشگێڕەکانی کورد لەوانەش ئێلیخانی کوڕە بچووکەکەی برو حسکی و مەلا سەنعللاّ کە یەکێك بوو لەخۆبردووانی نەتەوەیی و ئایینیی کورد لە مزگەوتی ئاگریدا خوتبەی بە ناوی نەتەوەی کوردەوە دەخوێندەوە، تازە لەناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی تورکەوە دەگەڕانەوەو لەدەمەو بەیانیدا چووبوونە ناو دێی کانی کورك. لە ناو دێکەدا لە نێوان ئەوان و چەند سەربازێکی تورکدا لێکدان روودەدات. شۆڕشگێڕەکان چەند سەربازێکیان کوشتبوو چەکەکانیشیان گرتبوو و بەرەو ئارارات کەوتبوونە رێ دەنگی ئەم چەند تەقەیە، ترس و لەرزی لە ناو سەربازەکاندا بڵاوکردبووەوەو دەستیان بە تەقەکردن کردبوو.

لادێنشینە بێچارەکان سێ پیاوو سێ ژن و منداڵێکی چوار ساڵەیان لەکاتی هەڵاتندا لەپشتەوە بە دەستڕێژی شەستیرەکانی دوژمن کوژرابوون. دوو پیاوو کچێکی منداڵی سێ ساڵانەش بریندار بووبوون. براو ژنەکەی حەمید ئیسماعیل لە پاداشتی میواندارییەکەی چەند رۆژ لەوەو پێشی لە ریزی کوژراوەکاندا بوون.

راست لەپێش ئەم رووداوە، فەرماندەی هێزی سوارەی تورك، کۆلۆنێل فەرهاد بەگ. کە نێردرابوو بۆ لای ئیحسان نوری، پێی وتبوو: بۆچی بهێڵین چەکدارەکانمان یەکتر بکوژن، بەڵکو بتوانین ئەم داواکارییانە بە شێوەیەکی دیکە جێبەجێبکەین؟ لەلای ئێمە لە نێوان یەکدووخێڵدا دوو کەس دەتوانن هەموو کێشەیەك جێبەجێبکەن. ئیحسان نوری لەوەرامدا وتی :ئەگەر ئەمە کێشەیەکی تایبەتی یەك کەس بووایە تەنها کەسێك لە ئێمە و دوو کەسیش لە

ئێوە بکوژرێت بەسبوو. ئەمە خودی سەرەك کۆماری تورکیەیـە، کـە دەبێت بێت و لەگەڵ مندا بجەنگێت چونکە ئێوە هاوشـانی مـن نـین، لەلایەکی دیکەشەوە ئەبێت ئەوەش بزانی کە ئەگـەر مـن کـوژرام لـە ناو نەتەوەکەی مندا هــەزاران کەسـی وەك مـن بـەڵکو لـە مـن باشـتر هەیە شـوێنی مـن بەپەلـە، پڕکاتـەوە. بەشێوەیەکی دڵنیـایی مـن و ئێوە رۆژو رۆژگارێك لەگەڵ یەکدا رووبەڕوو دەبینـەوە؛ مـن و ئێـوەو شانۆی جەنگ و نەبەرد.

هەر لەم شەوەدا ئیحسان نـوری سوارە دیـل کراوەکـانی تورکـی ئازاد کرد و داوای لێکردن کە ئەم وتانەی خوارەوە بـۆ فـەرهاد بـەگ بگێڕنەوە: (هیوادار بووم ئێوە لە پێشەنگی هێزی سـوارەی خۆتـاندا ببینمەوە. تەنها ئەمە هۆی هاتنی من بـوو زۆر سـەرم سوڕما کـە لێرەدا ئێوەم نەدی، ئەمەش جارێکی دیکە ترسنۆکیی ئێوەی بۆ من سەلماند، گوایە لەبەر ئەوەی بەردەسـتم نەکـەویت، پێـش گەیشـتنم هەڵاتیت. ویستم بە چەککردنی سەربازەکانت شـوێنی چـۆڵ و هۆڵـی ئێوە پڕبکەمەوە.

هەڵاتنی دانیشتووانی کانی کورك، ژمارەیـەك سـەربازی تورکیـان بـە شـوێن خۆیانـا ڕاکێشـابوو. ئـەوانیش لـە پردێکـی دارینـــی ســەر سنووری ئـارارات و تورکیـە پەڕیبوونـەوە و هاتبوونـە نـاو سـنووری خاکی ئارارات.

ئاگـادار بـوون لــەم رووداوە و بینینـی دیمــەنی دڵتــەزێنی ژن و منداڵـی بێچـارەی هــەڵاتووی کـورد، لـە دەسـتی زوڵمـی ســەربازانی تــورك، ئیــتر مــاوەی پێشــخواردنەوەی بــۆ ژمارەیــەکی کــەمی ئاراراتییەکان کـە لـە بارەگـای فــەرماندەییدا بـوون نەهێشــتەوە.

جەنگاوەرەکانی کورد بڕیاریان دا کە نومایشێك، لە نموونەی قارەمانیەتییەکانی باب و باپیرانی خۆیان نیشان بدەن، ڕۆحی ئەو گەورە پیاوانە کە بۆ پاراستنی نیشتمان و ئازادیی خۆیان بە شمشێری رووتەوە، بەسواری ئەسپ بۆ ناو دەریای جەنگی دوژمن هێرشیان دەبرد، شاد بکەنەوە. ویستیان جارێکی دیکە پەردەیەك لە مێژووی جەنگی ئێران و توووران نیشانی جیهانییان بدەن، بیسەلمێنن نەتەوەی کورد بە راستی، نەوەی ئەو پاڵەوانە ناودارانەی مەیدانی جەنگن. لە ڕۆحی چەك شۆڕی و لە خوێنی نەجیبی ئێرانیی ئەواندا هیچ گۆڕانێك رووی نەداوە، هیچ کەموکورتییەکیش نەهاتووەتە پێش. بەکورتی ویستیان لەم ڕۆژەدا نرخی راستی و بێباکی و مەردایەتیی کوردو تورك بە یەکابکێشن و گەورەیی خۆیان دەرخەن، لەسەر زمانی دۆست و دوژمنی خۆیانەوە دانپیانان و سەلماندن ببیسن. ویستیان ڕۆحی خۆیان بڕژێننە بەر پێی بووکی ئازادی، بڕیاریان دا هەرچەندە ئەیانزانی و ئاگاداربوون کە چەکی دوژمن زۆرترو بەهێزترە، ژمارەی جەنگاوەرەکانیش یەك بەرانبەر بەسەدە، پەلاماری هێزی تورکیان دا. دەبێت بێباکی و سام و هەیبەتی شۆڕشگێڕانی کورد جێگەی کەمیی ژمارەیان پڕبکاتەوە.

لەدوای ماچکردنی ئاخرین بەردەرەشەکانی ئارارات، یانی حەجەرولئەسوەدەکانی ئەم کەعبەی کوردە، پشت لە ئاگری و رووبەرووی دوژمن دەستیان بە دژە هێرشی بەرانبەر کرد. مەیدانی نەبەردەکە تەختایی بوو و لە دەرەوەی چیای ئارارات بوو، لەم رووەوە ئیتر دوژمن نەیدەتوانی بڵێت کوردەکان لە سایەی دۆستایەتیی چیای ئاراراتدا خۆیان لە چنگی ئێمە رزگاردەکەن. لە

رووی ژمارەی سەربازو جۆری چەکەکانیشـەوە هـێزی دوژمـن گـەلێك باشـتر و بـەهێزتربوون، لـە رووی جۆگرافیشـەوە سـەنگەری باشـیان هەبوو، چونکە لە پشتی گردۆلکەکان و لەناو دێهاتەکاندا سەنگەریان لێدابوو. لەوکاتەشدا ئاراراتییەکان لە دەشتاییەکی تەختدا بەبێ هیچ پەناگایـەك مابوونـەوە، بـەڵام لـە بەرانبـەر ئـەم هـەموو بارودۆخـە لەبارەی تورکەکان و زۆرو زەبەندییان، شۆڕشگێڕانی کورد بڕیـارێکی پتەویان هـەبوو. ئـەتوت روحـی پاڵەوانـە دێرینـەکانی ئـێران لـە نێـو لەشیاندا چەکەرەی کردووە. لەم کێبەرکێ گیانبازییەدا هەموو کەس ئەیویست گۆی هونەرو پێشکەوتن لەوانی تر بباتـەوە. ئاراراتییـەکان ئامادە نەبوون خوێنی بێتاوانەکان بڕژێـت و تاوانبارەکـان بـە سـزای تاوانەکانیان نەگەن. سووربوون لەسەر ئەوە کـە گوڵاڵـە سـپییەکانی پـایزە، کـە لـە نێـو چیمەنـەکانی دەورو پشـتی رووبارەکـان خۆیـان دەنوان بە خوێنی خۆیـان سـوورکەن و بیڕازێننـەوەو جـارێکی دیکـە ئاڵای نەتەوەیی کورد بەرجەستەبکەن.

لەبەرانبەر ئەم هەموو بڕیارەدا ئیـتر گوللـەی شەسـتێری دوژمنـی درووێنەکەرو سەربازی پیـادەو تـۆپ لەبـەر چاویانـا هیـچ گرنگییـەکی نەمابووەوەو نەیاندەتوانی رێگـە بـە شۆڕشـگێڕەکان بگـرن. خوێنـی جـەنگاوەرانی کـورد هـاتبووە کـوڵ هێرشـێکی ترسـێنەرانەیان بـردو سەربازی پیادەی دوژمن کەوتە پاشەکشـێ، عوسمـان کـەلیم لەگـەڵ چوار سواردا گەیشت و بەرەو ئاراستەیەکی دیکە رەوانە کرا.

سەربازە تورکەکان خاکی ئاراراتیان بەجێهێشت و گەڕانـەوە بـۆ دێی کانی کورك. کوردەکان بە راکـردن بـە دوایانـەوە بـوون. چەکـە قورسـەکانی دوژمـن پـردە دارینەکـەیان گوللـە بـاران دەکـرد کـە

دەکەوتە سەر رووبارەکەی پێش گوند. جەنگاوەرە کوردەکان بەسەر زەویدا راکشابوون.

سوارێك لە ئاراراتەوە خۆی گەیاندە شۆڕشگێڕە هاوڕێیەکانی بەبێ ئەوەی گوێ بۆ ئامۆژگارییەکانی هاوڕێکانی راگرێت بەرەو پردەکە کە هێشتا لە ژێر لێزمەی گوللە و ئاگری دوژمندابوو، بەپەلە رۆیشت و لە پردەکە پەڕییەوە و خۆی گەیاندە کانی کورك. دەنگی دوو فیشەك بەرزبووەوە بە شوێن ئەویشدا جەنگاوەرانی پیادە لە پردەکە پەڕینەوە. کانی کورك چۆڵکرا، چەند ژنێکی نەخۆش و دوو گیان کە لەماڵەکاندا خۆیان شاردبووەوە هاتنە دەرەوە. لاشەی ئافرەتێك کە نەیتوانیبوو خۆی لە دەستی سەربازە تورکەکان رزگار کات، لەناوەڕاستی دێکەدا کەوتبوو لەکاتێکدا شوێنەواری حەوت هەشت نێزە بە ورگ و سینگییەوە دیاربوو. ئەم ژنە ژنی ئامۆزایەکی حەمید ئیسماعیل بوو.

دوای ئەوە دێکە گیرایەوە. ژنە رزگاربووەکان بە چاوی گریاناوییەوە خۆیان گەیاندە لای سوارەکە. کەوتنە بەر دەست و پێی ئەسپەکەی و ئاوزەنگییەکەی و سمی ئەسپەکەیان لەناو دەرای ماچدا نوقوم کردو لاشەی ناسکی خۆیان بۆ دەکردە قەڵغانی گوللەی دوژمن. ئەم دیمەنە حەسرەت ئەنگێزە هەستی تۆڵەسەندنەوەی کوردەکانی زیاتر جووڵاند، ئیتر هیچ هێزێك توانای ئەوەی نەبوو، کە بتوانێت شۆڕشگێڕەکان راوەستێنێت.

نۆرەی هێرش و پەلاماری برو حسکی هاتە پێشەوە. بە پێداگرتنێکی زۆرەوە، ئەسپەکەی لە سوارەکە سەند و بە تەنها پەلاماری سەنگەرەکانی دوژمنی دا. رێگاکە دوور و زەوییەکەش

تەخت بوو. بەڵام دەشتەکە بەرداوی بوو. شەستیرەکانی دوژمن دەستڕێژەکانی خۆیان زیاتر کرد، بەڵام گوللەی شۆڕشگێڕکانیش وەکو باران بەسەر سەنگەرەکانی دوژمندا دادەباری و نەیانهێشت برو حسکی ببێکرێت. برو حسکی خۆی گەیاندە دامێنی گردەکە. لەوێدا لە دوژمنەوە دیارنەبوو، لە بەڵای گوللەی دوژمن پارێزراو بوو. لە ئەسپەکە دابەزی و لەسەرخۆ بە گردەکەدا سەرکەوت. سەربازەکانی تورك لەم سەنگەرەدا تەنها چەند کەسێك بوون کە چاودێریی پاشەکشێی سەربازەکانی دوژمنیان دەکرد.

عوسمان کەلیم لە خێڵی زیلان لە تایەفەی دڵخێری کە لەناو تورکەکاندا بە ئەلتوندیش ناسراو بوون. لەگەڵ چل سواری خۆیدا. لەسەر پردێکی دارینی دیکەوە پەڕییەوەو بەرەو ئەو گردۆڵکانە کە لە پشتی سەنگەرەکانی دوژمنەوەبوون هێرشی برد، دوژمنی لە سەنگەرەکانا هەڵکەند.

جەنگاوەرە پیادەکانی کورد بەپەلە خۆیان گەیاندە ئەو شوێنەی کە برو حسکی هێرشی بۆ بردبوو. پاشماوەکەی دوژمن توانای بەرگرییان نەمابوو، چونکە ئەیانبینی کوردەکان گوێ بە گوللەکانیان نادەن و بەپەلە بەرەو پێشەوە هێرشدەبەن. دیمەنی ئەم جەنگە لەڕادەبەدەر شایانی تێڕامانبوو. زیاد لە دوو هەزار کەسی پیادەو سواری ڕاهێنراو کە چەکدار بوون بە تۆپ و شەستیری گەورەو بچووکەوە. لەبەر دەم هێرشی دلێرانەی بیست پیادەو شەش سواری کورد، وەکو ئەوەی گورگێك کەوتبێتە ناو ڕانەمەڕێکەوە هەڵدەهاتن. فەرماندەی لەشکری تورك لە هەمووان زووتر خۆی لە جەنگەکە دەرباز کردبوو، ئۆتۆمبیلی فەرمانداری ڕەوانە کردبوو تاکو

تۆپـەكانی پێڕاكێشن و رزگایـان كـەن. شەسـتیرە گـەورەكان لــەناو دۆڵـەكاندا تلـێر دەبوونـەوە. فڕۆكەكـــەو پارێزەرانیشـــی بـــەجێمان. ژمارەیەك سەرباز بە دیل گیران و كوردەكان تاكو دێـی قوتیـس، كـە لە ناو قـــەدی چیـای بایـەزیدا بـوو چوونـە پێشـەوە. مـاوەی نێوانـی دوژمـن و هێرشـبەرانی كــورد دوورتــر كەوتــەوە لەگــەڵ ئەوەشــدا كوردەكان، دوژمنیان بە گوللە باران بەدرەقە دەكرد.

دێهاتییەكی كورد كە ئیبراهیم ئازوی ناو بــوو فڕۆكـەوانی فڕۆكـە كەوتووەكـەی گـەیاندبووە شـاری بایـەزید. لـەم كاتــەدا گەیشــتەلای جەنگاوەرانی كورد و وتی: كاتێك كە من لـە رێگـای شـەیتانەوە (كـە رێگایەكی باریكە لە نێوان قوتیــس و بایـەزید) گەیشـتمە گەردەنـەی بایـەزید، لەشـكری تـورك لەبەردەمتانــەوە هــەڵدەهاتن. ژمارەیــەك ئەفسـەری تـورك لـە گەردەنەكـەوە بــەدووربین تەماشــای مــەیدانی جەنگەكـەیان دەكــرد یــەكێكیان دەســتی لــە ئــەژنۆی، دەداو بــە تووڕەییـەوە ئـەیوت: (خوایـە ئەمـە چ بەدبەختییەكـە. ئـەم هـــەموو پیادەو سوارە، بەم هەموو چەك و تەقەمەنییەو تۆپ و شەستیرەوە، لە بـەردەم دە كـوردی رووتەڵـەو برسـیدا هـەڵدێن)، بـەڵام نـەدەزانرا فـەرماندەی لەشـكری تـورك، لـە راپۆرتــی خۆیــدا ژمــارەی كــوردە ئاراراتییەكانی بە چەند نووسیوە. ئــەم جەنگـە ئەفسانەیەكی لـەناو خەڵكدا دروستكردبوو كە ئەیانوت ئاراراتییەكان لە جـەنگدا سـوارانی سـەرتاپا سـپی دەردەكـەون كـە دەبنـە هـۆی شـكاندنی سـەربازانی تورك.

عەسربوو بـوو، ئاراراتییـەكان بـە دوای فڕۆكەكـەدا دەگـەڕان. دە دوازدە شۆڕشگێڕ كە ئەیوب ئاغای برای برو حسكی، چەند كەسێكی

مووسا بەرکی لەگەڵیابوو، زووتر خۆیان گەیاندە پاسەوانەکانی فرۆکەکە، جەنگێکی سەرقاڵکردن رووی دا. بارودۆخی سەربازەکان گەلێك لەباربوو. لە نێوان تەپۆڵکە جیاجیاکانی تابیەی نزیکی دێی دودگان سەنگەریان گرتبوو. ئاراراتییەکان لێرەدا دەبوایە نزیکەی کیلۆمەترێك بە تەختاییەکداو لە ژێر بارانی گوللەی دوژمندا برۆنە پێشەوە. فەرزندەبەگ حسنی و سەید رەسووڵ بەرزنجی-دوو مەردی جەنگاوەری رۆستەم پەسەند- دەورو بەری لای پشت و چەپی سوارانی تورکیان ئاگر باران کرد. پیادە کانیش بەپەلە ماوە تەختاییەکەیان بڕی و سەنگەرەکانی پێشەوەی تورکەکانیان داگیر کرد. سەربازەکان لە پشتی سەنگەرەکانیانەوە خۆیان قایم کرد. ئەو سوارە کوردەی کە لە هێرشی پێشوودا بێباکانە خۆی گەیاندبووە کانی کورك، لێرەشدا دووبارە خۆی گەیاندە ناوەڕاستی سەنگەرەکانی هەر دوو لا. بەسوود وەرگرتن لە گۆشەیەك کە چەکی دوژمن نەیدەگرتەوەو لەوێدا راوەستا. فەرماندەی سەربازەکانی ئەو بەشە، چونکە بەرگری کردنی بەبێ سوود زانی، فەرمانی گەڕانەوەی بۆ دواوە دا. خۆی و سێ کەسی دیکە بە سواری هەڵاتن. ئەوانی دیکەشیان خۆیان بۆ نەگەیەنرایە لای ئەسپەکانیان، بە پێ پاشەکشێیان کرد. فەرزندەو سەید رەسووڵ، چونکە لەکاتی تەقەکاندا لە ئەسپەکانیانەوە دوور کەوتبوونەوە چوون بە شوێن ئەسپەکانیاندا و لەوێشەوە کەوتنە دووی ئەفسەرە هەڵاتووەکان، بەڵام کات درەنگ بوو و نێچیریان لە دەست دەرچوو بوو. ئیتر دەنگی تەقە نەدەهات. سوارە بێباکەکە کە لە دۆڵەکەدا چاوەڕوانی هەلێکی دەکرد، تاکو لە فرسەتێکدا پەلامارێك بدات. پەلاماری

سەنگەرەکان و شوێنی ئەسپەکانی دا. جگە لە چەند سەربازێکی کوژراوو بریندار و کۆمەڵێك چەك هیچی تر بەجێ نەمابوو. شۆڕشگێڕە پیادەکانی دیکە. هێشتا نەگەیشتبوونە ئەو شوێنە. سوارەکە ئیتر چاوەڕوانی پیادەکانی نەکرد. ئاوزەنگی لە ورگی ئەسپەکەی دا و خۆی گەیاندە نزیکی دوژمن. ئەو سەربازانە کە ژمارەیان نزیکەی شەست سەرباز دەبوون. بەپەلە بەرەو دواوە رایان دەکرد. چەند کەسێك لەوانەی کە دەگەڕانەوە سوارێکیان لە دوای خۆیانەوە دی، کە بەتاو هێرشی بۆ دەبردن. سوارەکە هەلی لەدەست نەدا بەبێ ئەوەی مۆڵەتی بیر کردنەوە بە سەربازەکان بدات فیشەکێکی تەقاندو بە زمانی تورکی تێی خوڕی و فەرمانێك لە شێوەی فەرمانی ئەفسەرانی تورکی پێدان و وتی: خۆتان بە دەستەوە بدەن، دەستان بلّندکەن.

سەربازەکان هەروەکو کەسێکی گوێڕایەڵ مل کەچی فەرمانەکەی بوون. سوارە کوردەکە چووە ناو سەربازەکان و تفەنگێك و پشتی فیشەکی لێسەندن چونکە لەو کاتەی کە دوایەمین گوللەی خۆی تەقاند لەپێش فەرمانی خۆبەدەستەوەدان و ئەو دەمانجە دە تیرییەش کە پێی بوو لەکارکەوتبوو. دڵی دیلەکانی دایەوەو پەیمانی پێدان کە شەو هەموویان ئەنێرێتەوە بۆ شوێنی خۆیان. شۆڕشگێڕە پیادەکانیش، خۆیان گەیاندبووە ئەسپەکانی دوژمن و هەموویان سوار بوون لە دواوە ئەوانیش گەیشتن و هەموو پێکەوە چوونە لای فڕۆکەکە. ئاراراتییەکان لە بەختی رەشیان فڕۆکەوانیان نەبوو. تاکو سوود لە فڕۆکەکە وەربگرن، بەڵام نەیانتوانی لەو شەستیرانە خۆشبن کە لە فڕۆکەکەدا بەسرابوون.

لەبەر ئەمە شەستیرەکانیان لێکردەوەو دەریانهێنان و ناو فڕۆکەکەیان پڕکرد لە پووشو پەڵاش. فەرماندەی کوردەکان لەگەڵ ئەحمەد حاجی برو حەیدەری بە لای فڕۆکەکەوە مانەوە. شۆڕشگێڕەکانی دیکە بەرەو ئارارات کەوتنە رێ و دوور کەوتنەوە. ئەم دوو کەسە چەند خولەکێك. تەماشای پەیکەری گەورەو زەبەلاحی فڕۆکەکەیان کردو بۆ خوا حافیزی ئاگریان نا بە پووشو پەڵاشەکانی ناو فڕۆکەکەوەو ئەسپەکانیان تاودا تاگەیشتنەوە بە هاوڕێکانیان.

پەریی شەو باڵە رەش و تاریکەکانی خۆی بەرووی ئەم کوشتارگایەدا راکێشان و لەبەر چاوا شارایەوە. بێدەنگییەکی سەر سوورهێنەر جێگای ئەو هەیاهوو گرمەو ناڵەی تۆپ و شەستیرە جەهەننەمییەکانی گرتبووەوە. تەنها دەنگی پێی ئەسپەکان بوو کە بێدەنگییەکەی تێك دەشکاندەوە. ناڵەی بریندارەکانیش گوێی سەبەبکارانی ئەم جەنگەی کەڕکردبوو. دەستی تۆڵە پاداشتی هێرشبەرانی بۆسەر ژن و منداڵانی بێدەستەڵاتیان دایەوە. بڵێسەی گڕی فڕۆکەکە بە رووناکییەکانی خۆی شۆڕشگێڕەکانی بەرێ دەکرد. ئەو بۆمبایەی کە بۆ کورد کوشتن بە ژێر فڕۆکەکەوە بەسترابوو، تەقییەوەو بە دەنگێکی زۆر گەورە سەرکەوتنی شۆڕشگێڕانی ئاراراتی راگەیاند. بەم تەقینەوەیە ئاخرین پەردەی شانۆگەریی کانی کورك کۆتایی هات. دیلەکانیش بە پێی ئەو بەڵێنەی پێیان درابوو بەرەڵاکران. ئەمجارە ئاراراتییەکان جل و بەرگی سەربازەکانیان داماڵی تەنها بە کراسێك و دەرپێوە رەوانەی شاری بایەزید کرانەوە، تاکو دانیشتووانی شار بە چاوی خۆیان ئەنجامی لەشکرکێشییەکەی

تورکان و جەنگە خوێناوییە کە ببینن. هاژەی ئاوی رووباری سەر سنوور وەکو ئەوە وابوو کە ئەم شیعرەی مارشی نەتەوەیی ئارارات بخوێنیتەوە:

(رۆژا ئازاد سەر تە هەلات خاکی ئارارات ئازیز تر بوو)
چیای ئاگری شکۆمەندتر دەهاتە بەر چاوی کوڕانی ئاگری و
ئەم بەشەی مارشی ئاراراتیان لە بەر خۆوە دەخوێندەوە.
روونــــاهی تا دەریا رشاند نـــاو مللەتا ئازادی چانـد.
هـــەلبە ئاگری– هەلبە ئاگری
ژساوە تۆ ترك وێ گری تە دید چاوا رۆمی رەڤی
هـــەلبە ئاگــــــری– هەلبە ئاگری

ماناکەی:
رووناکی خۆت گەیاندە دەریا لەناو میللەتدا تۆوی ئازادیت چاند
هەلبە ئـــاگری هەلبە ئاگـــــری
لەشکۆمەندی تۆ تورك دەگری تۆ دیت تورك چـــۆن رایانـــکرد
هـــــەلبە ئاگـــری هەلبە ئاگـــری

جەنگی کانی کورك و بە تایبەتی جەنگی فرۆکە کە لە بنکە سەربازییەکانی سەر سنووری ئێرانییەکانەوە بە جوانی دیار بوو بە دووربین دەبینران. نوێنەری ئەرمەنییە کۆچەرییەکانیش لە کاتی جەنگەکەدا لە ئارارات بوون ئەم دلێرییەی کوردیان بە چاوی خۆیان بینی. لەبەر ئەمە دەتوانین بلێین ئەم نومایشە دلێرانەیەی کورد لە بەردەم دەستەی بە ویژدانی بێلایەندا ئەنجامی گرتووەو ئەم راڤەیەی کە خرایە پێشچاوی خوێندەواران هەرگیز شایانی گومان و

دوودڵی نییه. فـەرماندەی کـورد بەیاننامەیـەکی دەرکـرد و داوای لـە رای گشتی کرد بۆ داوەریکردن. لەم بەیاننامەیەدا ئەمە نووسرا بـوو: کوردەکـان سـەربازە دیـل کراوەکـان کـە بـۆ کوشـتنی کوردەکـان هاتبوون لەدوای چەککردنیان لەو پـەڕی ڕێزگرتنـدا ئازادیـان کـردن. تورکەکان بە پێچەوانەوە نەك تەنها پیاوەکـان بـەڵکو ژن و منداڵانـی کوردەکانیـان هەریـەکێکیان بـەر دەسـت کەوتایـە، بـە ناشـیرینترین شێوە دەیانکوشتن. لە کاتێکدا خۆیـان بـە شارستانیترین دەوڵـەتی کۆن و کوردەکانیان بە یاخی و وەحشی نـاودەبرد. ئایا لـەم دووانـە کامیان بەتایبەتمەندییە بەرزە مرۆیـی و شارسـتانییەکانەوە وەسـف دەکرێت؟

چالاکیی شۆڕشـگێڕانی ئاراراتییـەکان لـە دەورو بـەری بایـەزید سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. زستانی سـارد هاتـە پێشـەوە. زەوی تارای سپیی بەرووی خۆیدا پۆشی، چالا کییـەکانی کـەمتر کـردەوە. ئاراراتییەکان دوازدە دەستگای تەلەفۆنیان بە دەست هێنابوو، بەڵام لە بەر ئەوەی وایەریان نەبوو بەبێ سوود کەوتبوو، شەوێك ژمارەیەك سـواری هـەڵبژاردە نـێردران بـۆ ئیسـتگەی بایـەزید کـە هۆردووگـای سەربازە تورکەکان بـوو، تـاکو هـەندێك وایـەر بێنـن. ئـەم چالاکییـە سەرکەوتووانە ئەنجام درا. لە ڕۆژەکانی دواییدا پەیوەندیی تەلەفۆنی لـە نـاو ئاراراتییـەکاندا سـازدرا. ڕێکخـراوی سـەربازی ئـارارات دامەزرابوو. شۆڕشگێڕەکان وێنەی دوو ئاگر کە لـە برنجـۆك دروست کرابوو، بە کڵاوەکانیانەوە بوو، ئەفسەرەکان لە بـاتی ئـاگر، هێمـای خۆیبوونیان بە کڵاوەکانیانـا دووری بـوو ئـەو نیشـانەیەی کـە پلـەی ئەفسەرەکانی دیاری دەکرد لە سەر شـانیان بـوو. هێمـای خۆیبـوون

بریتی بوو لە خەنجەرێکی ئەستوونی لە ناوەراستدا، گوڵە گەنمێك لەلایەکەوەو لەلایەکەی تر خامەیەك بەشێوەیەك کە لە خوارەوە دەستی هەرسێکیان پێکەوە بەسترابوون کەر تێك خۆر لە ژوور یانەوە بوو، واتە لە لای ژووروی نووکی خەنجەرەکەوە بوو هەرسێکیانی نوقمی تیشکی خۆی کردبوو.

لەم زستانەدا فەرمانداری تورك بۆ لەناوبردنی فەرماندەی شۆڕشگێڕەکانی کورد، پەنایان بۆ شێخ عەبدولقادر برد. بە بڕوای خۆی هەنگاوی نهێنیی ناوە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەیان داودی کوڕە گەورەی برو حسکی-یان هەڵبژاردبوو. تورکەکان لە پەرەسەندنی رادەی بیری ئازادی لە ناو کوردەکاندا بێ ئاگابوون. وایان دەزانی بە دراوی زۆر و تەماع دەتوانن کەسێکی ئاراراتی بەرەو خیانەت رابکێشن. بەڵکو لەوانەیە نەیانزانیبێت کە هەموو گفتوگۆکان و ئەو هەنگاوانەی کەلەم رووەوە هاوێژرابوون، بە ئاگاداری و فەرمانی فەرماندەی گشتیی شۆڕشگێڕانی کورد ئەنجام دەدرا. هەرچۆنێك بوو ئەم نەخشەیە ماوەیەکی خایاند، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

بەهار هات. چیای ئارارات بە سەوزی و گەشاوەیی و بە گوڵی رەنگاوڕەنگ ئارایشی خۆی دەکرد. ئەمە چوارەم بە هار بوو کە ئەم چیا مێژووییە لە ژێر دەستەڵاتی دەوڵەتی تەرکیەدا دەرچوو بوو. کوڕانی دلێرو ئەمەکداری ئاگری بە لەخۆبوردن و قوربانیدان ئەو شوێنەیان کردبووە مەڵبەندی نەتەوایەتی و ناوەندی ئازادیی کورد.

ئاڵای پیرۆزو سێ ڕەنگیی[*] کوردستانیان هەڵکردبوو، و دڵسۆزانەش پارێزگارییان لێدەکرد. ئەم چیایە جەنگاوەرانی خۆی وەك بەردی ئاگرینی گڕکەندەکانی سەرەتای دروستبوونی خۆی بە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا بڵاودەکردەوە، پرشنگی بیری ئازادی مۆخی ناو ئێسقانەکانی فەرمانڕەوایەتیی بێگانەی دەسووتاند. هەموو گۆشەو کەنارێکی کوردستان وەکو پشکۆیەکی ئاگری لێهاتبوو. پرشنگی دەهاویشت و دەیسووتاندو ون دەبوو. ئاگرێك کە دەستە ئاگر کوژێنەوە و پرچەکەکانی تورکیە چیا بە چیا بە شوێن خۆیدا رادەکێشا. لە ئەنجامیشدا گیرۆدەی دەکردن و ئەوەی سووتاندن.

فەرماندەی کورد چونکە لە هیچ روویەکەوە هیوای یارمەتیدان و پشتیوانیی بۆ بەدەستهێنانی چەك و پێداویستییەکانی دیکەی شۆڕش نەبوو بەباشی نەدەزانی ناوچەکانی دیکەش رزگار بکات و بەرەکانی جەنگ زیاتر فراوان بکات. دەیزانی کە لە بەرانبەر تۆپ و فڕۆکە و تانگ و هێزە رێکخراوەکانی تورك تەنها بە تفەنگ، ئەویش ئەو تفەنگانە کە دەبوایە فیشەکەکانی لە سوپای دوژمنەوە دەست کەوێت و دابین بکرێت، فراوانکردنەوەی بەرەکانی جەنگ باش نییە، چونکە ئەیزانی ئەنجامەکەی لەناوچوونی ژن و منداڵانی کوردو وێرانبوونی وڵاتەکەیە و گەلیش بەرباد ئەبێت. لەبەر ئەمە وای بە باش زانیبوو کە ئارارات لە دەستی خۆیا رابگرێت و بەهۆی دەستەی گیانبازانی کوردەوە لە ژێر سایەی کوڕانی شۆڕشگێڕو نیشتمان

(*) ئاڵای کوردستان چوار رەنگە: سوور، سپی، سەوز و زەرد–دەزگای موکریانی.

پەروەری کوردا هێزەکانی دەوڵەتی تورك لە ناوچەکانی کوردستاندا داڕزێنێت بەم هۆیەوە ناڵەی هەژاری و ورە بەرنەدانی نەتەوەی کورد سەبارەت بەدەستهێنانی ئازادیی نەتەوەیی و مرۆڤایەتیی خۆی بە گوێچکەی جیهانیاندا بدات بڕشتی رامیاری و ئابووریی تورك بهێنێتە لەرزین. ئەمەش لە لایەنی دەستەی ناوەندی خۆیبوونەوە بە کارێکی پەسەند دەزانرا. دەوڵەتی تورکیەش لێرەدا هەمان رەفتاری رابوردووی خۆی پەیڕەو دەکرد. کە لە جەنگەکانی باڵکاندا لە ساڵی (١٩١٢) دا کە لە ئەنجامی گوێنەدان بە داخوازییە نەتەوەییەکانی ئەلبان بوو بەهۆی لە دەست چوونی ڕۆم ئێلی. لە توندوتیژیش لەگەڵ عەرەبەکاندا و کرداری بێبەزەییانەی جەمال پاشای وەزیری دەریاوانیی ئەوکاتی عوسمانی لە دیمەشق و بەداراکرنی سەرۆکە عەرەبەکان و ڕاپەڕینی شەریف حسێن باپیرە گەورەی پاشای عێراق لەمەکەداو لە دەستدانی عەرەبستان هێشتا هۆشیاری نەکردبووەوە. لە ناو بیرو خەیاڵاتی پان تۆرانیزمی خۆی ئامادە نەبوو، بوونی کورد وەك بەربەستێکی ئاری نەژاد بوو، لە سەر رێگەی ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیا بسەلمێنێت.

لەبەر ئەمە، فەرماندەی کورد بۆ گەیشتن بەدوا ئامانجی خۆی، فراوانکردنی رێکخستنەکانی خۆیبوون لە کوردستاندا و بەدیهێنانی سەرەتاکانی راپەڕینێکی گشتی بە پێویست دەزانی، بۆ ئەمەش دەبوایە بەهۆی دەستە لەخۆبردووەکانەوە بە ڕێکوپێکی لە تەواوی ناوچە جۆربە جۆرەکانی خاکی تورکیەدا ترس و لەرز بڵاوبکاتەوە. ئەو دەستانەی کە بۆ ناو خاکی تورکیە رەوانە دەکران ژمارەیان کەم بوو، بەدەگمەن هەندێ جار ژمارەیان دەگەیشتە سەد جەنگاوەر. لە

شوێنەکانی گەلێك لە ئاراراتەوە دوور، ئەم ئەرکانە بە دەستە ناوچەییەکان دەسپێردرا و بەم شێوەیە دەستەڵاتداری تورك نەك تەنها لە شوێنە نزیکەکانی ئاراراتدا بەڵکو لە تەواوی کوردستانی تورکیەدا، لە ئاگری گڵپەسەندووی کوردا دەسووتان، بەڵام ناوەندی ئەم گڕکەندانە ئارارات بوو.

ئاراراتییەکان ژمارەیەکی کەم بوون، چونکە خاکی ئارارات لە رووی خواربارەوە، توانای پێکەوەنانی هێزێکی زۆری نەبوو، هەربەم ژمارە کەمەوە لە بەردەم لەشکری گەورەی کۆماری تورکیەدا سینگیان کردبووە قەڵغانی بەلاّی تەواوی کوردستان، ئەرکی دژوارو قورسی پارێزگاری کردنی ئازادیی کوردان لە ئەستۆدا بوو و لە گەلێك رووەوە لەگەڵ زۆر لە بێبەشبوونەکان دەستەو یەخە بون. هەمیشە گیانیان لە زەحمەت و مەترسیی گەورەدا بوو بەلاّم رۆحیان لە ژێر ئالاّی نەتەوایەتیی خۆیاندا پڕ شەوق و شادی بوو. ژیان لە ئاراراتدا گەلێك سروشتی بوو، سەیران و سەرگەرمی ئاراراتییەکان غاردانی ئەسپ و تفەنگ تەقاندن بوو. بەلاّم نەك تەنها لە سەیراندا، بەڵکو لە جەنگیشدا کەمتر شەستیریان بەکاردەهێنا. چونکە لە رووی فیشەکەوە لە تەنگانەدا بوون. شتێك کەلە ئاراراتدا جێگای نەبوو بووەوە ترس و یەئس و نائومێدی بوو.

لە دوای رووداوی کانی کورك هێزی دڵ و دڵنیایی ئاراراتییەکان زیاتر بوو، لەوە دڵنیابوون کە لەشکری تورك بە سوپایەکی گەورەشەوە زاتی هێرشی هەمە لایەنەیان بۆ سەر ئارارات نییە.

ئەفسەرێکی تورك بە ناوی زوهدی گویڤەن لە دوای گەڕانەوەی بۆ ناو فەوجەکەی خۆی لەبارەی جەنگی کوردەکانەوە ئاوای نووسیوە:

(له کاتی جەنگی ئاڵتووندا‌شدا لە دژی عوسمان کەلیم کە لە نزیکی خێڵی شمکان بوو. لە ناوچەی تورلیجە لە نێوان ئیغدیرو فاغزماندا) رووی دا. سوپا لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگەکە پاشەکشێی کرد. لەو کاتەدا کە گوردانی پیادە گەیشت لاشەی چوار ئەفسەری تورکیان دۆزییەوەو لە هەمان شوێندا نایاننە چاڵ. ڕۆژی دوایی کەوتینە دووی ئەو کوردانە کە بۆ شەمکان هەڵاتبوون، رەوانەی چیاو دەشتەکانی ئەو ناوچەیە کراین. توانیمان شەش کەس لەوانە کە لە ناو چادرەکاندا لەو دەشتەدا خۆیان شاردبووەوە دەستگیر بکەین و بیانهێنین بۆ ناو سەربازگەکەمان).

ئەم کوردە دیلانە کە جگە لە چەند شوانێك هیچی تر نەبوون. چەکداریش نەبوون و بە شێوەیەکی کوتوپڕی و بێئاگایی دەستگیر کرابوون و بەبێ هیچ بەڵگەیەك خرابوونە ژێر ئازارو ئەشکەنجەوە.

دەوڵەتی تورکیە بریاری دا پەلاماری تایەفەی شمکان بدات کە لە ژێر سەرکردایەتیی تەیموور ئاغادابوو. ژەنەڕاڵ سوبحی فەرماندەی ناوچەکە فەرمانی هێرشی داو تورکەکان لە دێهاتەکانی کۆپلاجا (Koplaja)دا، دامەزران، زوهدی گیوان رووداوەکە ئاوا دەگێڕێتەوە:

(لەگەڵ دەنگی یەکەم دەستڕێژی تفەنگ، بە پەلە لە چادرەکانمان هاتینە دەرەوە. خوومان بەوەوە گرتبوو کە بە بەرگی سەربازییەوە بخەوین و چەکەکانیشمان ئامادە بێت و لەبەر دەستمانا بێت. دەنگی پاسەوانەکانمان بیست کە هاواریان دەکرد: (ئالێرەداو ئالێرەوە هەڵات) کاتێك هەموو دەرپەڕینە دەرەوە. ئامۆ زیندانی کرابوو. لە دەوەنێکدا دۆزرابووەوە. بەبێ ئەوەی کە ترسا بێت وەکو شێرێك دەینەڕاند. دوو گوللە پێکابووی، یەکێکیان

بەپشتی و ئەوی تریان بەردەستی راستی کەوتبوو یانی ئەو دەستەی کە تفەنگەکەی پێهەڵدەگرت. هەرچەندە بریندار بوو ئامادە نەبوو چەکەکەی بە سەربازە تورکەکان بدات. هێنایان بۆ ناو چادرەکەو لێم پرسی بۆچی خۆت وەکو مەڕ لێکردبوو هاتیتە ناو دێکەوە؟ ئامۆ بەبێ هیچ ترسێك ودڵەڕاوکێیەك وتی: (بۆ تۆڵە سەندنەوەی خوێنی فەتۆی برام بڕیارم دا بچمە ناو چادری ئەفسەرەکانەوەو بیاندەمە بەر گولله، بەڵام بەداخەوە پێش ئەوەی بتوانم کارە کەم ئەنجام بدەم پاسەوانەکان منیان دی).

ئامۆ لە تیرەی کەرم قاسم و خێڵی شمکان بوو. ئەو تووشی خوێن بەربوونێکی توند ببوو، لەکۆتایشدا هەر لەبەر ئەوە مرد. ئەم رووداوە ئەوە نیشان دەدات کە چۆن لە خۆرهەڵاتدا کوردەکان لە هەر بارودۆخێکدا، تەنانەت بە نرخی گیانیان، تۆڵەدەسێننەوە).

لە راستیدا ئامۆ بە برینەکانی نەمرد، بەڵکو کوشتیان. ئەم کارەش نیشاندەری رەفتاری سەربازە تورکەکانە لەگەڵ بریندارەکان دەکرێ بیربکەینەوە لە چارەنووسی ئەو کوردانەی دەیانویست خۆیان بەدەستەوە بدەن. ئەمەش نموونەیەکی دیکە؛ رۆژێکیان سوپای تورك چەند کەسێکیان لە خێڵی شمکان گرتبوو هێنانیان بۆ قەراکۆسە لە دەوروبەری بالیك گوڵ. رایانگەیاند کە ئەمانە لە هێرشێکی کوردەکاندا کوژراون. زوهدی گویڤەن چۆنیەتی رووداوەکە ئاوا دەگێڕێتەوە: (لە کاتی هێرشدا پازدە کەس کە دەستیان لە پشتەوە بە سترابوو لە نێوان هەردوو بەرەی جەنگدا دانران و هەموویان کوژران).

لەراستیدا لەگەڵ ئەوەشدا کە بێتاوان بوون هەموویان قەتڵ و عام کران بە کۆمەڵ کوژران. ئەمەش بەڵگەیەکە لەسەر گۆڕینی راستییەکان لەلایەن تورکەکانەوە بۆ سوودی خۆیان و بڵاوکردنەوەی زانیارییە نادروستەکان لەبارەی ئەو کۆ کوژییانەوە کە ئەنجامیان دەدان).

شێخ عەبدولقادر خێڵەکەی خۆی لەگەڵ خۆیا بردو چوو بۆ چیای ئالآداغ. ئاراراتییەکان حەزیان نەدەکرد کەشێخ لەگەڵ ئەو پەیوەندییە چاکەدا کە لەگەڵ تورکدا هەیەتی لە گۆشەیەکی ئاراراتدا دابنیشێت.

دوو خێڵی حسە سووری و قوتان کە ملکەچی دەوڵەتی تورکیەبوون لە نزیکی قزل دزە (ناوەندی گومرکی ئێران و تورکیە)دا بوون رێگەیان بە شێخ عەبدولقادر گرت. لەوەو پێش سەرۆکەکانی ئەم دوو خێڵە لەگەڵ حکومەتی بایەزید گفتوگۆیان کردبوو و حکومەت ئەم هەنگاوەیانی پەسەندکردبوو چونکە حکومەت دەیویست لە نێوان خێڵە کوردەکاندا دوژمنایەتی دروست بکات، تاکو ببێتە هۆی لێکدانی یەکتری و پێیان وابوو کە ئەم لێکدانانە دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ و دوو بەرەکی و بڵاوبوونەوەی دوژمنایەتی لە نێوان ئەندامانی ئەو خێڵانەدا کە لە نێو سنووری ئارارات و لە پەنای شۆڕشگێڕەکاندابوون. کەواتە لەسەر ئەم خەیاڵە و بەئومێدی ئەوەی کە ئاگری ناکۆکی و خوێن ڕشتن لە ئاراراتدا و لە ناو ئەو خەڵکەدا کە لە ژێر ئالآی ئازادیی خاکی کوردستاندا دەژیان و پشتیان بە ئازادیی کوردستان بەستووە هەڵگرسێنێت موافەقەتی کردبوو لەوە بێئاگا بوو کە لە ناو ئەو کەسانەدا کە لە رێگەی

گەڕاندنەوەی ئازادی و دابینکردنی یەکێتیی گەل گیانی خۆیان بەبێ چەندو چوون پێشکەش دەکەن. هیچ هێزێك ناتوانێت ناکۆکییان بخاتە ناو. بەتایبەتی ڕووداوێك وەك ڕووداوی شێخ عەبدولقادر.

لە دوای جەنگێکی کورت خێڵی ساکان ڕێگایان کردەوەو گەیشتنە ئالاداغ. پارێزگاری بایەزید کە لە ترسی ئاراراتییە شۆڕشگێڕەکان بنکەی خۆی بۆ قەرەکۆسە گوێزابووەوە شێخ عەبدولقادری بانگ کرد. ناوبراو چونکە لە حکوومەت خانە گومان بوو لەباتی خۆی برازاکەی کە ناوی شێخ حەسەن بوو هەم زاواشی بوو ڕەوانە کرد. سەرۆکەکانی حسەسووری و قوتان ئەم نەهاتنەی شێخیان لە لای پارێزگاری بایەزید بە یاخیبوون دایە قەڵەم. پارێزگارییان سەبارەت بە شێخ قادر زیاتر دوودڵ کرد و خستیانە گومانەوە، وایان دەردەبڕی کە شێخ لە دڵەوە لەگەڵ ئاراراتییەکاندا هاوڕێیە.

بەم پێیە نەخشەی داڕێژراوی فەرماندەی کورد جێگەی خۆی گرت. یانی شێخ کە ئەو کاتە لە گۆشەیەکی ئاراراتدا دانیشتبوو ئیتر حکوومەت گوێی پێنەئەدا.

ئارارتییەکان چووبوونە کوێستانی لووتکەی چیاکە. فەرماندای تورك یەك گورهانی پیادەی لە برن سوور لە بەرانبەر پردە بەردینەکەی شێخلو کە بە سەر ئاوی سنووری نێوان ئارارات ودەوڵەتی تورکیە بەسترابوو، لەگەڵ گورهانێکی دیکەدا لە برن ڕەش بەرانبەر دێی کورد ئاوا جێگیر کرد کە سەنگەرەکانیان قایم کردبوو. چەند پۆستێکی دیکەشی کە تا سنووری ئێران درێژ بووبوونەوە بەهێزتر کرد. تۆپێکیشی لە برن سوور لە دەوروبەری دێی چفتلیك (

نێوان کوردئاوا و شێخلو) بە باشی دەخستە ژێر ئاگری خۆیەوە دامەزراندبوو، ئەو ڕێگایەی دەبڕی.

لە ساڵی (١٩٢٢) لەو سەردەمەدا کە ئیحسان نوری پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی نێوان ئێران و تورکیەی لە ئەستۆدابوو، هەر ئەم تۆپە بۆ بەرەنگاربوونەوەی پەلاماری لە ناکاوی لابەلایی لە ژێر فەرمانی ئەودابوو. بەهۆی دژواریی بارکردن و گوێزاندنەوەیەوە لە هەمان کاتەوە لەو شوێنەدا مابووەوە).

فەرماندەی تورك بەم کارەی و بە خەیاڵی خۆی ئاراراتی گەمارۆ دا بوو. لە کاتێکدا نەیدەتوانی بە تەواوی ئەم سەرەتایانە ڕێگربێت لە هاتوچۆی دەستە شۆڕشگێڕەکان. ئا لەم کاتەدا کە فەرماندەی تورك بە هەموو شێوەیەك پۆستەکانی خۆی قایم و بەهێز دەکردو هێزە شۆڕشگێڕەکانیش بە شێوەیەکی دیکە تا دەهات زۆرتر دەبوون: عومەریٚ بەسیٚ کە لە سەرۆکەکانی گلتوری بوو، لە دامێنی باکووری ئاراراتدا و لە ناوچەی ئیغدیر نیشتەجێبوو، عەلویی گوری لە خێڵی قزڵباش ئۆغلۆ، عەبدوللا خەلەف گەورەی خێڵی قزڵباش کە لە ئازاترین لاوانی کورد بوو. چەند ساڵێك لەوەو پێش لە حکوومەتی ئێران زیز بوو بوو. لەگەڵ ژمارەیەك لە ئەندامانی خێڵەکەی لە خاکی تورکیەدا نیشتەجیٚ بووبوو. عومەر مەزراق لە بنەماڵەی سەرۆکەکانی زیلان پەیوەندییان بە ئاراراتییەکانەوە کردبوو. بەم شێوەیە بەشی باکووری ئاراراتیش کەوتە ژێر دەستەڵاتی هێزی گەلەوەو ڕۆژی کورد هەموو لایەکی ئەم چیا پیرۆزەی بە تیشکی پڕ لە خۆشەویستیی خۆی ڕوون دەکردەوە. هەرچەندە لەم بەشەی باکووردا چەند خێڵێکی تێدابوون کە لە ژێر فەرمانی دەوڵەتدا بوون. لەگەڵ

ئەوەشـــدا لـــە هیــچ چەشـــنە یارمەتییـــەکی شۆڕشـــگێڕەکان کەمتەرخـەمییان نـەدەکرد و هیـچ کارمـــەندێکی دەوڵـەتی تـورك چ چەکدارو چ بیّ چەك زاتی نزیك بوونەوەیان لەم ناوچەیە نەبوو.

بە هاتنی ساڵی (١٩٢٩) دانیشتووانی ئاگری کە لە چیاکانداببوون. کوردێك بۆ چاوپێکـەوتنی ئارداشـس مرادیـان، کـە نوێنـەری حـیزبی داشناکی ئەرمەنی بوو و هاورێی ئیحسان نوری بوو، هات بۆ ئارارات. ئـەم کابرایـە بەسـتەیەکی بـۆ هێنـابوو، سـەری گفتوگـۆی لەگـەڵدا کـردەوە و وتـی: (کـوڕی مـامت بـۆ دیدارتـان لـە تفلیسـەوە هـاتووە بۆئێریڤان و ئەم دیارییەو ئەم نامەیەی بۆ رەوانە کردوویت).

لە نامەکەدا نووسرابوو: (ئاگادارکراوم کە لە ئـاگریدای داوامکـرد کە مۆڵەتم بدەنیّ تابێم و بتبینم. ئێستا لە ئەرمەنستانم دەتوانین لـە بەیانییەکی زوودا. . . . (ئەم خاڵانە لە نامەکەدا هـەبوو لـە ئـارالیق لە نزیکی ئاراس یەکتری ببینین).

ئێسـتا تورکـەکان نـاوی ئارالیقیـان گۆڕیـوە بـەدیل. ئـارالیق ناوچەیەك بوو لە ناوچەی چالاکییەکانی کـورد. چـەند جـارێك لـەوێدا پەلاماری تورکەکانیان دابوو، لە کەناری رووبـاری ئاراسـدا لـە نێـوان سنووری رووس و تورکدا بوو.

ئارداشس چەند جار وتی دەمەوێت بیبینم، چونکە چەندین ساڵە نەم دیوە. فەرماندەی کورد کە نەیدەویست مۆڵەتی بدات و بە تەنیا بڕوات. فەرمانی بە پازدە سوار دا کە لەگەڵیا بڕۆن. سوارەکانیش لە ژێـر سـەرکردایەتیی عومـــەری بەسـیّ –دا بـوون. ئیحسـان نـوری ئامۆژگاریی ئارداشس و عومەری کرد کە بـۆ نـاو بەشـی رووسـیە لـە رووبارەکـــە نەپەڕنـــەوە. ناوچـــەی ئـــارالیق یـــانی شـــوێنی

چاوپێکەوتنەکەیان لە دامێنی ئاگریدابوو. ناوچەیەکی وشك و گەرمی بێ کشتوکاڵ بوو بێ دارو درەخت و ئاویش بوو. بێجگە لە دەشتی ئاراس کە لەوبەری رووبارەکەوە بوو یانی لە بەشی رووسیەدا بوو، پۆستێکی پاسەوانی سنووری رووسی تێدابوو. ئەو بەشە بەدارودرەخت و سەوزایی داپۆشرابوو.

ئەفسەری فەرماندەی پاسەوانەکانی سنووری رووسیە بە زمانی رووسی بە ئارداشس کە لەوبەری رووبارەکەوە لەگەڵ عومەری بەسێ و هاورێکانیاندا راوەستابوون، بانگی کردن وتی: کوڕی مامت لە ئێریڤانە هەر ئێستا تەلەفۆنی بۆدەکەم کە بێت. لە راستیدا ئەم ئەفسەرە ئەرمەنی بوو، ئارداشس دەیناسی. هەر لەبەر ئەوە بە زمانی ئەرمەنی بانگی لە ئەفسەرەکە کرد، ئەفسەرە سنوورەوانەکە وەلامی دایەوەو وتی زمانی ئەرمەنی نازانم بە رووسی بدوێ. ئارداشس سووربوو لەسەرئەوە کە زمانی ئەرمەنی دەزانێت ئەفسەرەکەش نەدەچووە ژێری. لە دوای چەند خولەکێك ئەفسەرە رووسیەکە پێشنیاری کرد کە لە رووبارەکە بپەڕنەوە بێن بۆ لای، چونکە ئەوبەرەوە بۆ چاوەڕوانی کردنی هاتنی ئامۆزاکەی لە بارترو فێنکتر بوو. لە هەمان کاتیشدا ئەم بەری رووبارەکە زۆر گەرم بوو. ئارداشس رووی کردە عومەری بەسێ وتی : (راست دەکا بابڕۆین و کەمێك ئیسراحەت بکەین). عومەری بەسێ لەوەرامدا وتی تۆ نەتبیست کە ئیحسان نوری بە راشکاوی پێی وتین کە لە رووبارەکە نەپەڕینەوە و نەچینە ئەوبەر، بەلام ئارداشس لە وەلامدا وتی: ئەو نەیدەزانی کە ئێمە لە ژێر ئەم هەتاوە گەرمەدا ئەبێت ئەوەندە چاوەڕوانی بکەین، ئەگەر نایەیت خۆم بە تەنها دەڕۆم. عومەری

بەسیٚ کەزانی سەر پێچی هیچ سوودێکی نییە و نەشی دەویست بە تەنها ڕەوانەی بکات لەگەڵ چوار سواردا لەگەڵیا ڕۆیشت. بۆ ئەوەی کە رووسەکان نەتوانن بڵێن کوردەکان ڕێز لە ئارداشس ناگرن. دوای ئەوەی لە رووبارەکە پەڕینەوە، ئەفسەرە سنوورەوانەکە وتی نووسینگەی من لەم نزیکانەیە. با بڕۆین بۆ ئەویٚ لەویٚ چاوەڕوانی ئامۆزاکەت دەکەین. چونکە لەویٚ ئیسراحەتترە. فەرمانی بە سوارێك دا کە لەگەڵیانا بڕوات ئەوان کەوتنەڕیٚ کاتێك گەیشتنە فەرمانگەکەو چوونە ژوورەوە عومەر بایز لە نیازی رووسەکان کەوتە گومانەوە. بە ئارداشسی ڕاگەیاند، ئەویش بۆچوونەکەی پەسەند کرد.

رووسەکان بەجارێك لەگەڵیاندا بە ساردی ڕەفتاریان کرد، چەکیان کردن. هیچ هەواڵێکی ئامۆزاکەشی نەبوو. عومەری بەسیٚ کە مرۆڤێکی ئەزموونداربوو و گەلێك دژواریی ڕۆژگاری دیتبوو. بە ئارداشسی وت :من ناتوانم، بەڵام تۆ ئەگەر دەتوانی هە لێ. عومەری بەسیٚ چوو بۆلای لێپرسراوی پۆستەکەی سەر سنوورو پێی وت سوارەکانم لەو بەری رووبارەکەن، لە ژێر ئەو هەتاوە گەرمەدان. دەمەوێت بچم بیانهێنم. ئەفسەرە رووسییەکە بە بیستنی ئەم هەواڵە دیاربوو بە سەربازێکی ڕاگەیاند، کە ئەسپێکی بۆ ئامادە کات، بەڵام عومەر وتی دەبێت سواری ئەسپەکەی خۆم بم، چونکە تفەنگەکەم بە ئەسپەکەوەیە ئەگەر بە ئەسپێکی دیکەو بیٚ تفەنگ بڕۆم سوارەکانم گومانم لێدەکەن. ئەفسەرەکە پێشنیارەکەی پەسەند کرد لە دوای پێدانەوەی ئەسپ و تفەنگەکەی. ئەویش بەرەو رووبارەکەو ئەفسەرەکەی سەر سنوور ڕۆیشت. ئەفسەرەکە مۆڵەتی پەڕینەوەی بە عومەر نەدا و پێی وت هەر لێرەوە دەتوانی بانگیان کەیت. کە

بێن بۆ ئێره عومەر وتی ئەوانە کوردن وەکو ئێوه دیسپلین ناپارێزن، تا تەنها بە بیستنی فەرمان کاربکەن ئەگەر نەتوانم ئەوانە رازی بکەم هەرگیز نایەن. ئەگەر دەتەوێت بێن دەبێت بۆ خۆم بڕۆم و بیانـهێنم. لە ئەنجامدا ئەفسەرە کە قوبووڵی کرد عومەر بەسێ چووه ئەو بەری رووبارەکـەوه گەیشـتەوه لای سـوارەکانی. بەسـەرهاتەکەی بـۆ گێڕانەوه و بە تاو بەرەو ئاگری رۆیشتن.

رووسەکان ئارداشس و هەر چوار سوارەکەیان دەسـتگیر کـردن و بردیانن بۆ ئێریڤان جلە کوردییـەکانیان لەبـەر داکـەندن و لـە شـاری تفلیس– دا لە بەندیخانەیان توندکردن. فەرماندەی هێزەکانی کورد، بە نامەیەك داوای لە رووسەکان کرد کە گیراوەکـان ئازادکـەن. چـەند رۆژێك دوای ئەوه. سوارەکانی کورد واتە چوار سـواره گیراوەکـە بـۆ ئێریڤـان بـانگ کـران و لـە دوای پێدانـەوەی جـل و بەرگـەکانیان گەڕانەوه بۆ ئاگری. فەرماندەی کورد لە نامەی دووهـەمیدا داوای لـە رووسـەکان کـرد کـە ئارداشسـیش ئازادبکـەن، ئـەم نامەیە بـەهۆی کۆمـەڵێك سـواری کـوردەوه بـۆ رووسـەکان رەوانـە کـرا، بـەڵام ئـەم کۆمەڵـە سـواره لەسـەر سـنوور لەگـەڵ پاسـەوانەکانی سەرسـنووری رووس پێکا هەڵپژان تەقەیان لێکردن. سوارێکی کورد بریـندار بـوو و ناچاربوون بەبێ ئەوەی کە نامەکە بگەیەنن گەڕانەوه.

لەدوای ماوەیـەك لـە وەڵامـی رەفتـاری رووسـەکاندا کۆمـەڵێکی پێکهاتوو لە سوارەکانی ئاگری بەرەو شارێکی ئەرمەنی کە لە بەشی باکووری خۆرئاوای ئیغدیری بەشی رووسیا بوو و لە کەناری رووباری ئاراسدا هەڵکەوتبوو، رۆیشتن. لـە تـاریکی شـەودا بەرەشاشـەکانیان

ئاگر بارانیان کردن. له دواییدا زانرا که ئارداشس دوور خراوەتەوە بۆ سیبریا.

له ناوەڕاستی هاویندا مەمو و نادر بەگ کوڕانی کور حسەین پاشای سەرۆکی هەموو خێڵی حەیدەران لەگەڵ دوو برای تریاندا و برازایەکیان لە سووریەوە ڕایانکرد و هاتنە نێو سنووری وڵاتی تورکیە لە دوای بڕینی ناوچەکانی مەدیاد- بشیری- غەرزان و لە دەوروبەری مووش تێپەڕین، لە دوای ئەوەی لە ئەشکەوتێکدا سێ کەسیان بە دەستی هێزەکانی تورک گیران و کوژران خۆیان گەیاندە ئارارات، کور حسەین پاشای سەرۆکی خێڵی گەورەی حەیدەری، بە نفوزترین سەرۆکی کوردی ناو چەی مێژوویی ئاراراتیانی دەوروپشتی ویلایەتی وان حاجی مووسا بەگی هاوڕێشی کە سەرۆکی ژێرو بەرشتی ویلایەتی مووش و لە بنەماڵەی دێرینی گەورە پیاوانیمووش بوو. ئەم دوو سەرۆکە لەکاتی پێکهێنانی کۆمیتەی ئیستقلالی کورد لەگەڵ خالید بەگی جەبرانی لەگەڵ سەرۆک کۆمیتەکەدا هاو پەیمانبوون.

کاتێك کە ئیحسان نوری لاو بوو، لەگەڵ خالید بەگی جەبران لە دژی تورکەکان شۆڕشیان بەرپاکردبوو. لە دوای تێکشکانی ئەم ڕاپەڕینەیان و دەستگیرکردنی سەروان عەلی رەزا بەگی بتلیسی، حکوومەتی تورك، خالید بەگیان لە ئەرزەرۆم دەستگیر کرد. خالید بەگیان لەگەڵ یەکەیەکی سوارەی سەربازی لە ڕێگەی قراکۆسەوە، ئەرجیش، پاتنوس، عادل جەوازەوە برد بۆ بەدلیس لەوێ زیندانییان کردبوو. ڕێگەی ئاسایی ئەرزەڕۆم بۆ بەدلیس لە جانیسەوە دەڕۆیشت. کە سەرزەمینی خالید بەگ بوو، تورکەکان نەیان دەوێرا

ناو براو لەوێوە بەرن. لە کاتێکدا کە خالید بەگ گەیشتە ئەرجیش توانی پەیامێك بە کور حسەین پاشا بگەیەنێت کە لە دەستی تورکەکان رزگاریکات ئەم ناوچەیە لە ژێر دەستەڵاتی خێڵی حەیدەران دابوو. رزگار کردنی خالید بەگ لەلایەنی کور حسەین پاشاوە دژوار نەبوو، بەڵام ئەو نەیویست خۆی گیرۆدە بکات.

لە کاتی راپەرینەکەی شێخ سەعید، حاجی مووسا بەگ و خالید بەگی جەبرانی لە زیندانی بەدلیسدا گیرابوون. بەڵام کور حسەین پاشا هەر وەکو جاران لەناو خێڵەکەی خۆیدا رۆژگاری بەسەر دەبرد. ئاگری پشێوی لەگەڵ راپەرینی خێڵەکانی جەبران، زەرکان، حەسەنان، گەیشتبووە سەر سنووری خێڵی حەیدەران، داوایان لە حسەین پاشاکردبوو کە ئەمەکداری و پەیمانی خۆی بەجێ بێنێت یانی پەیوەندی بە شۆڕشگێڕەکانەوە بکات، ناوبراو سەرەڕای ئەوە کەدراوێکی هێجگار زۆری هەبوو شەیدای ئەسکەناسی تورکەکان بووبوو، دڵی بۆ لیرەی تورکی لێیدەدا بە بیانووی ئەوە کە چاوەڕوانی وەڵامی ئیسماعیل ئاغا واتە سمکۆ دەکات پاڵی بە رۆژگارەوە نابوو، تاکو شکان و گرفتاریی شێخ سەعید هاتە پێشەوە. لە دوای ئەم تێکشکانە ژمارەیەك لە جەنگاوەرانی جەبران، زەرکان، حەسەنان کە بەرەو سنووری ئێران پاشەکشێیان دەکرد لە کاتی پەڕینەوە لە ناوچەی خێڵی حەیدەران بەرەو رووی بەرهەڵستکارانی حسەین پاشا بوونەوە. حسەین پاشا ماوەی حەوت رۆژ رێگەی بە شۆڕشگێڕەکان گرت، لە ئەنجامدا لە دوای چەند جەنگێك شۆڕشگێڕەکان رێگایانکردەوە و خۆیان گەیاندە سەر سنووری ئێران. لێرەدا بوو کە هاوکاریی حسەین پاشاو هێزەکانی

دوژمن ئاشکرابوو، بەڵام مەردانی بێباك و نەتەوە پەرستی خێڵی حەیدەران لە چوار چێوەی ئەم لێکدانانەدا یارمەتیی شۆڕشگێڕەکانیان دەدا و هۆی رزگاربوونیان بۆ بەدی دەهێنان.

شتێك کە بووە هۆی بەدناویی ئەم خێڵە یەکەم کوشتنی دوو کەس بوو لە هەسنییەکان کەناویان زاهیرو بەشیر بوو. لە ئاوایی کەندال بەشك بە دەستی قاسو کندیك و دووهەم بەدەستەوەدانی دووکەسی دیکەی هەسنی بوو بەناوەکانی حەسەن زوبێرو شەمسەدین لەوەند. (لە نۆکەرەکانی سلێمان بەگ) بە جەندرمەکانی تورك. ئەم دوو کەسە رێگەیان ونکردبوو و چوو بوونە ماڵی بەدری بەگ. ناوبراویش بە حکوومەتی ئاباغانی راگەیاندبوو حکوومەتیش چەند نەفەرێك ژاندارمی ناردبوو لە کاتێکدا کە ئەم دوو کەسە لە ژوورێکی ماڵی بەدری بەگدا خەوتبوون گیران و ئەوەندەیان لێدان کە حەسەن زوبێر لە رێگەداو لە نێوان بەدلیس و غەرزان لە ژێر زەبری قەمچی جەندرمەکاندا گیانی لە دەستدا، بەڵام شەمسەدین چونکە بەهێز بوو نەمرد لە دواییدا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە ئەزمیردا لە بەندیخانەدا بوو. لە پاش سێ ساڵەکە لە بەندیخانە هەڵات خۆی گەیاندە ئارارات و لە دەستەکەی فەرزندە بەگدا ئەرکی نیشتمانیی خۆی بەجێ دەهێناو درێژەی پێدەدا. بەڵام پیاوە نەجیبەکانی دیکەی خێڵی حەیدەران بەو گیانبازییانەی کە لە دواییدا لە رێگەی ئازادیی گەلدا نیشانیان دا و بەو خوێنانەش کە پێشکەشی ئازادییان کرد ئەم دوو ڕووداوە شەرمەزارییەیان شۆرییەوە.

کور حسەین پاشا بە بەشداری نەکردنی لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەیی تایەفەی حەیدەران بەڵکو خێڵە گەورەکانی وەکو، سیلان،

جەلالی، سپیکاو تایەفەکانی دیکەی کوردی لە شوێنی خۆیانا ڕاوەستاندبوو.

کور حسەین پاشا بە نژاد کورد بوو. بوونی ناوی کوردیش بۆ ئەو پێویستی بە سزادان بوو و بە خزمەت کردنی دەوڵەت نەیدەتوانی لە سزادان ڕزگاری کات. لەم رووەوە لەدوای نەمانی مەسەلەی شێخ سەعید لە ناوەڕاستی زستاندا. ناوبراو لەلایەنی دەوڵەتەوە گیراو لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی بە شێوەیەکی ناشیرین بۆ ناوچەی خۆرئاوای تورکیە دوور خرایەوە.

حاجی مووسا بەگیش بە هۆشیاریی کەم وێنەی خۆی لەبەندیخانەی بەدلیس لە دوای دادگایی کردنی لە کوشتن رزگاری بوو و فەرمانی دوور خستنەوەی بۆ دەرچوو. ئەم دوو کۆنە هاوڕێیە لە ئۆردووگای دوور خراوەکانی ئایدین یەکتریان دۆزییەوە. لەبەر ئەوەش کە هەردووکیان رۆحی ئازادییان هەبوو نەیاندەتوانی خۆیان لەگەل دوور خستنەوەکەدا ڕابێنن پێکەوە بڕیاری راکردنیان دا. حسەین پاشا ماڵ و منداڵەکانی دایە دەست دوو کوڕی خۆی. بۆ خۆی و حاجی مووسا بەگ و کوڕەکانی دیکەشی چەند ئەسپ و تفەنگی پەیدا کردو بە شەو لە شار چوونە دەرەوەو ڕێگەی سووریەیان گرتە بەر. لە سووریە بوون بە میوانی حاجو ئاغا کە یەکێك بوو لە سەرۆکە شۆڕشگێڕەکان و سەرۆکی خێڵی هەڤیرکا بوو لە ناوبراوەوە زانیارییان سەبارەت بە کۆمیتەی خویبوون بە دەست هێنا، دۆستی و وەفاداریی خۆیان بۆ کۆمیتەی ناوبراو بە نووسین راگەیاند و بە هۆی نامەبەرێکی تایبەتییەوە رەوانەی دەستەی ناوەندییان کرد. لەوێشدا بەپێی فەرمانی رێکخستنەکانی خۆیبوون

بەرەو ئێران ڕۆیشتن. لە شاری مووسڵدا بە پێی ئەو پەیوەندییە باشانەی کە لە نێوان دەوڵەتی گەورەی بەریتانیاو تورکیا هەبوون. بەر بە ڕۆیشتنیان گیرا، ناچار سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ سووریە. حاجی مووسا بەگ نەخۆش کەوت. لە دوای ماوەیەك لە ماڵی حاجو ئاغا دڵە پڕ لە سۆزە نیشتمانییەکەی لە لێدان کەوت و هاوڕێکەی بە تەنها بەجێهێشت.

بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکانی خۆیبوون چوار کوڕو کوڕەزایەکی حسەین پاشا لە ناو کوردستانی تورکیەوە و هەروەها خودی حسەین پاشاو کوڕەکەی عەدۆ و خوشکەزایەکی و نەوەیەکی تری. بەناو خێڵەکانی سەر سنووری باشووری تورکیەدا چوون بۆ ئارارات. لەدەستەی یەکەمیاندا شەش کەسیان لە ئەشکەوتێکدا لە لایەنی هێزەکانی دەوڵەتی تورکیەوە گەمارۆ دران و کوژران، دوو کەسی دیکەش مەحموود و نادر ڕزگاریان بوو. خۆیان گەیاندە چیای ئاگری کە پەناگاو مەکۆی ستەم دیدەکان بوو.

خودی حسەین پاشا لەبەر ئەو خەیانەتانەی کە بەرانبەر بە شۆڕشگێڕەکان کردبووی لەگەڵ هاوسەرەکانیدا لە شەوێکدا بە گوللەی کوردەکان گیانیان لە دەست دا. ئەو سەروەت و سامانەی کە بۆ پاراستنیان کەوتبووە زەلکاوی خەیانەتەوە لەم چەند خولەکەی کۆتایی ژیانیا هیچ ئەمەکدارییەکیان بۆ نیشان نەدا. لە کاتێکدا کە خاوەنی دەیان هەزار لیرەی عوسمانی بوو لەگەڵ کوڕەکانیا بەبێ کفن مردن و لە ناو هەزاران بنەماڵەی خێڵی حەیدەری یەکێك لە ژوور سەری نەبوو، کەسێك لاشەکەی بە خاك نەسپارد، بوو بە خۆراکی دڕندە هەردییەکان. بەم شێوەیە مێژووی

نۆکەرایەتی بۆ دەوڵەتی تورکیە و خەیانەت کردن بە گەلی کورد و پاداشی کردەوەکانی کور حسەین پاشا پێچرایەوە.

(ئەگەر خۆیبوون چاو پۆشیی لە رابردووی خیانەتکارانەی حسەین پاشای کرد و بەخشی، بەڵام مەعلووم نییە کە خواوەند بیبەخشێت، هەتاهەتایە مۆری خەیانەتکاریش بە ناوچاوی بکوژەکانیشییەوە ئەمێنێتەوە.

لە راستیدا کاتێك کە کور حسەین پاشا. سووریەی بە جێهێشت بە ناو خێڵە کوردەکاندا تێپەڕی و گەیشتە بارزان، بووە میوانی شێخ ئەحمەدی بارزانی، برا گەورەی تێکۆشەری گەورەی کورد مەلا مستەفا. کور حسەین پاشا، هەرلەوێ چاوی بە مەدنی کوڕی حاجی مووسا بەگ و مامە کەشی نۆح بەگ کەوت. چەند رۆژێك لە بارزاندا پشوویان دا. ئەو رۆژەی کە بەرەو ئاگری رۆیشتن. مەدنییش دەیویست بڕوات بۆ ئارارات. لەگەڵ چەند سوارێکی چەکداری کور حسەین پاشادا بوون بە هاوڕێ، ئەمانە دەبوایە بە شێوەیەکی نهێنی لە سنووری عیراقەوە تێپەڕن. لە شەوێکدا لە ناوچەیەکی چیاییدا مەدنی و پیاوەکانی نەخشەیەکی ئەهریمەنانەیان داڕشت، حسەین پاشاو هەموو سوارەکانی حسەین پاشایان لە خەوا کوشت و چوونەوە بۆ تورکیە. کاتێك کە شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەمەی بیست دەستی بە لێکۆڵینەوەی رووداوەکە کرد و بۆی دەرکەوت کە برای حاجی مووسا بەگ. بە نهێنی پەیوەندیی بە حکوومەتی تورکیەوە هەبوو، بە کوشتنی کور حسەین پاشا دەیانویست لە لێبووردنێکی گشتی بەهرەمەندبن. هەر بەم نیازەوە بوو مەدنی ویستی لەگەڵ کور حسەین پاشادا ببێتە هاو سەفەر.

شێخی بارزان لـە تۆڵـەی ئـەو خەیانەتـەدا نۆح بـەگی لـە دار دا. نەیهێشت بـەم کـارە ئابڕوویەرانـەو خەیانەتـە سـوود لــە لێبوردنــی تورکیە وەربگرێت. لە دواییدا پێیان ڕاگـەیاندم، کـە بـەهران نـەوەی کور حسـەین پاشــا بــە کوشــتنی مــەدنی تۆڵــەی باپــیری خــۆی سەندەوە).

لە کۆتـایی هـاویندا لـە نزیکـی ئـارارات لـە نێـوان پاســەوانانی سنووری ئێران و تورکیــەدا ناکۆکییــەك ڕووی دا، ســەربازە ئازاکـانی ئێران پەلاماری پۆستێکی سەربازی تورکیەیان دابــوو، بەرزاییــەکیان لێگرتبوون، دلاوەرە کوردەکان لەکاتی ڕووداوەکـە پەلـەیان کـرد بـۆ یارمەتی دانی ئێرانییەکان. فەرماندەی پاسەوانەکانی سەر سنووری تورکیە هەستی بە خراپیی بارودۆخەکە کرد، بەپەلە لەگەڵ ئەفسەرە ئێرانییەکاندا کەوتبووە گفتوگۆکردن، ناکۆکییەکەی چارەسەرکرد.

ئەم پێشهاتە ڕێکەوت بوو لەگەڵ ڕۆژێك کە فەرماندەی کـورد بـۆ سەردانی لقەکانی خۆیبوون لە ئارارات چوو بووە دەرەوەو هــەر لـەم کاتە دابوو کـە شـێخ عـەبدولقادر خـەریکی گەڕانـەوەبوو بـۆ شـوێنی زسـتانەی خـۆی، لـە ناوچـەی چیـای تنـدروك کەوتـە بـەر پـەلاماری هێزەکانی دەوڵەتی تورکیە. خێـڵ و کـەلو پـەل و مـەڕوماڵاتی خـۆی بەجێهیشــت و بــە زەحمــــەتێکی زۆر مـــاڵ و منداڵـــەکانی خـــۆی ڕزگارکردن. بە حاڵێکی پەرێشانەوە پەنای بە ئارارات برد. بەداخەوە ساڵحی برازای و شێخ یاسینی کوڕی مامی و ژمارەیەکی دیکـەش لـە ژن و پیاو کوژرابوون، بـەم شـێوەیە دوو بـارە شـێخ پـەیوەندیی بـە شۆڕشـگێڕەکانی کـوردەوە کـرد. پێـش ئـەوەی زسـتان لـە نێـوان هـەردوو بـەرەی دژبەیـەکدا تەقـە وەسـتانێکی کـاتی ڕابگەیـەنێت.

خـێزانی فـەرماندەی کـورد کـە لـە ئـەنجامی گفتوگۆکــردن، لەگـەڵ دەستەی نێردراوی تورك کە لە نزیك پردی شێخلو بـە پەساپۆرتەوە لە تورکیەوە چووبوون بۆ سووریە گەیشتنە ئارارات، ئەم کارە کە بە رووالەت گرنگ نەبوو توانای رێکخستنەکانی خۆیبوونی نیشـان دەدا. هێشــتا یەکــەم هەفتــەی گەیشــتنیان کۆتــایی نــەهاتبوو. فرۆکــە جەنگییەکانی تــورك لـە ئاسمـانی کوردئاوادا دەرکـەوتن و بـەبۆمباو ئــاگری شەســتیرەکانیان ئــەرکی بــەخێرهاتنیان ئــەنجام دا، ئــەم کارەیان چەند رۆژێك یەك لە دوای یەك دووبارە کردەوە.

تەمەر شەمکیش دووبارە گەڕایەوە بۆ ئارارات ئەمجارە بێجگە لە چەرخەی برای چەند دلاوەرێکی دیکەش وەکو ئۆسی و فەتو کە لـە بێبـاکی و جـەنگاوەریدا بەڕاسـتی بێوێنـە بـوون لەگـەڵدا بـوو. شـێخ تاهیر لاوێکی ئازاو گیانبازی کورد بوو لەگەڵ براکەیدا هـاتن بـۆ دێـی عەبدولقادر و پەیوەندییان بە شۆڕشگێڕەکانی ئاراراتەوە کرد.

بەفر بارین بێدەنگیی راگەیاند.

لە ئاراراتدا رۆژنامەیەك بــە زمـانی کـوردی لـە ژێـر نـاوی ئـاگری بڵاوبووەوە و ئەم رۆژنامەیە لەگەڵ نەبوونی کاغەزیشدا بـە گـوێرەی پێویست ژمـارەی لێ بڵاودەکرایـەوە،لـە لایـەکی دیکەشـەوە چونکـە چاپخانە نەبوو. رۆژنامەکە بە شێوەی ژلاتین دەردەچوو.

سەربازانی تورك هەستیان کردبـوو کـە لـە بەرانبـەر دوژمنێکـی بێباکدا رووبەڕووبوونەتەوە لەبەر ئەمە گەلێك دەترسـان. ئاشـکرابوو کـە خـەوی شـەوانەیان نـەبوو چونکـە زۆربـەی شـەوەکان تەنـها بــە خەیاڵی ئەوەوە کەدەکەونە بەر هـێرش و پـەلاماری شوڕشـگێڕەکان فیشەکیان بـە تـاریکیی شــەوەوەدەنا. بۆمبایـان دەهاوێشــت لــە

شوێنێکەوە کە دەنگی گوللەیەك دەبیسترا. شوێنەکانی دیکەش بە چاو لێکەری بە دوای ئەواندا تەقەیان دەکردو درێژەیان بە تەقەکانیان دەدا. ئەمەش بۆ ئاراراتییەکان لەشێوەی یاریی ئاگر بازیدا بوو.

لەم زستانەدا بوو کە سەرکوتکردنی شێخ محەمەد حسەسووری کە سەر بە حکوومەتی تورکیە بوو لە نێو فرسەخی شاری بایەزیدا دادەنیشت و بەهاندانی فەرماندە سەربازییەکانی سەر سنووری تورکیە. لەگەڵ تاقمە تایبەتییەکەی خۆی بە نهێنی دەچوونە نێو خاکی ئێرانەوەو ئێرانییەکانیان رووت دەکردەوەو دەگەڕایەوە بۆ تورکیە. بۆ بنبڕ کردنی ئەمکارە هەنگاو نرا. ژمارەیەك پیادە بە سەرۆکایەتیی رەسوولی شێخ عەبدولقادر چوون بۆ سەر دێی ناوبراو شێخ محەمەد کوژرا لە کاتێکدا کە شێخ محەمەد لە لایەکەوە لە تایفەو خزمە نزیکەکانی برو حسکی بوو و لە لایەکی دیکەشەوە لە ئامۆزاکانی ماڵی شێخ عەبدولقادر بوو. کۆمیتەی خۆیبوون فەرمانی بۆ هەموو لقەکانی خۆی دەرکردبوو پێی راگەیاندبوون: (شۆڕشگێڕەکانی کورد نابێت تەنها سوودە رامیاری و ئابوورییەکانی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێرانیان بەلاوە گرنگ بێت بەڵکو دەبێت بە کردەوەو دڵسۆزانە ئەم مەسەلەیە بسەلمێنن. بەم هۆیەوە بە دابینکردنی بێلایەنیی دەوڵەتی ئێران قایل نەبن، بەڵکو لە ئەنجامدا دەبێت نیشانەی راستی و دۆستایەتیی مەعنەوی و رامیاریی دەوڵەتی ناوبراویش بەدەست بێنن).

ئەم ئاگادارییە کە بە مۆری رەسمیی کۆمیتەی ناوەندی خۆیبوون مۆر کرابوو. دوور نییە کەوتبێتە بەرچاوی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئێرانیش.

ئەم فەرمانە بە تەواوی راپەڕێنرا بە شێوەیەك کە تاکو تێکشکانی رێکخستنەکانی ئارارات بچووکترین کارێك کە پێچەوانەی فەرمانی سەرەوە بێت، لە لایەنی ئاراراتییەکانەوە رووی نەدا، بە جۆرێك کە هێزەکانی ئارارات لە درێژەی جەنگ و پێکدادانیاندا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە وەکو لەشکرێك کە پاراستنی سنوورەکانی ئێرانی پێسپێردرابێت رەفتاریان دەکرد، لەبەر ئەمە مافی ئەوەیان هەبوو کە چاوەڕوانی پاداشتی چاکەیان لەدەوڵەتی ئێران هەبێت. بە داخەوە رووداوێك هاتە پێشەوە کە لە لاپەڕەکانی دواوە دەیخەینە بەرچاوی خوێنەواران کە پێچەوانەی ئەم چاوەڕوانییە بوو.

* * *

سەرەتای یەکەم مانگی بەهار بوو. هێشتا زستانی ئارارات کۆتایی نەهاتبوو. شەوێك هێزەکانی حکوومەتی تورکیە لەگەڵ ژمارەیەك لە خێڵی کەکسۆیی دەوروبەری دێکەی شێخ عەبدولقادریان گەمارۆدا، دێی شێخ لە کۆتایی بەشەکانی خۆرئاوای ئاراراتدا، لە ناوچەیەکی تەختاییدا هەڵکەوتبوو، بەشی باکوورو خۆرئاوایشی بە چیایە بەردینەکان کە وەکو دیوارێك سەریان لە ئاسمان دەسوو. سەرکەوتن بە سەریانا گەلێك ناهەموار بوو هاوسنوور بوو. دوژمن ئەم شوێنە سەختانەی داگیر کردبوو. بەیانی زۆر زوو لە کاتێکدا کە شێخ لەماڵەوە دەردەچوو درایە بەر دەسترێژ. دانیشتووان بە سەر سامییەکەوە لە خەو راپەڕین گوللەی

تفەنگ و شەستیر وەکو تاوە تەرزە بە سەر دێکەدا دادەباری، ئیتر ماوەی وتووێژو پرس و ڕا نەبوو. چاوەڕوانی کردنی یارمەتیش دەبووە هۆی زیانێکی زۆر...... تەمەر شەمکی و چەرخە و ئوسی و فەتوو شێخ تاهیر و رەسووڵی کوڕی شێخ و کوڕە ئامۆزاکانیشی. عەلوی ئەزدی و چەند نەفەرێکی دیکەش لە شێخەکان بە جلوبەرگی شەوانەیانەوە بەبێ ئەوە کە ماوەی خۆ گۆڕینیان هەبێت. بە دەستێکیان چەکەکانیان و بە دەستەکەی دیکەشیان فیشەکدانەکانیان هەڵگرتبوو لە ماڵەکانی خۆیان هاتنە دەرەوە. ئارارات لەماوەی ئەم شەش مانگەی دواییدا دووهەم جار بوو کەبێباکی و ئازایەتیی کوڕەکانی خۆی بە روخساری دوژمنانی کوردا بداتەوەو تۆڵەی سەرلێشێواندنی سەردەمە رابوردووەکانی بسێنێتەوە.

قارەمانەکان وەکو بزنە کێوی لە بەردێکەوە بازیان دا بۆ بەردێکی دیکە. لە ماوەیەکی کەمدا خۆیان گەیاندە یەکەم هێڵی دوژمنی سەرەڕۆ. دوژمن چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد، خۆیان ونکرد. ئەو ئەفسەرو سەربازانەی کە لە لای دژە هێرشەکەوە بوون گیانیان بە یەزدان سپارد. تێکشکان تەواوی هێڵەکانی جەنگی گرتەوە. تاکو یارمەتیی کوردەکان لە پشتەوە گەیشت. بەشێك لە تورکەکان بەرەو مۆڵگاکانیان راونرابوون و بە شێکی دیکەشیان پەردەوازە بوو بوون. چەند کەسێکیشیان لە ترسی گیان خۆیان هاوێشتبووە ناو ئەو هۆڕو زۆنگاوە کە لە نێوان هێڵی هەردوو لادا بوو، لە ئەنجامدا هیچ شوێنەوارێکیان لێ نەدۆزرایەوە. چونکە شێخ تاهیر لەگەڵ ژمارەیەك

له شۆڕشگێڕەکانا بە شێوەیەك پەلاماریان دابوون کە ڕێگەی پاشەکشێی سەربازەکانیان گرتبوو. لە کاتی هەڵاتندا ژمارەیەکیان فیشەکدانەکانیان فڕێدابووە ناو هۆڕو زۆنگاوەکان تەنها چەند فیشەکدانێکیان بۆ کوردەکان دۆزرایەوە.

کوردەکان بیست سەربازیان بە دیل گرتبوو، ژمارەیەکیش چەك و فیشەکیان دەست کەوت. لە ناو ئەم چەکانەدا چەند شەستیرێکی سووکیان تێدابوو. کاتژمێرێك دوای ئەوە فەرماندەی لەشکری شۆڕشگێڕەکان و برو حسکی لەگەڵ شێخ عەبدولقادر لەبەر دەرگای ماڵی شێخدا دانیشتبوون. گوێیان لە بەسەرهاتی جەنگەکە دەگرت جەنازەی ئەفسەرێکی تورك لەگەڵ جەنازەی کوردێکدا هێنان، ئەم کوردە کوژراوە هەمان تەمر کەسکۆیی بوو کە ماوەیەك لەوەو پێش وتبووی من (تورکی کوڕی تورکم).

لە بەردەم جەنازەکاندا برو حسکی بە دەربڕینی ئاخ و کەسەرەوە وتی خواش تاقەتی جارانی نەماوە، خائینەکان زووتر بە سزای خۆیان دەگەیەنێت. بڕیار درا کە ئەم دوو برا تورك و کوردە پێکەوە لە گۆڕێکدا بشارنەوە، تاکو هیچ کاتێك لەیەك جیا نەبنەوە، تەمر کەسکۆیی، لە باتی ئەوەی بە پاداشتی گیان بە ختکردنی شانازی بۆ منداڵەکانی خۆی بە دەست بهێنێت کەچی ناوی شەرمەزاریی بە یادگار بۆ بەجێهێشتن.

ئاراراتییەکان دەیانویست مافی داگیرکراوی کورد بەدەست بێننەوە، تەمر کەسکۆیی کوردبوو. مەسەلەی پێشێلکردنی مافی خۆی و خێڵەکەی و منداڵەکانیشی لە ئارادا بوو. دیاربوو کە ورە بەرزو بێباك بوو کە هاتبوو بۆ جەنگ، بەڵام نەزانی و بەد سروشتی

چاوی زیرەکی و وریاییـــان وا بەســتبوو کــە یارمــەتیی دوژمنــانی بەرگریکەرانی مافی خۆی ئەدا.

دیلـە تورکـەکان نـێردران بـۆ نـاوەندی ســەرکردایەتی. لــە دوای شەوێك پشوودان لەگەڵ چەند کەسـێکدا نـێردران بـۆ سـەر سنووری ئێران. لە نزیك پۆستێکی سەر سنوور لە خاکی ئـێران بـەرەڵا کـران. لە کاتی بەڕێ کردنیان لە کـورد ئاوا. یـەکێك لـە سـەربازە دیلـەکان گۆرەوییەکانی گەلێك کۆن و داڕزاو بوو، هوریك کە نـاوی پـیرەژنێکی کورد بـوو، گۆرەوییـەکانی پێـی خـۆی داکـەندن و دای بـە سـەربازە تورکەکە، تاکو لە ڕێگەدا سەرمای نەبێت. ئەمــە نموونەیـەك بـوو لـە نەفس بەرزی و ڕۆح گەورەیی و سروشت پاکیی کـورد. سـەمبولێکی بەرجەستەی ڕەفتاری کورد بوو بەرانبەر بەدیلەکان.

ساڵی (١٩٣٠) گەیشت ئەم ساڵە پێنجەمین ساڵی ئازادیی ئارارات بـوو. درێـژەدان بـەم بارودۆخـە لـە ئاراراتدا بـۆ تورکــەکان هــەرس نەدەکرا. نەتەوەی کورد هۆشیار بووبووەوە، میراتی باب و باپـیرانی خۆی دەویست. گوێی بە لێبووردنی دواخستن و بەخشینی خــەڵات و پەیمانەکانی دیکەی نەدەدا. ئاراراتییەکان دەیانوت : (لێبووردن بـۆ تاوانباران شایستەیە، بەڵام ئێمە تاوانبار نین، ئێمە مافی داگیرکراوی مرۆیـی خۆمـان دەوێـت نـەك لێبـووردن، بــەڵکو ئێمــە دەســتەڵاتی بەخشینمان هەیە).

حکوومەتی تورکیە تەنها بە هێزی سەربازیی خۆی، بەو شێوەیە کە چەندین جار تاقیکردبووە، توانای باشــکردنی کێشـەکەی نـەبوو، پێویستی بە کۆمەکی دەرەکی بوو. شوێنی جوگرافیایی ئارارات بـە شێوەیەك بوو، کە لە نێوان سنوورەکانی ئێران و ڕووسیە و تورکیەدا

هەڵکەوتبوو. هەنگاوە رامیارییەکانی حکوومەتی تورك توندتر بوو بە راگەیاندنی هاشەو هووشەی دوور لە راستیی خۆی، دەوڵەتی شوورەویی بۆ لای خۆی راکێشابوو. لە ئەنقەرەشدا لە نێوان وەزیری دەرەوەی تورکیە و باڵوێزخانەی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێراندا بۆ بەستنی پەیماننامەیەکی دۆستانە کە بە زیانی ئاراراتییەکان تەواو دەبوو، دەرگای گفتوگۆکردن کرابووەوە. لەم رووەوە لە تارانیشدا لە لایەنی تورکەکانەوە هەنگاو لە دژی ئاراراتییەکان نرا بوو، ئاراراتییەکان بە وردبینی و گرنگییەکی تایبەتی بە دوای گفتوگۆکانی نێوان ئێران و تورکیەدا دەگەڕان. هەرچەندە دەوڵەتی ئێران دەیزانی و نیازی ئەوەی نەبوو. کە لە دژی ئاراراتییەکان هەنگاوێك بنێت. کە وەکو بە تەشوێیەك رەگ و ریشەی خۆی ببڕێتەوە وابوو، بەڵام لە چالاکییەکانی دەستە نەناسراوەکان کەبە سوودی تورك کاریان دەکرد بێ ئاگانەبوون.

رۆژنامەی ئاگری کە بڵاوکەرەوەی راوبۆچوونی رێکخراوە ئاراراتییەکان بوو لە سەروتارێکی خۆیدا. لە ژێر ناونیشانی ((بەیەك کەڤر دوو تەیر))یانی (بەبەردێك دوو چۆلەکە) روونی کردبووەوە کە دەوڵەتی تورکیە دەیەوێت لە نێوانی کوردو ئێران، لەیەك نەگەیشتنێك بێنێتە کایەوەو دەوڵەتی ئێران لە دژی شۆڕشگێڕەکانی کورد هانبدات و ئاژاوەی کوردەکانیش بخاتە ناو ئێرانەوە، هەم خۆی لە جەنگی کورد تاڕادەیەك ئاسوودە دەکات هەم کوردو فارس یانی ئەم دوو برا هاو نژادە بەدەستی یەکتر بە کوشت بدات، هەردوو لا بێهێز و لاواز بکات تاکو داگیرکردنی ئازربایجانی بۆ ئاسانتر بێت. خۆشبەختانە کاربەدەستانی ئارارات هۆشیار بوون. هیچ

بیانوویەکیان نەدا بە دەست پیاوەکانی تورکیەوە تاکو نیازە گلاوەکەیان پێ بهێننە دی.

فڕۆکەکانی تورکیە هەموو رۆژێك بەیانی زوو دیارییەکیان پێشکەش بە ئاوایی کوردئاوا دەکرد. هێشتا خێڵەکان بەرەو کوێستان نەرۆیشتبوون، فەرماندەی کورد لەگەڵ شێخ عەبدولقادر و سەد سوارێك بۆ سەردانی بەرەکانی باکووری ئارارات رۆیشتن، گەیشتنە ناو دەشتی ئیغدیر ئەمە یەکەم جار بوو کە ئالای کوردستانی ئازاد بە دەستی سوارە بێباکەکانی کوردەوە لەم دەشتە دا دەشەکایەوەو لە سەر رێگەی رۆیشتنیان ژمارەیەك دێهاتی تورك زمان، کە لەوناوچەیەدا نیشتەجێ بووبوون سەریان پێدانەوێنرا، ئاراراتییەکان دەوارەکانیان لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی چیاکەدا هەڵدابوون. هێشتا سێ رۆژ تێنەپەڕیبوو هەمووشیان نەیان گوێزابووەوە کە دەنگی گوللە لە بەشی خۆرئاوای ئاراراتدا لە سەر رێگەیەکدا. کە بەشی باشوورو باکووری ئاراراتی بەیەکەوە دەبەستەوە دەبیسترا. بە دوای ئەوەشدا چەند فڕۆکەیەکی تورك دەواری ئاراراتییەکانی بە توندی بۆردمان کرد. لە دواییدا زانرا کە تورکەکان بە فەوجێکی پیادە و بە دوو تۆپی چیاییەوە لە قباق تەپەکە (چیایەك بوو لە بەشی دامێنی خۆرئاوای ئاراراتدا) چادریان هەڵدابوو. ئەم چیایە وەکو قەلایەك بوو، تەنها رێگایەکی باریکی هەبوو. بە دەسترێژی پیادەکان هیچ زیانێك نەکەوتەوە، بەلام بە بۆردمانی دەوارەکان خێزانی فەرماندەی کورد بریندار و بەرخ لەوەڕێنێکیش بە ناوی محەمەد کوژرا. ئەمە سەرەتای هێرشی گەورەی تورکەکان بوو بۆ چیای ئارارات.

ئەفسەری تورك زوهدی گویڤەن ئاوای نووسیوە: (هەموو هێزەکانمان لە دژی ئەم چیا بڵندانە رێکخست و لە کاتێکدا گەیشتینە ئەوێ روانیمان تەنها کوردێکی لێنەماوە).

فڕۆکەکانی تورك بە پێچەوانەی ساڵەکانی رابوردوو هەموو رۆژێك لە ئاسمانی ئاراراتدا، دەردەکەوتن. بۆمباو گوللەکانیان بەسەر ژن و منداڵی بێتاواندا دەباراند، بەڵام چونکە لە ترسی گوللەی شۆڕشگێڕەکان لە ئاستێکی زۆر بەرزەوە دەفرین. لەلایەکی دیکەشەوە ئامۆژگاریی پێویست، بە دانیشتووان راگەیەنرابوو، زیانی گیانی هیچ رووی نەدەدا. زیانی ئاراراتییەکان تەنها بریتی بوو لە زیانی ئاژەڵ، حکوومەتی تورکیە چالاکیی رامیاری و سەربازیی پێکەوە لە دژی ئاراراتییەکان دەست پێکردن. فەرماندەکانی خۆی گەیاندنە نزیکی ئارارات. درێژەی بە کۆکردنەوەی هێزەکانی خۆی دا، لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی شوورەویش ژمارەیەکی زۆر سەربازی لە بەرانبەر سنووری ئێران و ئاراراتدا کۆکردبووەوە. حکوومەتی ئێران ناوچەی ماکۆ (پشت ئارارات)ی پڕکردبوو لە سەرباز. ئاراراتییەکان هەرچەندە لە ئێرانەوە چاوەڕوانی جموجووڵی دوژمنانە نەبوون، بەڵام لە ئەنجامی وتووێژی رامیاری و سەربازیی نێوان ئێران و تورکیە نیگەران بوون، ئەمساڵە لە بەردەم دەستێوەردانەکانی حکوومەتەکانی ئێران و شوورەوی و تورکیە. بۆ ئاراراتییەکان گەلێك ترسناك بوو.

لەبەر ئەمە فەرماندەی کورد بڕیاری دا. ناوەندێکی بەرگری وەك ئارارات لە گەلی زیلان و چیای سیپان (سێبەر پان کە تورکەکان بە هەڵە پێیان دەوت سبحان) دروست بکات لە هەمان کاتیشدا

جموجووڵەکان فراوانتر نیشان بدات و نەخشەی سوپای تورك تێکوپێکبات. خێڵی دلێری حەیدەران بۆ قەرەبووی تاوانەکانی رابوردوویان خۆیان داوای ئەم هێرشەیانکرد، ماوەیەك لەوەو پێش بە هۆی هۆبەی ناوچەیی خۆیبوونەوە لە فەرماندەی کورد مۆڵەتی دەست بە کارکردنیان داواکردبوو. گەلی زیلان دووهەمین ناوچە بوو. کەلە جەنگی جیهانی ساڵی (١٩١٤) وەکو ئارارات رێگای هێزەکانی رووسیەی قەیسەری نەداو تاکو کۆتایی جەنگ خاکەکەی لە هەموو زیادەڕەوییەك پاراست، لەبەر ئەمە خۆیان تاقیکردبووەوەو لێهاتوویی و شایستەیی خۆیان سەلماندبوو.

لەگەڵ بوونی ئەم پێشینەیەشدا فەرماندەی کورد مافی ئەوەی هەبوو دەستپێشخەری بۆ ئەم کارە درێژ بکات بە تایبەتی ئەوەی کە دانیشتووانی ناوچەکە داوای ئەم هێرش بردنانەیان کردبوو. فەرمانێك کە سەبارەت بە رێکخستنی ئەم هێرشە دەرچوو سەرەڕای پاککردنەوەی گەلی زیلان لە هێزەکانی تورك ئازاد کردنی شارەکانی بارگیری ئەرجیش– ئەرنیس و تەنانەت عادل جەوازیش بە پێویست دەزانرا. ئەم ئەرکانە بە یارمەتیی ژمارەیەك جەلالی لەئەستۆی خێڵی حەیدەراندا بوو.

لەم کاتەدا هێزەکانی ئارارات هەم ئەوەشیان پێ سپێردرابوو. کە پۆستە بە هێزکراوەکانی تورکیە کە دەوروپشتیان گرتبوو لەناو بەرن و شارۆچکەی باشکەندیان لە باکوور و چیای تندروك لە باشوور بگرن و شارەکانی ئیغدیرو بایەزید بخەنە ژێر مەترسییەوە.

تەمەر شەمکی پێی سپێردرابوو کە لەگەڵ ژمارەیەك لە خێڵی شەمکان شاری قەلب بگرێت و قاغزمانیش بخاتە ژێر مەترسییەوە و

ڕێگای سارو قامیش بەرەو ئارارات بگرێت. لە فەرمانی هێرشەکەدا کاتی هێرش بردنەکەی هەموو ناوچەکان دیاری کرا بوو. ئەم فەرمانە چەند وێنەیەکی زۆری لەبەر گیرابووەوەو ئامادە کرابوو و بە سەرۆکە پەیوەندیدارەکان راگەیەنرابوو.

ئەفسەری تورك زوهدی گویڤەن وێنەیەکی لەم بەیانەی دەست کەوتبوو، لە بارەیەوە ئاوای نووسیوە:

(حکوومەتی تورکیە فەرمانی هێرشی بۆ ئاگری دەرکرد و چەند یەکە یەکی سەربازی بەرەو بایەزید دەچوونە پێش. ژەنەڕاڵ ساڵح لە ئامۆرتاك تەواوی ئەفسەرەکانی بۆ راگەیاندنی فەرمانی لەناوبردنی شۆڕشگێڕەکانی ئاگری کۆکردەوە. لە شکرکێشیی گەورەی تورکەکان دەستی پێکرد. هێزەکانی تورکیە قەباق تەپە کە لە خۆرئاوای ئاگریدا بوو داگیرکرد. فەرماندەی شۆڕشگێڕەکانی کورد ئیحسان نوری بە نۆرەی خۆی بەو خێڵانەی کە لە دەرەوەی ناوچەی ئاگریدا بوون پرۆگرامی راپەڕاندنی چەند ئەرکێکی دوورو درێژی بۆ رەوانە کردبوون و ئەو خێڵانەشی وەکو بەشێکی هێزەکانی خۆی لێکردبوو. لە هێرشە گەورەکەدا وێنەیەك لەم پرۆگرامە واتە بەیاننامەیەیان دەست کەوتبوو. کە لە گیرفانی کوردێکی کوژراو دا دۆزیبوویانەوە. ئیحسان نوری وێنەیەکی بەیانەکەی بۆ کۆلۆنێل نەسرەت ئیبراهیمی سەرۆکی خێڵی ئادامان رەوانە کردبوو. لە لای راستی نامەکەوە ناوی خۆیبوون لە ژێریا دەستەواژەی (جەمعیەتی نەتەوەیی کورد)((؟)) نووسرابوو، لەلای چەپی بەیانەکەشەوە ناوچەی چالاکیی سەرانسەری ئاگری باسکرابوو و لە ژێر ئەوەشەوە مێژووی (١٨ ی حوزەیرانی ١٩٣٠) نووسرابوو.

ئەم پرۆگرامە یا بلێین بەرنامەیە لە حەوت خاڵ کە بە زمانی کوردی نووسرابوون پێکهاتبوو. بریتی بوون لە :

١- لە (١١)ی حوزەیران تورکەکان پەلاماری ئاگرییان دا. قباق تەپەیان داگیرکرد و هێزەکانی تورکیە لەوێدا جێگیربوون. شەش فڕۆکەی دوژمن لەم هێرشەدا بەشدارییان کرد و لە (١١ تا ١٨)ی حوزەیران هێزی ئاسمانیی تورکیە ئاسمانی ئاگرییان دەبەزاندو بۆمبابارانیان کرد. هێزەکانی ئێمە سێ فڕۆکەی دوژمنیان خستە خوارەوە. یەکێکیان لە فڕگەی بایەزید کەوتە خوارەوە، فڕۆکەوانەکەشی پێکراو کوژرا.

٢- هێزە پیادەکانی ئاگری لە دژی هێزەکانی دوژمن بەرەو ئیغدیرو بایەزید هێرشیان دەست پێکرد. فەرمان بە لە شکری ناوەندی دراوە کە بڕۆنە چیای تندروک لە وێشەوە پەلاماری هێڵی هاتنی یارمەتیی تورکەکان بدەن، هەروەها پایەگاکانی کەرەسە جەنگییەکانیان داگیربکەن. بە چالاکیی پارتیزانیی هێزەکانی لای سووریەوەمان هاتبوونەوە ناوچەکانی خەرپوت و دەرسیم و هاتنە پێشەوەی هێزەکانی تورکیان راوەستاند.

٣- بەشی یەکەمی هێزەکانی خۆیبوون، بە یارمەتیی یەزدان پەلاماری تورکەکانیان دا.

ا- تەمەر ئاغا فەرماندەی گشتیی هێزی ئاسایشی ئاگری بە هێزەکانی ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە دەستی بە چالاکی کرد؛ لە سێی حوزەیران پەلاماری ینکەی حکوومەتی لە شاری قلب دا، لە دوای داگیرکردنی شارەکە، خێڵەکانی شمکان پەیوەندییان بەهێزە شۆڕشگێڕەکانەوە کردو پێکەوە گەیشتنە نزیکی پیرناوۆت.

ب- شەوی چواری حوزەیران وەلی بەگ، یارمەتیدەری سەرهەنگی تۆپخانە بە هاتنی خێڵەکانی گازگان (Gazgan)و زیلان بە هێزبوون چەند کۆمەڵێکی دیکەش پەیوەندییان پێوەکردن. ناوبراو لە پەلامارێکی گەورەو گرنگدا، شاری بایەزیدی رزگار کرد و لە هەمان رۆژدا هێزەکانی ئاگری پەلاماری ئەو هێزەی دوژمنیان دا کە لە ئاگریدا جێگیر بووبوون.

٤ - فەرماندەکانی ئەم دەستانە کە لە ئاوایی درێك کۆبووبوونەوە. لە چواری حوزەیران بە هێزەکانیان یەکەیەکی سوپای تورکیان چەککردو فەرمانگەی حکومەتیان دا گیرکرد. چالاکییەکانی دوایی بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دران:

ا- بەشی ئەرجیش بە پشتیوانیی گەلی زیلان و لە دوای داگیر کردنی بنکەی حکومەتی تورك بەرەو عادل جەواز رۆیشتن رزگاریان کرد. لەلای ئەخلاتەوە. تاکو توان و چیای نەمرود سوارەکانی کورد لە هاتوچۆ و گەشتا بوون.

ب- لەدوای ناردنی چەند یەکەیەکی پێویست بۆ بەشی ئەرجیش، رابەرەکانی گەلی زیلان تیپێکی ژاندارم و کارمەندانی تورکیان لە ناوچەکەدا گرت. لە خۆرئاواشەوە بەرزاییەکانی ئالآداغ و مەلەزگریان داگیرکرد.

یەکەکانی سوارەی کورد توانییان رێگاکانی پەیوەندی و هاتوچۆی قەراکۆسە بۆ مەلەزگر و قەراکۆسە بۆ ئەرجیش و مەلەزگر بۆ پاتنۆس بخەنە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە.

پ- خێڵەکانی حەیدەران، دانیشتووانی پاتنوس و خێڵەکانی دیکە کە پەیوەندییان بە ئێمەوە کردبوو شاری پاتنوسیان رزگار

کرد و سواره کوردەکان هاتوچۆی پەیوەندیی دوژمنیان لـە باکوورو خۆرهەڵاتی چیای سیپان و هەروەها بەرزاییەکانی– قوپ–و مووش و نـەمرووداغ کـە کـەوتبووە دەست تورکەکانـەوە بــڕی. بنکـەکانی تـەیارکردنیان و هـەروەها ئارنیسـیش کەوتــە ژێــر دەسـتەڵاتی کوردەکانەوە. ئەو ڕێگایانەی کەوانیان بە ئەرجیس و ئارانیسیان بـە سەرایەوە دەبەستەوە دا خست.

ت– هێزەکانی ناوندی لەلایـەن عەشایەری میـلان و جـەلالی و هەروەها ئەو خێڵانەی کە لە ئاباغـاوە هـاتبوون، بـەهێز بـوو بـوون. شاری بچووکی بایەزید– یـان رزگـار کـرد. دەسـتەیەکی چـوار سـەد کەسـی بۆ بـەهێزکردنی هێزەکـانی ئامـادەکردن بۆ چیـای تنــدروك رەوانـەکران تــاکو لــە گوێزاندنــەوەی کەلوپەلــە بــە جێماوەکـاندا یارمەتییان بدەن. شارەکانی وان، سـەرای، ئـاگرین و هـەروەها ئـەو ڕێگایانـەی کـە لـە وانـەوە بـۆ تـەریب و لـە هەکارییـەوە بـۆ سـەرای دەڕۆیشت خستنە ژێر هەڕەشەی خۆیانەوە.

ج– هێزەکانی ئەرجیش و ئارنیسیش لە چالاکییەکانی هێزەکـانی ناوەندیدا بەشداربوون.

چ– لە ڕۆژی هـەینی (١٤)ی حوزەیـران یارمـەتیدەری سـەرهەنگ نەسـرەت ئیـبراهیم ئاغـا سـەرۆکی خێڵــی ئادامــان، دانیشـتنێکی کوتوپڕی بە ئامادە بوونی عەلی بەگ میرزا و ڕەسـووڵ بـەگی زەلی و هـەموو سـەرۆکەکانی دیکـەی خێڵــەکانی قوتــان و حسـە سـووری پیکهێنا هێرشـێکیان بـۆ شـاری دیـادین بـرد، بـە تـەواوی دەسـتیان بەسـەر ڕێگـای نێوان قەراکۆسـەو بایـەزیدا گـرت و ئیـبراهیم ئاغـاو

حەمید بەگ تێکۆشان کە رێگای هاتوچۆی دوژمن لە گەلی تاهر بگرن.

ح- لەدوای گرتنی ئەم شوێنانە کە لەسەرەوە باسمانکردن، هێزەکانی ئەرجیش و پاتنوس و گەلی زیلان، بەشی زۆری هێزەکانی خۆیان لە ژووررووی ئەو شوێنەی کە دووتاق و مەلەزگر بەیەکەوە دەبەستەوە، جێگیر کرد. دەستەی هێنان و بردنی کەرەسەی پێویست لە نێوان ئارنیس و نورشات جێگیربوون.

٥ - بنکەی سەرەکیی فەرماندەیی کوردەکان لە ئاگریدا بوو بەڵام بەهۆی گەلێك هۆوە نەدەبووا دوژمن بەوردی شوێنەکەی پێ بزانێت).

زوهدی ویڤەن. لە دوای ئاماژە بە بەرنامەی کاری خۆیبوون ئاوای نووسیوە:

(ئیحسان نوری هەڵاتووی سوپاو خایەن، فەرماندەیی گشتیی چالاکییە سەربازییەکانی لە ئەستۆدایە و هەروەها رێکخراوێکی لە شێوەی حکوومەت دامەزراندووە. لە کۆتایی ئاخرین لاپەڕەی بەرنامەی کارەکاندا لە ژێر ناونیشانی (فەرماندەی گشتیی خۆیبوون) واژۆی ئەوی پێوە بوو. لە بارەی هەڵوێست و ئەرکەکانی ئیحسان نوری وا دەردەکەوت کە ناوبراو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد خەباتی دەکرد. سەرەڕای بەرنامەی ئەم کارانە. (بەرنامەی کاری گشتی)یشی بڵاو کردبووەوە کە بۆ لێپرسراوانی پەیڕەوی خۆی دەدوا. لەم بەرنامەی کارانەدا هێڵە گشتییەکانی راپەڕین بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری کرابوون.

١ - هەر کۆمەڵێك دەبێت سەرۆکێك و لێپرسراوێکی هەبێت.

٢ – لە هەر ناوچەیەکدا دەبێت ناوەندێکی بەڕێوەبردن بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە مەدەنییەکان و هەروەها بۆ دابینکردنی کەرەسەی پێویستی جەنگاوەران دابمەزرێت.

٣ – تەواوی ئەو چەکە قورس و سووکانە، هەروەها تەقەمەنی و کەلوپەل و هۆکانی گوێزانەوە و ئەو خواربارەی کە لە شارەکان وناوەندەکانی حکوومەتەوە دەست دەکەوێت بگوێزرێتەوە بۆ حکوومەتی ناوەندیی کورد، فەرمانێك دەرچوو کە لە گرتنی دراوو کەلوپەلی تایبەتی خەڵکی غەیرە سەرباز خۆتان بپارێزن.

٤ – ئەفسەرانی سوپای تورك و هەروەها ئەو لێپرسراوانەی حکوومەت کە مەیلی هاوکارییان بە شۆڕشەوە هەیە دەتوانین قبووڵ بکەین بەڵام دەبێت لە ژێر چاودێریدا بن. بنکەو هێڵی تەلەفۆن و تەلەگراف دەبێت لە ژێر نۆژەن کردنەوەدا بن بۆ ئەمەش دەبێت سوود لەو پسپۆرانە وەربگیرێت کە شایستەی پشت پێبەستنن. دەست حەقیشیان پێبدرێت. هێڵەکانی پەیوەندی و رێگاکانی نێوان ئاگری و دوژمن دەبێت لە ناو ببرێن. فڕۆکەو فرگەکان دەبێت هەمیشە لە ژێر کونترۆڵدابن لێ نزیك بوونەوەیان قەدەغەیە).

زوهدی گویڤەن بەشێکی دەقە ئەسڵییەکەی لاداوە، بەڵام لەوانەیە لە زەحمەتییەکانی وەرگێڕانی دەقە کوردییەکە بۆ دەقێکی تورکی سەرچاوەی گرتبێت. لەبەرامبەر ئەمە رەفتاری دۆستانەی کوردەکانی بەرانبەر بەزیندانییە تورکەکان نەنووسیوە.

فەرماندەی کورد لە بیری ئەوەدا بوو. کە لە دوای تێپەڕبوونی تۆفانی بەلای ئەمساڵە پێش کۆتایی ئەم هێرشە چاو پێداخشاندنەوەیەك و هەموارەکردنێك کە گونجاو بێت لەگەڵ رەوشی

ئاسایشی نەتەوەپەروەرە کوردەکان بکات. بۆ ئەم کارەش کوڕی حسەین پاشاو سەید رەسوولی بەرزنجی لەگەڵ ژمارەیەك سواردا بۆ گەلی زیلان رەوانە کردن.

بۆ سەرقاڵکردنی تورکەکان رۆژێکیان هێزێکی کورد دەوروبەری قبان تەپەیان گەمارۆدا (١٥) سەربازیك کە لە بارودۆخەکە بێئاگابوون بۆ دامەزراندنی هێڵەکانی پەیوەندی لە سنووری سەنگەرەکانی خۆیان دەرچوو بوون و لە چیاکەوە سەرەو ژێر بوویبوونەوەو دەیانویست بەرەو بایەزید بڕۆن. تووشیان بە تووشی دەستەیەك شۆڕشگێڕی ئاراراتییەوە دەبێت لە ئەنجامی جەنگێکی کورت خایەندا هەموویان کوژران و چەکەکانیشیان کەوتنە دەست شۆڕشگێڕەکان. لەم کاتانەدا دەستە بچووکەکانی شۆڕشگێڕانی ئاراراتی لە هەموو لایەکەوە هێرشی نومایشی خۆیان دەست پێکرد. لەمانەش دەستەی عومەر گلتوری لەگەڵ بارودۆخێکی زۆر نالەباریشدا خۆیان گەیاندە هێڵی پێشەوەی بەرگریی سەربازەکان و دەرسیان دان. چەند سەربازێکیان کوشتن و چەکەکانیشیان گرتن و لەگەڵ خۆیانا هێنایان. جەنگ تادوا نیوەڕۆ درێژەی کێشا.

نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێت ئەو رۆژەی کە هێزی تورك قبان تەپەیان داگیر کردبوو و لەسەر بەرزاییەکی بەرانبەریان ئاڵایەکی کورد هەڵکرابوو تەنها ئەو ئاڵایە بەبێ پاسەوانیش چەند مانگێك بەری بە سوپای دوژمن گرتبوو رێگەی زیادە رەویی لێگرتبوون.

لە هاویندا دامێنی ئارارات گەلێك گەرم بوو مێشوولەیەکی زۆریشی هەبوو. ئەم کەشو هەوایە لەگەڵ مەزاجی کوردەکاندا کە عادەتیان بە کوێستان و ئاو و هەوای خۆش گرتبوو رێنەدەکەوت

لەبەر ئەمە لە ناوەڕاستی هاویندا ئەو ناوچانە چۆڵکران و بنکە سەر سنوورییەکانی ئارارات بەرەو بەرزاییەکانی چیاکان هەڵکشان. دوژمن سوودی لەم گۆڕانکارییە وەرگرت و شەوێکیان هێزەکانیان لە پردی شێخلو پەڕینەوە هاتنە ناو سنووری ئارارات و بەرزاییەکانی دەوروبەری ئاوایی شێخلویان داگیرکردو چادریان لێهەڵدا، ڕۆژێکی دیکە ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕەکانی ئارارات بۆ پێشوازیی دوژمن لە چیاکەوە بەرەو لای دوژمن سەرەو لێژبوونەوە، بەڵام ئەم ژمارە شۆڕشگێرانە هێشتا نەگەیشتبوونە سنوری مەودای تەقەکردن کە هێزەکەی دوژمن چادرەکانی خۆیان پێچایەوەو بەرەو بایەزید گەڕانەوە.

ئەم گەڕانەوەیە لە ترسی هێزی ئارارات کە لە چیاکەوە سەرەو ژێر بوو بوونەوە نەبوو چونکە دوژمن لە کاتێکدا کە هاتە ناو سنووری ئاراراتەوە دەیزانی پەلاماری دەدرێت. گومان بۆ ئەوە دەچێت کە بزاڤی سوارەکانی ئاراراتی لە ناوچەی گەلی زیلان تورکەکانی لەو پەلامارە نوێیە کە دەیانویست ئەنجامی دەن گێڕابێتەوە چونکە شەوی پێشوو بە ئاسانی لە بەرزاییەکاندا جێگیربووبوون و هیچ بەڵگەیەك نەبوو کە پێشبارە نوێکانی خۆیان کە تازە ناردبوویانە ئاراراتەوە بەم زوویيە بگێڕنەوە دواوە.

لە دەوروبەری گەلی زیلان تایەفەکانی قالقان و مکران لە عەشیرەتی ئەدمان نیشتەجێبوون. سەرۆکەکانی قالقان: محوی تەمەر ئاغا، محوی دەروێش ئاغا، بەکریٚ عەلی خان، تاهیری عەلی بەگ بوون و سەرۆکی بەکرانیش ڕەشۆری سلو بوو. لە ناو ئەمانەشدا محوی دەروێش ئاغا جێگەی باوەڕی کاربەدەستانی

حکوومەتی ئـەرجیش بـوو بەشـێوەیەك کـە ئـەو ڕۆژەی سـوارەکانی ئارارات لە ماڵی ناوبراودا میوان بوون فەرماندەی ئاسایشی ئەرجیش لە ڕووی باوەڕو دڵنیابوونییەوە ناوبراوی بۆ ئـەرجیش بـانگ کردبـوو تاکو زانیارییەك لە بارەی هاتن و نیـازی ئـەو سـوارانە پـەیدا بکـات. کارمەندانی ئەرجیش لەو گومانەدا بوون کە لە پێشـهاتی یـاخیبوونی خێڵی حەیدەری دا ناوبراو خەیانەت لە نەتەوەکـەی خـۆی دەکـات و وەفـاو ئەمـەکداریی خۆیـان بـۆ دەوڵـەتی تـورك دەردەبـڕن. لـەوە بێئاگابوون کە ناوبراو خۆی یەکێك بوو لەئەندامانی خۆیبوون.

دانیشتووانی گەلی زیلان بە خۆشی و شـادییەکی بـێ ئـەندازەوە پێشوازییان لە سوارەکانی ئاراراتی کرد کە هەڵگری فەرمان و بەیانی دەست پێکردنی جەنگ بوون لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە. بە شـێوەیەك کە لە خۆشییانا تەماشـای مێـژووی فەرمانەکـەیان نـەکردبوو کـە لـە بەیانەکەدا ئاماژەی بۆ کرابوو، لە پێش کـاتی دیـاریکراودا پـەلاماری حەسـەن عـەبدال کـە شـوێنێکی گرنگـی دوژمـن بـوو، لـە دوو سـەد سەرباز پێکهاتبوو. لە جەنگێکی کەم خایەندا سەربازەکانیان بـەدیل گرتـن و چـەکیان کـردن. پاشـان شـارۆچکەی نوشـار کــە نـاوەندی ناحیەی گەلی زیلان بوو، دایانە بەر هێرش. یەك گوردانێکی سەربازی پیـادە کـە گوروهـانێکی شەسـتێری قورسـیش بەشـێکی بـوو، بـە هەموویان سەربازگەکەی ئەو شوێنەیان پێکهێنابوو.

فەرمانداری نوشار لـە ئەگـەری هـەر پێشـهاتێك قـەڵای نوشـاری قایم کردبوو. هەموو پێشبینییەکی پێویستی بـە ئـەنجام گـەیاندبوو. تەنها شتێك کە بە بیریا نەهاتبوو هەستی لە خۆ بووردنی کـورد بـوو کە لە ڕێگای ئازادیی نەتەوەکەیدا. لـە کـاتی هـێرش بـردن بـۆ سـەر

نوشار ئاراراتییەکان شارەکانی ئەرجیش و بارگرییان فەرامۆش نەکردبوون و هێرشێکی توندیان کردبوونە سەر.

بەڕێوەبەرانی هێرشەکان سەرگەرمی جەنگ بوون و ناردنی هەواڵی بەرەکانی جەنگیان بۆ فەرماندەیی گشتیی کورد فەرامۆش کردبوو. لە کاتێکدا فەرماندەی کورد چاوەڕوانی هاتنە پێشەوەی مێژووی هێرشەکەی دەکرد کە لە بەیانەکەدا دیاریکرابوو تاکو لە هەموو خاڵەکانی ناوچەکەدا جەنگێکی یەکگرتوو بەرپا بکرێت.

قەڵای نوشار سەرەڕای لەخۆبووردنێکی زۆر کە فەرماندەی تورك و ئەفسەرەکانی نیشانیاندا و سەرەڕای قایم بوونیشی کە لە شوێنێکی بەرزدا هەڵکەوتبوو پاراستنی ئاسانبوو، نەیتوانی تەنها (٢٤) کاتژمێر بەر بە لافاوی هێرشی دلاوەرانەی تایەفەکانی ئەدمان بگرێت و. لە دوای زیانێکی زۆر ناچار کەوتە ژێر دەستەڵاتی کورد. هێرشبەرانی کورد لە یەکەم رۆژدا بەشێکی شاری ئەرجیش و تەواوی شاری بارگرییان ئازاد کرد و دەستیان بەسەردا گرت. هێزەکانی دوژمن لە بەشەکەی تری شاری ئەرجیش و قەڵای بارگری بەر گرییان کرد.

دەستەیەك لە شۆڕشگێڕەکان کە فەرمانی بڕینی رێگای نێوان ئەرجیش– وانیان پێسپێردرابوو، بوون بە قوربانی گوێ پێنەدانی خۆیان. سەرکەوتنێکی گەورە کە لە سایەی ورەو بێباکیی خۆیانەوە بە دەستیان هێنابوو دووبارە لە دەستیان دا. لە ئەنجامدا دۆخی ناهەمواری تورکەکان لە نێو شاری ئەرجیشدا گۆڕدرا بەدۆخێکی لەبارتر. ئەم رووداوەش ئاوەهابوو:

فەرمانداریی تورك. لە ناوچەی وانەوە چەند تۆپێك و ژمارەیەك سەربازی بۆ یارمەتی دانی هێزی ئەرجیش رەوانە کردبوو. دەستەیەك شۆڕشگێڕ لە نزیك شارۆچکەی ئەرجیش بەریان بەم هێزە گرتبوو لەدوای جەنگێکی نیو کاتژمێری لەبەرئەوە تۆپچییەکان و سەربازەکان هیچ هیوایەکی رزگاربوونیان نەبوو خۆیان دابوو بەدەستەوە. شۆڕشگێڕەکانی حەیدەری لەباتی ئەوەی بەشێکیان لەسەر بەرزاییەکان بمێننەوەو تەنها چەند کەسێکیان بچن بۆ چەککردنی سەربازەکان، هەموویان پێکەوە سەنگەرەکانیان چۆڵکردو بەرەو سەربازەکان رایانکرد، فەرماندەی هێزە یارمەتییەکە چونکە کەمیی ژمارەی شۆڕشگێڕەکانی بۆ دەرکەوت لەم شکانەی خۆی شەرمەزار بوو، هەڵچوو سەر لە نوێ ورەی بە بەردا هاتەوەو فەرمانی دەسترێژی دا. لەم تەقەکردنەدا سەرۆکی دەستەی شۆڕشگێڕەکان لەگەڵ چەند شۆڕشگێڕێك کوژران ئەوەشی کەمایەوە خۆبەدەستەوەدانیان بەلاوە نەنگ بوو و لە دۆخێکی نالەباردا دەستیان بە جەنگ کرد. لە دوای تەقاندنی ئاخرین فیشەکیان ئەم چەند کەسەشیان بوون بە قوربانیی ئازادیی گەل و بە شانازییەوە گیانیان سپارد. بەم شێوەیە هێزە یارمەتییەکە توانی خۆی بگەیەنێتە ئەرجیش و هێزەکەی دوژمنیان زیاتر بەهێز کرد.

یەکەم هێرش بۆ ناو شاری ئەرجیش تایەفەی بەکران کردیان. ئەو تایەفەش چەکی تەواویان نەبوو بە شێوەیەك ژمارەیەکیان بۆ داگیرکردنی فرگە رەوانە کرابوون لە باتی تفەنگ، لیس و بێڵیان بە دەستەوە گرتبوو بەم شێوە بێباکانە مردنیان لە رێگەی ئازادیدا لە ژیانی ژێر دەستی و نەنگیان بە لاوە باشتربوو، بێباکی و

بێپەروایییەکی لە ئەندازە بەدەری وەها کە تایبەتمەندییـەکی نـەژادی کوردە پەلاماری فڕگەکەیان دا، بە پێشکەشکردنی چەند قوربانییەك چوونە نێو فڕگەی شارو ئەو سەربازانەی کە پاسەوانی فڕگەکە بوون بە دیل گیران و چەککران و بەم شـێوەیە خۆیـان چـەکدار کـرد. دوو فڕۆکە کە ئامادەی فڕین بوون لەلایەن شۆڕشـگێڕەکانەوە دەسـتیان بەسەردا گـیراو بـەهۆی نـەبوونی فڕۆکەوانـەوە هـیچ سـوودێکیان بـۆ کورد نەبوو، هەردوو فڕۆکەکەیان تێك و پێك دان.

ژمارەیەك لە شۆڕشگێڕەکان بەرەو پاتنوس ڕۆیشتن شـارۆچکەی ناوبراویان دایە بــەر هـێرش. سـەربازگەی پـاتنوس شەسـتیرەکانیان لەســەر منارەکـانی مزگەوتــەکان دامــەزراندبوو و هــەموو شــوێنە بەرزاییەکانیشــیان گرتبــوو، لەگــەڵ ئەمەشــدا ژمارەیــەك لــــە شۆڕشگێڕەکان توانییان بچنە نێو شارۆچکەکەوە، بــەڵام نـەیانتوانی هیچ زیانێك بەسەربازگەکە بگەیەنن.

لە کـاتی هـێرش بـردن بـۆ سـەر پـاتنوس ڕێگـەی قـرا کۆسـە – ئەرجیشیان بڕی بوو. ئەو ئەفســەرانەی لـە ژێـر سـایەی سـوارەکانی سپکیدا دەهاتن بۆ پاتنوس دوایان کەوتن و هەموویان چەککران.

سـەیفەدین بـەگ کـوڕی فـەتحوللا بـەگ سـەرۆکی لـەوەو پێشـی هەسنی لەگـەڵ چـەند سـوارێکی جـەنگاوەری هەسنی چــووە نێـو دەشـتایی مەلـەزگر و داوێنـی جەنگەکـەی بـۆ ئـەوێ ڕاکێشا. گــەلی زیلانییان لە ئـەنجامی هێرشــی پێشـوەختییان بـە تەنـها مابوونـەوە. فـەرماندەیی تـورك لـە هـەموو لایەکـەوە هـێزی ڕەوانــە کــرد، بـە شـێوەیەك کـە لـە هـەمان کـاتدا کـە کوردەکـان لـە نــاو شـارەکاندا سەرگەرمی جە نگ و پێکدادانی توندبوون، هێزی سەربازیی تورك بە

یارمەتیی کاریگەرانەی خێڵی کەسکۆیی لە پشتەوە چوونە نێو گەلی زیلان و حەسەن عەبداڵیان سەر لە نوێ داگیرکردەوە. هێزەکانی تورك بەهۆی کەمتەرخەمیی شۆڕشگێڕەکانەوە. ئەم شوێنانەیان داگیر کردنەوە چونکە هەروەکو وتمان گەلی زیلانیان لە پێش ئەو کاتەی کە فەرماندەی کورد دیاریکردبوو، دەستیان بە هێرش کردبوو و لە میانەی هێرشەکەشیانا هیچ هەواڵێکیان بەسەرکردایەتی رانەگەیاندبوو. لە کاتێکدا ئەگەر چاوەڕوانی مێژووی دیاریکراویان بکردایە چونکە پشتی گەلی زیلان بە دەستەیەکی تایبەتیی دیکە سپێردرابوو هێزەکانی تورك نەیاندەتوانی لە پشتی گەلی زیلانەوە بێنە ژوورەوە. سەرەڕای ئەم گوێپێنەدانەش هۆیەکی دیکەش هاتە پێشەوە، کە بوو بە هۆی ئەوە هێزی کورد بڵاو ببێتەوەو چوون بە دوای ژن و منداڵەکانیاندا کە لە کوێستانەکاندا بوون. لە نزیکی دەوارەکانی خۆیاندا بەریان بە دوژمن گرتبوو، بەرەو دوا ڕاویان دەنان تاکو هەلێك بۆ گوێزانەوەی ژن و منداڵەکانیان برەخسێنن و بەم شێوەیە بەرەو ئارارات پاشەکشێیان کرد. سەید عەبدولوەهابیش هاتە ریزی شۆڕشگێڕەکانەوەو لەگەڵ خێزانی ئەرجیشیان بە جێهێشتبوو.

لە جەنگی ئەرجیشدا بێجگە لەو دوو فڕۆکەیە کە لە فڕگەکەدا تێك شکێنران، چەند فڕۆکەیەکی دیکەش بە گوللەی شۆڕشگێڕەکان کەوتبوونە خوارەوە. یەکێکیان لە سەر تەپۆڵکەیەك کە چەند کاتژمێرێك لەوەو پێشتر کەوتبووە ژێر دەستەڵاتی کوردەکانەوە دەفڕی وای دەزانی هێشتا سەربازی تورك لە وێدا ماونەتەوە. بۆ راپۆرت پێدانیان نزم بووبووەوەو لەو کاتەدا کەوتبووە بەر

دەستڕێژی شەستیری کوردەکان و کەوتەخوارەوە. ڕاپۆرتە نووسراوەکەی فڕۆکەوانەکە کەوتبووە دەست شۆڕشگێڕەکان، جموجووڵی هێزە ناردراوەکانی تورکی بۆ ناوچەکە ڕوونکردبووەوە.

لەو پێکدادانانەدا. کە لە نێوان ڕێگاکاندا کوردەکان پێشانیان دەدا، لە ڕووی ماڵ و منداڵەوە زیانێکی زۆریان لێکەوت. لە کوڕەکانی ئەمین پاشا، عوسمان و ئەبوبەکر لە ناو کوژراوەکاندا بوون. کۆکوژی بێبەزەییانەی ژن و منداڵی بێدیفاعی ناوچەی گەلی زیلان لەلایەن سەربازانی تورکەوە ماوەیەك درێژەی کێشا کارەساتی دیکەی بە مێژووی کارەساتەکانی مەغۆلەوە نا. لە کاتێکدا کە فەرماندەی کورد لە بزاڤەکانی خێڵی حەیدەران ئاگادار بوو کار لە کار ترازابوو. ئیتر لێرەدا دەبوایە هەرچی زووترە باری گرانی گەلی زیلان سووکتر بکرێت. لەبەر ئەمە بەپەلە داود کوڕی دلێری برو حسکی لەگەڵ ژمارەیەك لە هێزەکانی کورد نێردرا کە بنکە سەربازییەکانی نورەشین و سوبحان لەناوبەرێت. مەڵبەندی سەرکردایەتیی سەربازیی ناوچەکە لە ئاوایی سوبحان بوو. لە دێی نورەشین تەنها چوار سەربازی لێبوو و پەلاماردانی دێی سوبحان بۆ دانیشتووانی ناو دێکە مەترسیدار بوو. چونکە سەربازەکان لە ناو دێکەدا سەنگەریان لێدابوو. بەم پێیە تێك شکانیان لە ناو ئاواییەکەدا بە زیانی کەم نەدەگونجا. نەخشەیەکیان دانا، کە لە بەرە بەیان دا پەلاماری بنکەی ئاوایی نورەشین بدەن و ڕێگەی سوبحانیش بگیرێت، هەر کاتێك کە سەربازەکانی دێی سوبحان بە نیازی کۆمەك کردنی سەربازەکانی نورەشین لە دێ هاتنە دەرەوە ئیتر مۆڵەتی گەڕانەوەیان نەدرێت.

ئەو هێزەی کە ئەم ئەرکەی پێسپێردرابوو، بەسەرکەوتوویی ئەنجامی دا. لە دوای چەند جەنگێکی توند سەربازەکانی هەردوو بنکەکە بە دیل گیران و چەککران. ژمارەی دیلەکان لە سەد سەرباز زیاتربوو. دیلەکانیان لەگەڵ خۆیانا هێنا و بۆ دابینکردنی شوێنی دانیشتنیان و خۆراکیان بەسەر ماڵە ئاراراتییەکاندا دابەشکران.

ئەمڕۆکە پارچە بۆمبایەکی فڕۆکەکان بەر ئەژنۆی دایکی برو حسکی کەوت. ئەم پیرەژنە زیاد لە سەدو دە ساڵ تەمەنی هەبوو. ئەم دایکە کوڕانی دلاوەری وەك برو حسکی ئەیوبی پەروەردە کردبوو، قارەمانێکی دیکەشی بە ناوی ئەحمەد لە رێگەی ئازادیی کوردا کرابوو بە قوربانی، لەم بارەدا برینداربوونی نموونەیەکی دیکەی ئازایەتی و بێباکیی نیشان دەدا. پارچە بۆمباکە ئێسکی ئەژنۆی ورد کردبوو، بەڵام ئەم ژنە بە ساڵدا چووە گەورەیی خۆی لە دەست نەدا، بە هێواش و لەسەرخۆییەکی ئاساییەوە ئەوانەی دەچوونە سەردانی بەخێر هاتنی لێدە کردن سەبارەت بە بەسەرهاتی برینەکەی دەدوا، بۆی روون دەکردنەوە کە چۆن ئەژنۆی وردبووە، ماسوولکەکانی ئاوسابوون و لەناوچووبوون، بووبوو بە چەند پارچەیەکەوە و هیوای ژیانی لێبڕیبوو. گەلێك بە ئاساییەوە گۆشتە لەتبووەکانی بە دەست لە ئێسکەکەی جیا دەکردەوە چۆنیەتیی برینەکەو وردبوونی ئێسکەکەی نیشان دەدان. ئەیوت: (من پیربووم ئەم برینەی منیش چارەی نییە سوپاسی یەزدان دەکەم کە ئەمڕۆکە منی کرد بە قوربانی رێگەی ئازادی و بەڵایەکی بە کوڕانی ئارارات نەگەیاند و جەنگاوەرەکانی پاراست).

رۆژی دوای ئەوە نۆرەی هێرش بۆسەر بنکەکانی بڕون سوور و بڕون ڕەش بوو. ئاراراتییەکان گەلێکیان حەز دەکرد کە ئەو تۆپە گەورەیەی لە بڕون سوور دانرابوو و بوویوو بە هۆی ناڕەحەتیی هاتووچۆکەران بەدەست بێنن. حەزیان دەکرد لوولەی ئەم تۆپە گەورەیە. بەرەو بنکەی سەرکردایەتیی سەربازانی تورك وەرگێڕن.

شەو تەرتیباتی پێویست جێبەجێ کرا. لە نزیکی بەرەبەیاندا هێرش بۆ هەردوو شوێنەکە کرا. هێشتا تاریك بوو، لەلای بنکەی بڕون ڕەشەوە تەقە دامەزرا. فەرماندەی بڕون سوور بە تەلەفۆن خەبەری بە بنکەی بایەزید دەداو دەیوت لەبنکەی بڕون ڕەش جەنگ دەستی پێکردووە، بەڵام لە ناوچەی ئێمەدا ئاسایش بەردەوامە. ئەم فەرماندە لاوە لەوە بێئاگابوو کە شۆڕشگێڕەکان دەورەیان داوە، ئەوەندە لێوە نزیك بوونەتەوە. کە تەنانەت گفتوگۆ تەلەفۆنییەکەیان دەبیست.

هەوا رووناکبوو. دەنگی تەقەی ئەم بنکەیەش بەرز بووەوە. تورکەکان لە تەپۆڵکەکەدا بە چاکی سەنگەر بەندییان کردبوو، لەسەر تەپۆڵکەکە رێگای هاتوچۆکردنیا بە باشی دروست کردبوو. لە یەکەم هێرشدا کوردەکان خۆیان گەیاندە سەر تۆپەکە. تۆپچییەکانیان لە تۆپەکە دوور خستنەوە. سەربازەکان لە سەنگەرەکانیاندا خۆیان راگرت و دەستیان بە بەرگرییەکی توندکرد. ماوەی نێوانی هەر دوو لا بیست تا بیست و پێنج مەتردەبوو. کوردەکان بەشێکی بەرزاییەکە کە تۆپەکە و چادری سەرکردایەتییەکەیانی لێبوو گرت، ئاگری کوردەکان بەسەر ئاگری دوژمندا بەشێوەیەك زاڵبوو، کە لەم نزیکییەوە دوژمن بە پێوە

تەقەیان دەکرد. سەربازەکان نەیاندەتوانی سەر بەرز بکەنەوە. تەنها شەستیرێك نەبێت کە فەرماندەی سەربازە تورکەکان لە ناو سەنگەرێکی مەحکەمەوە خودی خۆی بە کاری دەهێنا کاریگەر بوو. درێژە کێشانی ئەم جەنگە بە زیانی کورد تەواو دەبوو. چونکە لەوە دەچوو هێزی یارمەتی بۆ تورکەکان بێت. هەرچەندە کە لە شەودا هەموو شتێك تەرتیب کرابوو. دەستەکەی فتو باڵەخانەی وێستگەیەك کە لە ناوەڕاستی ناوچەی برون سوورو وێستگەی بایەزیدا هەڵکەوتبوو داگیرکردو ڕێگەی هاتنی هێزی دوژمنی لە باشوورەوە گرتبوو. گرتنی ڕێگایەك کە لافاوی هێرشبەرانی تورك هەرچەندە بەهێز بێت، نەیدەتوانی پیاتێپەڕێ.

سوارەکانی تورك لە پشتی تاشبرون کۆبووبوونەوە نەیاندەوێرا پێشڕەوی بکەن. ڕاگەیاندنی مەترسیداری گوللەی شەستیرەکانی فتویان بەبێ ئەهمیەت نەدەزانی، تەنها لە دوورەوە خەریکی سەیرکردنی لەناو بردنی سەربازەکانی خۆیان بوون. لەگەڵ ئەوەشدا تەنها هەڵەیەکی بچووکی شۆڕشگێڕەکان بە نرخی خوێنی هەموویان تەواو دەبوو، ڕێگەی گەڕانەوە تەخت و دەشتایی و گەلێك مەترسیدار بوو. بە پێچەوانەوە سەنگەری سەربازەکان بەسەر بەرزاییەکەوە بە تەواوی بەسەر شانۆی جەنگەکەدا زاڵبوو، لەبەر ئەمە پێویستبوو کارەکە تەواو ببێت.

لەم گەرمەی جەنگەدا دوو سواری کورد لە پردە بەردینەکەی شیخلووەوە ڕاستەوخۆ بەرانبەری کۆڕی جەنگەکە دایانە غار. هەرچەندە گوللەی تفەنگ و شەستیرەکانی دوژمن لە پێشوازی کردنی ئەم دوو سوارەدا کورتییان نەدەکرد، بەڵام ئەگەر بە ڕاستی

بیانزانیایە کە یەکێکیان خودی فەرماندەی گشتی کوردو ئەوی دیکەشیان برو حسکییە بە بەهای گیانی هەمووشیان ئەگەر تەواو بوایە نەیاندەهێشت ئەم دووانە گیانیان دەرباز بکەن. تۆزێك دوای گەیشتنی ئەو دوو سوارە، بە بەرزاییەکە جەنگ کۆتایی هات.

(کاتێك کە فەرماندەی کورد توانی بگاتە لووتکەی بەرزاییەکە. هاواری کرد: من ئیحسان نوریم. هاتووم پێتان بڵێم دەست لە ئازاردان و شوێنکەوتنی کوردەکان هەڵگرن، تاکو ئێستا تەنها یەکێك لە شۆڕشگێڕەکان نە کوژراوە بەپەلە خۆتان بە دەستەوە بدەن، ئەگینا پەشیمان دەبنەوە. سەربازەکانی تورك چەکیان دانا بەپەلە خۆیان دا بەدەستەوە. ئەمەش کۆتایی نەبەردەکە بوو).

زیانی سەربازەکان گەلێکبوو. فەرماندەکەشیان لە ناو کوژراوەکاندا بوو. ئەوەی کە مابووەوە بە دیل گیران. بە ڕێکەوت ئاخرین گوللەی تورکەکان. بەر سینگی پڕ لە شانازی عەدو عەمکی حسە سووری کە دڵێکی پاك و پڕ لە سۆزو بێغەشی هەبوو، کەوت و گیانی شیرینی لە دەست چوو.

بە پەلە لوولەی تۆپەکە ئاراستەی سەربازگەی تورك لە وێستگەی بایەزید کرا، لەلایەنی خودی تۆپچییەکانی تورکەوە دەست بە تۆپبارانی سەربازگەکە کرا. ئەم تۆپچییە دیلانە جگە لە ملکەچی و گوێڕایەڵی هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەم تۆپە تەنها بیست و حەوت گوللەی لەگەڵدا بوو.

لەم جەنگەدا نوێنەری نوێی ئەرمەنییە کۆچەرەکانی واهان کە لە هێزی سوپای قەیسەری رووسدا پلەی ئەفسەری هەبوو، بۆ تەماشاکردنی هێرشی بێباکانەی ئاراراتییەکان هاتبوو بۆ لای

فەرماندەی کوردی هاوڕێی و لە بەرزاییەکی بڵندی شێخلووەوە بە دووربینەکەی تەماشای ڕووداوی سەرەوەی دەکرد.

فەرماندەی ئەو دەستەیە کەی پەلاماری برون ڕەشیان دەدا. فەرزندە بەگ بوو. ناوبراو لە یەکەم هێرشدا بریندار بوو. یارمەتی دەرەکەشی نورو کوڕی دلێری مووسا بەرکی کوژرا. سەربازەکان لە ناو چوار دیوارێکدا کە دروستیان کردبوو، جێگیر بووبوون و بەرگرییان دەکرد. لە دوای گرتنی برون سوور برو حسکی لەگەڵ ژمارەیەکی کەمدا بەرەو چیای قوتیس سەرکەوت و لەسەرەوە بەرەو خوار بۆ یارمەتیدانی هێرشبەرانی شۆڕشگێڕان لە برون ڕەش کەوتە ڕێ.

هێرش بەرانی کورد بە برینداربوونی فەرزندە بەگ و کوشتنی نورو بێ سەرکردە مابوونەوە. هاتنی برو حسکییان بە یارمەتیدەری هێزی دوژمن زانی، گەمارۆکەیان بەجێهیشت و بەرەو ئارارات پاشەکشێیان کرد، ئەم دەستەیە کارێکی گرنگتریان لە چەککردنی سەربازەکانی برون رەشیان لە ئەستۆدابوو، بەڵام بەداخەوە لە سەرەتاوە لە ئەنجام دانی فەرمانی فەرماندەیی بێدەربایس بوون.

بڕیار بوو ئەم دەستە ژمارەی چل سوارێکیان بەشەو لووتکەی چیای قوتیس بگرن، شارو قەڵای بایەزید و لووتکەی شەیتان بخەنە ژێر ئاگری چەکەکانیانەوە. لە دوای تەواوبوونی کاری برون رەش فەرزندە بەگ بە هێزەکەی خۆیەوە چوو بۆ لووتکەی ناو براو و لە سەرەوە بەرەو خوار تاکو بۆ گەردەنەی شەیتان و شاری بایەزید هێرش بەرێت. ئەم چل سوارە تا نیوەی ڕێ ڕۆیشتبوون، یانی بەرزاییەکەی سەرووی نورەشینیان گرتبوو، بەڵام بەرەو لووتکە

سەرنەکەوتبوون. تەنها کارێك کە ئەنجامیان دابوو ئەوەبوو، کە سوارەکانی تورکیان لە گورجی بلاغ -لەسەر سنووری ئێران- کە بۆ یارمەتیی برون رەش دەهاتن گەڕاندبوونەوە دواوە.

فەرزندە بەگ بەهۆی ئەو ورە بەرزی و ئازایەتییەوە کە هەیبوو بە تفەنگەکەی دەستی پەلاماری دیوارێکی بەردینی سەختی‌دا و بریندار بوو. برو حسکی لەوە دڵنیابوو کە لووتکەی چیاکە بە دەستی شۆڕشگێڕانەوەیە لە بەرانبەر چیای قوتیسەوە سەرکەوتبوو. لەدوای پاشەکشێی کوردەکان ناوبراو لە نێوان دوو ئاگری دوژمندا خۆی رزگار کردو گەڕایەوە بۆ ئارارات. ئەم دۆخە نالەبارە بوو بە هۆی ئەوە کە شۆڕشگێڕەکانی برون سوور، لە دوای گرتنی تۆپەکەو بە دیل گرتنی سەربازەکان درێژە بە هێرشی خۆیان نەدەن و ئەوانیش گەڕانەوە بۆ ئارارات. ئەم دەستەیە ئەوەشی پێسپێردرابوو کە لە دوای گرتنی تۆپەکە، بەرەو برون رەش هێرشبەرن و دەستی بەسەرا بگرن و تۆپەکەش بەرنە پێشەوە بە یارمەتیی کاریگەرانەی تۆپەکە، وێستگەی بایەزیدیش بگرن و لە خوارەوە بەرەو سەرەوە پەلاماری شار بدەن و لەگەڵ هێزەکەی فەرزندەدا پێکەوە یارمەتیی یەکتر بدەن.

تۆپەکە قورس بوو، هیچ هۆیەك بۆ هەڵگرتن و گوێزانەوەی نەبوو. ناچار بەهۆی دیلەکانەوە بە ماندوو بوونێکی زۆر رایان کێشا بۆ ئارارات. ئیتر بردنی بۆ لووتکەی چیاکان و سوود لێ وەرگرتنی نەدەگونجا. لەبەر ئەمە چەخماخی تۆپەکەیان دەرهێناو لە شوێنێکی پەنهاندا شاردیانەوە، تاکو ئیتر کەس نەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت.

هەمان شەو تورکەکان پۆستەکانی برون ڕەش و تەنانەت بنکەی سەرەکی گرجی بلاغ کە لە بەرانبەر بازرگان(خاڵی گومرگی ئێران) هەڵکەوتبوو چۆڵیان کردو هێزەکانی خۆیان بۆ لووتکەی چیاکانی بەرانبەر ئارارات گوێزابووەوە. چەند ڕۆژێ، دوای ئەوە دەستەیەك لە هێزەکانی ئارارات سوودیان لە تاریکیی شەو وەرگرت و خۆیان گەیاندە نزیکی شارۆچکەی باشکەند، باشکەند لە خۆرهەڵاتی دەشتی ئیغدیردا هەڵکەوتبوو. ناوەندی ناحیەی ئارالیق بوو. دانیشتووانی تورك زمان بوون، لە نێوان ئارارات و سنووری شوورەویدا بوو. لە بەرەبەیاندا جەنگ دەستی پێکرد. یەك کاتژمێر دوای خۆرهەڵاتن شارۆچکەکە دەستی بەسەرا گیرا. سەربازەکانی تورك شاریان چۆڵکرد هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد دوایان کەوتن. جەنگ لە دەرەوەی شاردا درێژەی کێشا. کوردەکان ڕێگەی ئیغدیریان گرتبوو. فەرماندەی تورك ناچاربوو بەرەو سنووری شوورەوی پاشەکشێ بکات لە دوای زیانێکی زۆر بەشێك لە سەربازەکان بە دیل گیران کە ژمارەیان لە (١٥٠) سەرباز زیاتربوو. شۆڕشگێڕەکان نزیکەی سی سەربازی دیکەشیان لەناو شاردا گرتبوو. پاشماوەی ئەم هێزە سەربازەی تورك خۆیان گەیاندە کەناری ڕوباری ئاراس یانی گەیشتنە سەر سنووری شوورەوی کەوتنە ژێر سایەی یارمەتیی دەستڕێژی شەستیری سەربازە پیادەکانی ڕووس و لە دەست ئاراراتییەکان ڕزگاریانبوو. لە دواییدا هەواڵمان زانی کە دەوڵەتی شوورەوی بە تەواوی ڕێزەوە پێشوازیی لێکردبوون، بە هەموو چەك و کەرەسەکانیانەوە. دووبارە لە

ڕووبارەکەوە پەڕاندبوونیانەوە، بەرەو شاری ئیغدیر ڕەوانەیان کردبوونەوە.

دانیشتووانی باشکەند لە سەرەتاوە ڕیزی هێزی ئاراراتیان دەگرت. لەبەردەم ئالآی کوردستاندا کە لە جێگەی ئالآی کۆماری تورکیە لە ئاهەنگێکی تایبەتیدا لە سەر باڵەخانەی حکومەتی باشکەند هەڵکرا مەڕیان دەکرد بە قوربانی. مەلا حسەین شۆڕشگێڕی ئایینی و نەتەوایەتی کە لە دەوروپشتی وانەوە هاتبوو بۆ ئارارات و لەناو خێڵی گلتوراندا نیشتە جێبووبوو. لەگەڵ عومەر بەسیێ و هێزێکی باشدا، ئەرکی ئەوەی پێسپێردرابوو کە لە کاتی هێرشدا بۆ سەر باشکەند، برون ڕەش داگیربکەن. (ئەم برون ڕەشە شوێنێکی دیکەیە کە لە نێوان ڕێگەی باشکەندو ئیغدیر– دایە) بەم شێوەیە ڕێگە لە هێزی کۆمەکی تورك بگرێت. ئەم ئەرکەش ئەنجام نەدرابوو. لە دواییدا تورکەکان یەك گوردانیان بۆ تاشبرون ڕەوانە کردبوو.

لە دوای چەند ڕۆژێك عومەر بەسیێ بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەڵە و گوێپێنەدانەکەی ڕابوردووی بە لە خۆبوردنێکی تایبەتی خۆیەوە پەلاماری برون ڕەشی دا سەربازەکانیان لە نێو چادرەکاندا دەرپەڕاند چوونە نێو چادرەکانیانەوە بەلاّم بەدبەختانە بەر گوللەیەکی دوژمن کەوت و گیانی دەرچوو، بەلاّم شۆڕشگێڕەکان لەسەر جەنگەکە بەردەوام بوون و چەند بەرزاییەکیان لە تورکەکان سەندەوە. لەم کاتەدا تورکەکان یارمەتییەکی گەورەیان بە ئۆتۆمبێلی باری لە ئیغدیرەوە بۆ هات، لە ئەنجامدا کوردەکان نەیانتوانی ئەو شوێنانەی کە دەستیان بەسەرا گیرابوو بپارێزن.

(هاتنی هێزی یارمەتیدەری تورك نەیهێشت کە کوردەکان پارێزگاری سەنگەرەکانی خۆشیان بکەن، تورکەکان بە شەستیر و نارنجۆکەوە هاتنە نێو کۆڕی جەنگەکەوە زوهدی گویڤەن نووسیویەتی: ئەم جەنگە هەشت کاتژمێر درێژەی کێشا).

چەند رۆژێك دوای ئەوە رووداوێك لە ئێراندا روویدا کە بوو بەهۆی داخ و کەسەری ئاراراتییەکان. بەپەلە لەناوچوونی ئاراراتییەکانی مسۆگەرکرد.

(لە دوای تێك شکانی گەلی زیلان، ژمارەیەك لە ژن و منداڵانی کورد لە ناو خێڵی جەلالی کە سەر بە ئێران بوون دەژیان و خەریکی لەوەڕاندن و پەروەردەکردنی مەڕ و ماڵاتبوون ئەم خێڵە جەلالییە لەم کاتەدا لە کوێستانەکانی ناوچەکەی خۆیانابوون کە لە ناوچەی ئوەجقی سەرسنووری ئێران و تورکدا بوو)[1].

هێزەکانی تورك ئەمەیان کرد بە بیانوو بەهێزێکی زۆرەوە پەلاماری سنووری ئێرانیان دا. بە شێوەیەك کە فڕۆکەکانیان بۆمبارانی خاکی ئێرانیان کرد، لە چالدەران[2]. لە بەرانبەر ئەم

[1] بابەتی ناو کەوانەکەلە ژمارەی دواییدا لە رۆژنامەکەدا بەم شێوەیە راستی کردووەتەوە:(لەدوای شکستی گەلی زیلان ژمارەیەك لە ژن و منداڵانی کورد چوونە ناو خێڵی جەلالی لە خاکی ئێران. ئەم خێڵە لەوکاتەدا لە کوێستانە کانی خۆیانا لەناوچەی ئوەجەق لەسەر سنووری ئێران و تورکیەدابوون).

[2] لە بنچینەدا: چاردلان.

زیادەڕەوییە فەرماندەی سەرسنووری ئێران هیچ بەرگرییەکی نەکرد[٣].

خالید ئاغای سەرۆکی خێڵی جەلالی کە دەوارەکانی خێڵەکەی کەوتبوونە بەر هێرشی تورکەکان بۆ ئەوەی ژن و منداڵی خێڵەکەی و مەڕ و ماڵاتەکانیان بەردەستی تورك نەکەوێت و سەرەڕای ئەمەش کاتی گەڕاندنەوەی خێڵ لە کوێستانەکانەوە بۆ جێگەی زستانیان هاتبوو. لە دوای جەنگێکی کورت لە ژێر دەستڕێژی بارانی گوللەی تورکەکاندا باری کرد و گەڕایەوە بۆ دەشتی ئوەجق.

(فەرماندەی هێزەکانی سەر سنوورەکانی ئێران بۆ بەرگری کردن لە زیادەڕەوی بۆناو قەڵەمڕەوی ئێران هیچ جۆرە هەنگاوێکی نەنا. هەروەها کاربەدەستانی ماکۆ فەرمانی بە خێڵی جەلالی دا کە بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان کە کەوتبووە ژێر کۆنترۆڵی سوپای تورك. ئەوانیش بە هیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی ئەم فەرمانە بە جێ بهێنن. چونکە ئەم کارە ئەوە دەگەیەنێت کە خۆیان بە دەستی تورکەکانەوە بدەن).

فەرماندەیی ماکۆ فەرمانی بەخێڵی ناوبراو دا بسەماڵ و منداڵەکانیانەوە و هەروەها بە مەڕو ماڵاتیانەوە بۆ شوێنی یەکەمیان واتە هەمان ئەو شوێنەی کەوتبووە بەرهێرشی تورکەکان و بەشێکیشی کەوتبووە ژێردەستی ئەوان، بگەڕێنەوە. ئەم فەرمانە بۆ خێڵەکە شایانی ڕاپەڕاندن نەبوو. چونکە ساردیی هەوا لە لایەکەوە بردنی ماڵ و منداڵ و مەڕو ماڵات و کەلوپەل بۆ ناو ئاگر لەلایەکی

---

(٣) ئەم دەستەواژەیەی سەرەوە بە(هەنگاو نەناوە) ڕاست کردووەتەوە.

دیکەوە بە هیچ شێوەیەك ئـەم کارەیـان بـە بـاش نـەدەزانی. خـالید ئاغا لە بەرانبەر ئەم فەرمانەدا وەڵامی فەرماندەی سـەربازی مـاکۆی دایەوە: هێزی تورك زیادەڕەوی بۆ ناو سنووری ئێران دەکەن. ئێمـە بـۆ بـەرگری کـردن لـە خـاکی ئـێران ئامـادەی هـەر چەشـنە لەخۆبووردنێکین. یـەك ئەفسـەری پلـەدارو چـەند سـەربازێکمان بـۆ رەوانـە بکـە ئێمـەش بـە هـەموو چـەکدارەکانی خۆمانـەوە لـە ژێـر فـەرمانی ئـەو ئەفسـەرەدا کـە رەوانـەی دەکـەن گوێڕایـەڵ دەبـین و دەچـین سنوورەکەمان دەگرینـەوەو تورکـەکان لـە خـاکی ئـێران دەردەکـەین، بـەڵام بردنـی ژن و منـداڵ و مـەڕو مـاڵات بـێ سـوودە. مۆڵەت بدەن کە دەوارەکانمـان لـێرەدا بمێنێتـەوە، بـەڵام فـەرماندی سەربازی ماکۆ لە سەر وتەکەی خۆی سوور بوو.

یاوەر فەتحوڵاخان لەگەڵ ژمارەیـەك سـواردا کـە هـەندێکییان لـە دانیشـتووانی تـورك زمـانی ناوچـەی مـاکۆ بـوون هاتنـە نـاو خێڵـی جەلالیەوە، محەمەد ئەمین ئاغای برای خالید ئاغا کـە سـەرۆکی ئـەو بەشەی خێڵی جەلالی بوو، چوو، بەرەو پیرییـەوە، یاوەر فـەرمانیدا کە دەبێت هەر ئێستا خێڵ بار کات و بگەڕێتـەوە بـۆ کوێستانەکانی خۆیان لەسەر سـنوور. محەمـەد ئـەمین دەڵێـت کـە سـەربازی تـورك شوێنی هەوارەکانی ئێمەی داگیر کردووە بۆ ژن و منداڵ ناگونجێت، خۆم و هەموو پیاوە چەکدارەکانم لە ژێر فـەرمانین بـۆ هـەر کوێیـەك فەرمان دەفەرمووی ئێمە حـازرین و دەڕۆیـن. یـاوەر فـەتحوڵا خـان دەڵێت:حەتمەن دەبێت بە ژن و منـداڵ و مەڕوماڵاتـەوە برۆنـەوە بـۆ کوێستان. محەمەد ئەمین لە وەرامدا وتی:ناتوانین ژن و منداڵ بەرەو نیشانگەی گوللەی دوژمن بەرین و لە ناویان بـەین. لـەم مشـتومڕەدا

دەبن یاوەر فـەتحوللاخان دەمانچـە حـەوت تیرەکـەی دەردێنـێ محەمەد ئەمین ئاغا لە ناو دەوارەکەی خۆیا دەکوژێـت و خۆشـی بـە غاردان دەگەڕێتەوە.

پیاوەکانی محەمەد ئەمین ئاغا هەموویان چەکدار بـوون،لـە بـەر ڕێزگرتنی دەوڵەتی ئێران تە نـها گوللەیـەك بـەرەو یـاوەر ناتـەقێنن، بـەڵام ئـەو سـوارە چەکدارانـە کـە لەگـەڵیا بـوون هـەموویان گرتـن و چەکیان کردن. خالید ئاغا ئاگاداری ڕووداوەکە بوو. لە نزیـك تـەرمی براکەیـەوە نامەیـەکی بۆ فـەرماندەی سـەربازیی مـاکۆ نووسـی. لـە نامەکـەدا نووسـیبووی: براکـەی مـن کـە کـوژراوە بـە قوربـانی ئەعلاحەزرەت هومایون بێـت، بـەڵام چونکـە خێـڵ بـەرەو گـەرمیانی خۆی دەڕوات داوا دەکەم ڕێگەمان پێ نەگری.

شەو خێـڵ بـار دەکـات و ڕێگـەی گـەرمێنی خـۆی دەگرێتەبـەر. (خێڵەکان لە گەڕانەوەیان بۆ شوێنی زستانەیان بە زۆری بە شەوا بار دەکەن. بە ڕۆژدا پشوو دەدەن و مەڕو مـاڵات دەلـەوەڕێنن). نزیکـی نیـوە شـەو دەگەنـە دەربـەندی گـاجووت. بنکـەی سـەربازی بـەهێز کراوی دەربەندی گاجووت لەناو دەربەندەکەدا کە لەسـەر بەرزاییـەك دامەزرا بوو خێڵەکە دەداتـە بـەر دسـترێژ و گوللـە بارانیـان دەکـات. چـەکدارەکانی خێڵەکـەش پـەلاماری بنکـە سـەربازییەکە دەدەن، ئەفسەرە کەش و سەربازەکانیش بە دیل دەگرن و چەکیان دە کـەن بەو شێوەیە ڕێگا دەکەنەوەو لە سنووری ماکۆ دەچنـە دەرەوەو لـە دەوروبەری ئاوایی تانـەلی دەوار هـەڵدەدەن. یـاوەر فـەتحوللا خـان، بـەم شـێوەیە نەخشـەی شـوومی خـۆی پیـادە کردو بـە شـێواندنی

مێشکی فەرماندەی لەشکر و سەرلەشکر خزمەتێکی گەورەی بە تورکەکان کرد.

رۆژی دوایی ئەم هەواڵە خەم ئامێزە گەیشتە ئارارات. بۆ کۆتایی هێنان بەم رووداوە خەمناکانە فەرماندەی کورد لەگەڵ چەند کەسێکدا لە گەورە پیاوانی ئارارات هات بۆ ناو خێڵی جەلالی، ئەفسەر و سەربازە گیراوەکانی ئازاد کرد و چەکەکانی حکوومەتیشی بۆیان گەڕاندنەوە و بۆ چارەسەرکردنی رووداوەکەو کۆتایی هێنان بەم پێشهاتە بەفەرماندەی لەشکری ئەوێ یانی سەر لەشکر حسەین خانی موقەدەمی ئاگادار کرد کە سەبارەت بەم رووداوە هەرچی خواست و فەرمانی حکوومەتە و هەرچییەك کەنیازتان وایە لەم رووەوە بیکەن پێمان رابگەیەنن، تاکو فەرمانەکانی حکوومەت لەلایەنی سەرکردایەتیی کوردەوە جێبەجێ بکرێت. بەهۆی ئەم رووداوەوە مووسا ئیبراهیم ناو سەرۆکی خێڵی ساکانی ئێران کە بە خێڵەکەی خۆیەوە دراوسێی بنکە سەربازییەکەی ئێران بوو، لە ئای بەی دەواری هەڵدابوو بۆ خۆ خۆشەویستکردن. راپۆرتێکی بۆ فەرماندەی لەشکری ئازربایجان نووسیبوو ئەمەی تیا دەربڕیبوو:(سوارەکانی ئاراراتی ئامادەن پەلاماری بنکە سەربازییەکانی ئێران بدەن). هەرچەندە فەرماندەی لەشکری ئازربایجان لە ئەنجامی ئەزموونی چەند ساڵەی لە بیرو نیازی ئاراراتییەکان بەتەواوی ئاگادار بوو و هیچ گرنگییەکی بەم وڕێنانە نەدەدا، بەڵام لەوە دەچوو مووسا ئیبراهیم لەلایەن سوڵتان

مەحموود خانەوە[1] سەرۆکی بنکەی ئای بەی هاندرابێت کە ئەم نامەیە بنووسێت، سوڵتانی ناوبراو هەم بۆ تەواوکردنی نەخشەی یاوەر فەتحوللاخان، فەرمانی لە ژووروی هەمان یاوەرەوە وەرگرتبێت.

خالید ئاغا لە سەرۆکایەتیی خێڵی جەلالی لابرا و کورە گەورەکەی کەناوی عومەر ئاغا بوو لە جێگەی باوکی بوو بەسەرۆکی خێڵەکە دانا، ناوبراو ئامۆزاکەشی حەسەن خالیدو کوڕێکی دیکەشی مستەفا بۆ دەربڕینی دۆستایەتی بۆ لای ئەمیر لەشکر نارد فەرماندەی لەشکر مستەفای برد بۆ تەورێزو لەوێدا بە نیشاندانی خۆشەویستییەکی بێپایانەوە گەڕاندیانەوە بۆ ماکۆ، بەهیوای سۆزو بەزەیی حکوومەت گەڕایەوە. خالید ئاغا لە شاری ماکۆ چەند دۆستێکی ڕێزداری هەبوو. هەمان ڕۆژ یەکێکیان هەواڵ بە مستەفا بەگی کوڕی خالید بەگ دەگەیەنێت کە ئەم شەو هێزی سەربازو چەکداری جاش دەوروبەری دەوارەکەی بابت دەگرن خالید ئاغا یا بەزیندوویی یان بە مردوویی دەگرن.

مستەفا بەپەلە ماکۆ بەجێ دەهێڵێت، دەگاتەوە ماڵی باوکی و لە هەواڵی هاتنی هێزی سەرباز ئاگاداری دەکات. خالید ئاغا لەگەڵ دەوارەکانی دەوروپشتی خۆی شوێنەگۆڕکێ دەکات و دەگوێزێتەوە، چونکە بڕوایەکی تەواوی بە هەواڵدەرەکە هەبوو. کوڕە مامەکەشی حسۆی ئەیوب کە دەوارەکەی لە پشتی دەوارەکانی خالید ئاغاوە بوو، دراوسێی ئاسینجین بوون باوەڕی بەم هەواڵە نەکرد، شەو لە

---

[1] لە وەرگێڕانی فرەنسیدا یوسف خان هاتووە.

شوێنی خۆی نەجوولا هەواڵی هەواڵدەرەکە راست بوو لە شەوا ژمارەیەك لە هێزی حکوومەت کەپێکهاتبوو لە سەربازو جاش، کەوتبوونە ڕێ، کە گەیشتنە شوێنی دەوارەکانی خالید ئاغا و شوێنەکە یان بە چۆڵکراوی بینی، چوونە پێشەوە دەوروبەری یەکەم ئەو دەوارانە کە پەیوەندییان بە بەشی حسۆی ئەیووبەوە هەبوو گەمارۆ دا. بەیانی زوو حسۆی ئەیووب لە کاتێکدا کە دەیویست مەڕو ماڵات لێخوڕێ بۆ لەوەڕ لە نێوان دەوارەکاندا درانە بەر دەسترێژ گوللەیەکی بەرکەوت و گیانی لە دەست دا. لەم دەسترێژەدا کەبۆ ناو دەوارەکان کرا، برا ژنی خالید ئاغاش کوژرا. لایەنگرانی حسۆی ئەیووب دەستیان بە بەرگری کرد. بەهۆی دە نگی تەقەکانەوە ژ مارەیەك سواری کورد کۆ بوونەوەو دەستیان بە جەنگ کرد، هێزەکەی حکوومەتیان شکان. لەدوای تێکشکانەکەش لە لایەنی سوارەکانی کوردەوە دوایان کەوتن و لە ئەنجامدا ژمارەیەك بەتایبەتی لە جاشەکان کوژران و بەجێمان.

سەرۆکەکانی ئارارات دووبارە ناوبژییان کردەوەو بەریان بە خێڵی خەلکان گرت. فەرمان بەرداری و گوێڕایەڵی و دڵسۆزیی ئەم خێڵەیان بۆ حکوومەتی ئێران دابینکرد، بەلام دەبێت بڵێین کە خێڵەکە بە هیچ جۆرێك لە حکوومەت دڵنیا نەبوو، ئەم رووداوە بە هیچ شێوەیەك تاوانەکەی لە ئەستۆی کوردا نەبوو.، نازانرێت بە چ شێوەیەك گوزارشیان بەکاربەدەستانی دەوڵەت دابوو، کە هەموو کوردەکان لە پێشچاوی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێراندا بە یاخی لە قەڵەم درابوو، یارمەتیی ئەعلا حەزرەتی کۆچکروی بۆ هێزی تورکیە سەبارەت بە لەناوبردنی کوردی ئارارات راکێشاو کەوتە کار.

(هەر بەو شێوەیەی کە روونمانکردەوە بە ئیحتیمالێکی بەهێز گوزارشەکە مووسا ئیبرا هیم بە درۆکانی یاوەر فەتحوڵڵا، رازاندبوویەوەو رەوانەی کردبوو. یاوەر فەتحوڵڵاخان ئازربایجانی و تورك زمانبوو، خزمی سەرداری ماکۆ بوو. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە پێچەوانەی مەنتیق بوو کە حکوومەتی ئێران پایەی کارەکانی لە سەر بناغەی گوزارشێکی بەو چەشنە دابرێژێت، بەم گورجییە کاردانەوەی راست و دروستی شۆڕشگێڕانی ئاگری لە ماوەی ئەم چوار ساڵەی دواییەدا فەرامۆش بکات، کە هەمیشە رێزیان لە بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی ئێران گرتووە. حکوومەتی ئێران دەبوایە ناوەرۆکی ئەو گوزارشانەی بە وردی لێك بدایەتەوە و شیبکردایەتەوە. چەند ماوەیەك لە پێش رووداني ئەم رووداوەدا فەرماندەی کورد، دەرکەوتنی ئەم جۆرە مەسەلانەی لە ئایندەدا پێشبینی کردبوو و لەم رووەوە پێشنیاری بە حکوومەتی ئێران دابوو. حکوومەتی ئێران دەیتوانی لە کاتی هاتنە پێشەوەی لێکنەگەیشتنەکەدا بەرگری لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان و ئارارات بکات..)[١]

کۆچەرەکانی گەلی زیلانیش چوون بۆ ئارارات بەم شێوەیە ژمارەیەکی زۆر رژابوونە ئاراراتەوە لە بارەی بژێوییەوە کێشەیەکی زۆر دروست ببوون. ئارارات لە هەموو لایەکەوە لە ژێر ئابلووقەیەکی گەلێك بە هێزدابوو. فڕۆکەکانی تورکیەش پەیاپەی گوللە بارانی

---

[١] ئیحسان نوری، لە بارەی ئەم پیشنیارانەوە هیچ روونکردنەوەیەکی نەداوە(و).

دەوارەی ئاراراتییەکانی دەکرد. ئەم فڕۆکانە کە هەمیشە لە ئاسمانی ئاراراتدا لە فڕیندا بوون. هەندێ جار بەر گوللەی شۆڕشگێڕەکان دەکەوتن و نەدەگەڕانەوە بۆ فڕگەکانیان. یەکێك لەم فڕۆکانە لە ترسانا گەلێك بەرز هەڵفڕیبوو. لەمەودای چەکی ئاراراتییەکان چوو بووە دەرەوە خۆی گەیاندبووە بەرزترین لوتکەی ئاگری ئەمەش بۆ ئاگری شایستەی قبووڵکردن نەبوو، چونکە لە گەورەیی ئەم چیایەی کەم دەکردەوە. چونکە تا ئەو کاتە چیای ئاگری سەر لووتکەکەی خۆی لە مرۆڤ شاردبووەوە لەم رۆژەدا ئیتر ئاگری نەیدەتوانی مۆڵەتی دوژمنانی رۆڵەکانی بدات ئەوەندە لەخۆباییبن و بەرزە فڕین. دەبێت ئەم دوژمنە لەخۆبایی بووە تەمێ بکرێت. گەردەلوولێکی بە هێزی ئاگری هەڵیکردو فڕۆکەکەی وەها سەرنگوون کرد و لەناوچەی ئاراراتدا کەوتە خوارەوەو فڕۆکەوانەکەی پارچە پارچە بوو بوو. بەم شێوەیە ئەو لەخۆبایی بووە بە سزای خۆی گەیشت و نەیتوانی ئەوەی دیتبووی بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە.

کاتی گەڕانەوەی خێڵ لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان هاتە پێشەوە، دەوارەکانی ئاراراتییەکان بەرەو دامێنی چیا هاتنە خوارەوە، نادر بەگ کوڕێکی دلاوەر و لەخۆبووردووی حسەین پاشا بوو. ئەرکی ئامادەکردنی خوارباری پێسپێردرابوو. بە پەنجا سوارەوە لە ئاراراتەوە رێکەوت. لێرەدا دەبێ بڵێین کە کوڕانی حسەین پاشا بە پێچەوانەی باوکیانەوە لە رێگای ئازادیدا گیانبازانە خزمەتی گەلەکەی خۆیان دەکرد و لە لای هەمووان خۆشەویست بوون و رێزێکی تەواویان هەبوو. دووبارە دەبێت ئەوەش

روونبکەینەوە کە کوشتنی حسەین پاشا لەگەڵ تەواوی ئەو کارانەشیدا کە سەبارەت بە نەتەوەکەی خۆی ئەنجامی دابوو، هەموو شۆڕشگێڕەکانی نیگەران کردبوو. بە شێوەیەك کە بکوژەکەی (سەدەنی)[1] لە گەورە پیاوانی مووش بوو لە ریزی تاوانباران و خەیانەتکاراندا دەژمێردرێت.

فەرماندەی ماکۆ ئەو بڕوا و دڵنیاییەی کە ئاراراتییەکان بەرانبەر بە دەوڵەتی ئێرانی شاهەنشاهی هەیانبوو هەمووی لە دژی ئاراراتییەکان بەکاری دەهێنا. بەم شێوەیە کە یاوەری یەکەمی ئاغالارۆف (یارمەتیدەری دووهەمی حکوومەتی ماکۆ) نارد بۆ سەر سنووری ئارارات و فەرماندەی کوردی ئاگادار کرد کە ئاراراتییەکان دەتوانن کاروانێك رێکخەن و بۆ دێهاتەکانی ماکۆی ڕەوانە بکەن و هەرچەند خوارباریان پێویستە بیکڕن و بیبەنەوە بۆ ئارارات. ئەگەر بە راستی ئەم پێشنیارە راستبووایە کۆمەکێکی گەورە بوو بۆ ئاراراتییەکان و لەو رۆژگارە رەشەدا بۆ شۆڕشگێڕەکانی کورد نرخێکی گەلێك گەورەی هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەمەش فێڵ و تەڵەکەیەك بوو بۆ ئیفلیج کردنی جموجووڵ و کەمکردنەوەی هێزی پارێزگاری ئاراراتییەکان.

ئاراراتییەکان وەکو لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد خۆیان بە نەژادی بێگەردی ئێرانی دادەنا و چاوەڕوانی هیچ هەنگاوێکی دوژمنانەیان لە لایەنی دەوڵەتی ئێرانەوە نەدەکرد، لەبەر ئەمە بەم یارمەتییەی فەرماندەی ماکۆ دڵشاد بوون. بە سوپاس و دڵنیاییەکی

---

[1] لە بەشەکانی پێشەوەدا ناوبراو بە {مدنی}ناو براوە

بێپایانەوە کاروانێکی گـەورەیان رێکخست و رەوانـەی ئـێران کـران، بەڵام جارێکی دی ئـەو کاروانـەیان نەبینییـەوە. چونکـە لـە دووهـەم رۆژی رۆیشتنی کاروانەکـەدا هـێزێکی گـەورەی تـورك. ئـاخرین و گەورەترین هێرشی خۆی بۆ سەر ئارارات دەست پێکرد و بەشێك لـە خاکی ئێرانیش کە لە پشتی ئاراراتییەکانەوە بوو، بۆ سەرکوتکردنی کوردەکان خرابووە ژێر دەستەڵاتی سوپای تورکیە.

دەرکەوت فەرماندەی ماکۆ لەباتی ئەوەی ئاراراتییـەکان ئاگادار بکات کە ئەو بەشەی خاکی ئێران خراوەتە ژێـر دەسـتەڵاتی سـوپای تـورك، ئـەوانی لەخشـتەبردبوو و هۆیـەکانی گوێزانــەوەو ژمارەیـەك چەکداری لە ئاراراتەوە بردە دەرەوە بۆ ئێرانی راکێشان. سـەرەڕای ئەمەش وێڕای دوورخستنەوەی خێڵە ئێرانییەکان لە سنووری ئارارات و بەشێك لە خێڵی قزڵباش ئۆغلـی کـە چـەند سـاڵێك لـەوە و پێشـتر هاتبوونە تورکیە لەم جەنگەی ئازادییەدا. پاراستنی بەرەی باکووری خۆرهەڵاتی ئـارارات – سـەردار بۆلاغـی– پێسـپێردرابوو، لـە لایـەنی فەرماندەی ئێرانەوە دڵنیا کرابوون و بۆ ئێرانیان بردبوونەوە.

حکوومەتی تورکیە بە بانگەشەیەکی زۆر و زەبـەندی تێکـەڵ بـە هەڕەشـە دەیویسـت شۆڕشـگێڕەکانی ئـــارارات ناچـار بکـات و ملکـەچبوون. بەتایبـەتی لـەناو شۆڕشـگێڕەکانی خێڵـی حـەیدەراندا چالاکییان دەنواند. نامەیەکیشیان بۆ برو حسکی و شێخ عەبدولقادر نووسی ئەوانیان دڵنیـادەکرد و داوایـان دەکـرد کـە شۆڕشـگێڕەکانی حـەیدەران و جــەلالی بگەڕێنــەوە دێهاتــەکانی خۆیـان و ملکــەچی دەوڵـەت بـن. لـەخۆبردووەکانی کـورد بـە پێچەوانــەوە برسـیەتی و پەرێشانی و تەنانەت کوشتنیش لە ژێـر ئـاڵای نەتـەوەیی خۆیانـا لـە

گەڕاندنەوە بۆ ملکەچبوونی تورکیایان بەلاوە پەسەندتربوو. تەنها لە ناو ئەوانەدا عەبدوڵا حەسەن ئاغا لەگەڵ کوڕەکەیدا کە ناوی بایەزید بوو گەڕانەوە بۆ تورکیە، بەڵام خۆبەختکەرانی حەیدەری ڕێگەیان پێگرتن ویستیان بیانکوژن، بەڵام ناوبژیوانی سەرکردەکانی ئارارات بووە هۆی ڕزگار بوونیان. لەدواییدا بیسترا کە لە دوای ڕووخانی ئارارات تورکەکان ئەوەندەیان لەو پیرەمێردە بێچارەیە دابوو لە ژێر قەمچیدا گیانی لە دەست دابوو.

پەلاماری ئارارات درا، لەشکرەکانی تورك دەهاتنە پێشەوە. ئاراراتییەکان لە پشتەوەو لە سنووری ئێرانەوە دڵنیابوون. چونکە ئەو ناوچەیان بە بێلایەن دادەنا. بۆیە ژن و منداڵ و مەڕ و ماڵاتی خۆیان بۆ سەر سنووری ئێران ڕەوانەکرد. جەنگاوەرەکانیش بەریان بە هێرشی تورك گرت. نیازیان وابوو وەکو ساڵەکانی لەوەو پێش هێواش هێواش سوپای تورك بۆ ناوەڕاستی ئارارات رابکێشن، ماندووی بکەن و دای ڕزێنن. لە نێوان بەردە ترسێنەرەکان و دۆڵەکاندا پەرت و بڵاویان بکەنەوەو لە ناویان بەرن.

پۆلێك لە فڕۆکەکانی تورك لە ئاسمانی ئاراراتدا دەفڕین و تەقەمەنییەکانی خۆیان بەزۆری بەسەر ژن و منداڵی بێتاوانا دەباراند. ئەم پۆلە ئەرکی خۆیان بە جێدەهێنا پۆلێکی دیکە دەردەکەوت ودەستیان بە بۆمباباران دەکرد.

برو حسکی لەگەڵ چەند جەنگاوەرێکی حسە سووریدا لای ڕاستی بەرەی خۆر ئاوایان گرتبوو، وەك مێخ چەقیبوون. هێرشی توندی یەك لە دوای یەکی پیادەی سەربازی تورك نەیدەتوانی تەکانێك بەم بەربەستە بدات. تەنها مەرگ دەیتوانی دەنگی فیشەکی

بـرو حسـكی لـەو ناوچەیـەدا خـامۆش بكـات. یەكـەم ڕۆژی جـەنگ كۆتـایی هـات. هـەردوو لایـەنی جەنگەكـە بـە حیسـابی خۆیـان لـە جەنگەكە ڕازی بوون. ڕۆژی دووهەم ئاراراتییەكان بەلەخۆبووردنێكی لـە ئـەندازە بـەدەرەوە بـە بـەردە یادگارییـەكانی بـاب و باپـیرانی خۆیانەوە نووسان،كەوتبوونە ناو جەنگێكی خوێنینەوە. لـەم كاتـەدا لـە پشـتی لای سـەرەوە لەسـەر سـنووری ئێرانـەوە بـە پێچەوانـەی چاوەڕوانیی جاران دەنگـی تـۆپ لـە ئـای بـەی خـاڵی پشـتی سـەر سنووری ئێرانەوە لە دواییشدا دەنگی دەسـترێژی شەسـتیری پیـادە بـەرز بـووەوە. دۆخـی ئاراراتییـەكان گـەلێك ناسـاز بـوو كـە لەگـەڵ سوپای ئێراندا هەرچۆنێك بێت بكەونە جەنگەوە.

فەرمـاندەی كـورد ئـەم ڕووداوەی بـەوە لێكدایـەوە كـە سەرچاوەكەی لە یەك نەگەیشـتنە، بـە هیـوای چـاككردنی، فـەرمانی بەرەنگارنەبوونەوەی لەگەڵ سـوپای ئـێرانی دەركـرد. خۆشـی چـوو بـەرەو سـنوور، بـەڵام كـاتێك گەیشـتنە سـەر سـنوور شـتێكی باوەڕپێنەكراوی دیت: هەنگەكانی سوپای تورك لە خاكی ئێرانـەوە و هەم لە پشتی ئاراراتەوە هێرشی خۆیان دەست پێكردبوو. دەركەوت كـە دەوڵـەتی ئەوكاتـەی ئـێران داواكارییـەكانی دەوڵـەتی كۆمـاری توركیەی پەسەند كردووەو بەشێكی لـە خـاكی خـۆی كـە لـە پشـتی ئاراراتەوە بوو، بۆ لە نـاوبردنی ئـەم نـاوەندەی نەتـەوەی كـوردە — نـاوەندی نـەژادی ئـێرانی— خسـتووەتە ژێـر دەسـتەڵاتی فـەرماندە باڵادەستەكانی تورك.

نووسەر لێرەدا حەق یا ناحەق بوونی گلەییـەكانی ئاراراتییـەكان كە خۆیان بە كۆنترین نەژادی ئـێرانی دەزانـن و لـە مـاوەی جـەنگ و

پێکادانی چەند ساڵەیان، لەگەڵ دەوڵەتی تورکیە، لە بەرانبەر دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێراندا جگە لە دۆستایەتیی راستی و رێزگرتن دەستییان بۆ هیچ کارێکی دیکە درێژ نەکردبوو. دادوەریکردنیان بە رۆشنبیران و نیشتمان پەروەرانی ئێرانی دەسپێرم.

پەرە هەڵدرایەوەو بارودۆخی کوردەکان بەدتر بوو بوو. ئەم بەرە فراوانە بە کۆمەڵێك جەنگاوەر لە توانادا نەبوو بەرگریی لێبکرێت، ناچار خۆیان بەرەو لووتکەکانی ئارارات هەڵکێشا، رۆژی دووهەمیش بەسەر چوو. لە رۆژی سێهەمدا بوو. ئاراراتییەکان هەر بستێکی خاکی خۆیان بە خوێنی خۆیان سوور و ئاو دێر نەکردایە بە جێیان نەدەهێشت. تەنانەت دەستیان بەهێرشی نوێی بەرانبەر کردبوو. بەرگری لە ئەندازە بەدەرو هێرشی بێباکانەی کوردەکان ژەنەڕاڵ ساڵح پاشای فەرماندەی هێزی ناردراوی تورکی ناچارکرد داوای هێزی کۆمەکی بکات تاکو بتوانێت شوێنی کوژراوەکانی پڕبکاتەوە. لەو هێزە کۆمەکییە لەرۆژی دواییدا چەند سەربازێکیان بەر دەستی ئاراراتییەکان کەوتن، زانرا کە هێزەکەیان لە دەوروبەری باش قەڵاوە هاتوون و شەو و رۆژ بە رێوەبوون، تا خۆیان گەیاندبووە ئارارات، بەڵام کوردەکان لە هیچ شوێنێکەوە بەهیوای کۆمەك بۆ هاتن نەبوون. لەم رۆژەدا هەنگە سەر بازییەکانی تورك لە خاکی ئێرانەوە دەوروبەری ئاراراتیان گرتبوو، بەبێ بەرگری سەردار بولاغیان داگیرکرد.

{کوردەکان ئیتر چاوەڕوانی هیچ کۆمەکێکیان نەدەکرد. لەشکری سەربازیی ژەنەڕاڵ ساڵح پاشا لە ناوچەی واندا خستبووی، حکوومەتی تورك بۆ دەست پێکردنی پەلامارەکەی، کەمالەدینی

سامی پاشا سەفیری خۆی لە بەرلینەوە بانگ کردبووەوە ناوبراو لە ساڵی (١٩٢٠) دا فەرماندەیی سوپای نوێی قەفقازی لە ئەستۆدا بوو. زیاد لەمە لە ئەستەموولیش بە نوێنەری مستەفا کەمال پاشا دەژمێردرا، لە کاتێکدا کە ئیحسان نوری بۆ لابردنی دەوڵەتی فەرید پاشا راپەڕی سامی پاشا بانگی کردە ماڵی خۆی هەموو زانیارییەکی سەبارەت بە نیازەکانی خۆی پێ ڕاگەیاند بوو، لە دوای رمانی دەوڵەتی فەرید پاشا، ئیحسان نوری خۆی لە بەشداریکردنی راپەڕینە شۆڕشگێرییەکانی تورك کێشایەوەو کەمالەدین سامی پاشا کرا بەسەرۆکی ئەرکانی سوپا. وا دێتە پێشچاو ناوبراو بەهۆی پەیوەندییەکەوە کە بە ئیحسان نورییەوە هەیبوو کرابوو بە فەرماندەی جەنگ و ئەم پلەیەی پێدرابوو، سەرەڕای پەنجا هەزار سەرباز کە لە دژی ئاگری لە جەنگدابوون بیست هەزار سەربازی دیکەش ئەرکی دژایەتیی ئەو خێڵە کوردانەیان پێسپێردرابوو کە لە دەرەوەی ئاگریدا پەرش و بڵاو بووبوونەوە، دەستیان بە جەنگ کرد. هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە هەنگەکانی تورك لە خاکی ئێرانەوە هاتنە نێو جەنگەکەوەو پەلاماری هەردوو لای ئاگرییان دا}.

نوێنەری ئەرمەنییە کۆچەرەکان کەرووداوەکەیان بینی لەو کاتەدا دواکەوتن بۆ ماوەی (٢٤) کاتژمێری بۆچۆڵکردن، بە زەرەرو و زیانی ئاراراتییەکان دەزانی، هیچ هیوایەکی رزگار بوونیان نەدەدی. بۆیە بە پەلە داوای چۆڵکردنی ئاراراتیان کرد، بەڵام کوردەکان چونکە تامی خۆشی ئازادییان چەشتبوو، هیچ کاتێك حازر نەبوون ئەو ئازادییە بەم هەرزانییە لە دەست بدەن و ئارارات بدەنە دەست دوژمن، لەبەر ئەمە فەرماندەی کورد لە وەڵامدا وتی:

(ئێمـە کوردیـن لــە گــەمارۆدان باکمــان نییــە. هێڵــی گــەمارۆ هەرچەندە تەنگترو بە هێزتر بێت ئەگـەر نیـازی چوونـە دەرەوەمـان هەبێت دەتوانین درزی تێبکەین. شـتێك هەیـە ئێمـە لـە بـەر خـاتری ژیانی تاکە کەسی نامانەوێ واز لە ئازادیی گەل بـهێنین. راسـتە لـەم دۆخەدا. هیچ کلاَورۆژنەیەکی ئومێد نییە بەلاَم مانـەوەی ئێـوەش لـە ئاراراتدا هیچ سوودێکی نییە. هێشتا بازنەی گەمارۆدانەکە بە تەواوی بەدەوری ئاراراتدا نە کێشراوە ئەمە بە هەل بزانن ئەو شارەزایانە کە هەتانە لەگەڵ خۆتانا بـەرن و ئەمشـەو برۆنـەدەر) ئـەم شـارەزایانە چوار پێنج کەسی ئەرمەنی بوون کە لـە رۆژی دووهـەمی جەنگەکـەدا هاتبوون بۆ ئارارات، بەلاَم ناویراو سوور بوو لە سەر ئەوە کە بــەلانی کەمـەوە خـودی فـەرماندەی کـورد ئـەو شـەوە لـە ئـارارات بچێتـە دەرەوە، بەلاَم وەلاَمی فەرماندەی کورد لەم ڕووەشەوە ئەمەبوو:

(ئەم وتەیە لای من بێبایەخە. مـن لـە هـاوڕێ لـە خۆبردووەکـانم ئازیزتر نیم. ئەگـەر قـەدەرمان کـوژران بێـت بـا هـەموومان پێکـەوە بکوژرێن).

فەرمــاندەی کــورد لــەنێو جەنگەکــەدا مایــەوە، نوێنــەری ئەرمەنییەکان لەگەڵ چەند کەسێك لـە پیاوەکـانی بـۆ ئامـادەکردنی هۆیەکانی رۆیشتن چوون بۆ پشـتی بـەرەکانی جەنگـەوە لـە هـەمان شـەودا لـە ئـارارات چوونـە دەرەوە. لــەکاتی رۆیشــتنەکەیانا داوای کردبوو کەمال و منداڵـی فـەرماندەی کوردیش لەگـەڵ خۆیانـا بباتـە دەرەوە لە مەترسی رزگاریان بکات و وتبووشی کە ئیحسـان نوریـش لـە دواییـدا دێـت، بـەلاَم خـانمی فـەرماندەی کـورد وتبـووی هــەر

مەترسییەك روو بكاتە هاو سەرەكەم با رووبكاتە منیش هەرگیز لە ناو ئاگردا بە جێی ناهێڵم و خۆم رزگاركەم. باپێكەوە بكوژرێین.

رۆژی دوایی راپۆرتێك بەدەستی فەرماندەی كورد گەیشت، ئەوەی رادەگەیاند: كە چەند هەزار سەربازی سوپای رووسیا بە هاورێیەتی لەگەڵ لەشكری هێرشبەری توركیە لە روباری ئاراس پەرینەوە و دامێنی لای باكووری ئاراراتیان گرتووە، ئاراراتییەكان هەرچەندە لە بەرانبەر ئەو هێزە زەبەلاحەدا و بە یارمەتیدانی حكوومەتەكانی شوورەوی و ئێران بە حكوومەتی توركیە بۆ لەناوبردنی رێكخراوەكانی ئاگری زانیبوویان كە سەر لەنوێ بەرگریكردن هیچ ئەنجامێكی نابێت، بەتایبەتی كە ژن و منداڵەكان لە هەموو لایەكەوە لە ژێر لێزمەی بارانی گوولەی زەمینی و ئاسمانی دوژمندا بوون و ئازادی جموجوڵیان لێبڕابوو، هێشتا رێگەیان نەدەدا كە ختووره بە دڵیانا تێپەرێت.

سەرۆكەكانی ئاگری كۆبوونەوەیەكیان پێكهێنا، لە دوای لێكدانەوەیەكی ورد سەبارەت بە بارودۆخی ئارارات بە رێكەوتنی گشتی بڕیاریاندا تا دوا هەناسەیان درێژە بە جەنگ بدەن و بڕیاریاندا لە دوای تەواوبوون و تەقاندنی ئاخرین فیشەكیان بە خەنجەرو مستەكۆڵەوە هێرش بەرنە ناو ریزەكانی دوژمن، سەرەرۆكان كە نیازی پارچە پارچە كردنی پەیكەری ئازادی كوردیان هەبوو بە ددان وردو خاشیان بكەن، با هەموومان پێكەوە بكوژرێین. ئەم رێگەی ئازادی نەتەوەییە كە هەرگیز ناتوانن تاسەر بپێون بەو بیرەوەریانە كە لە كوشتنی خۆمانەوە بە رۆحییەتێكی دلێرانە و ئازایەتیەكی بێوێنەوە بەجێدەهێڵین ببیتە سەر مەشقێك بۆ نەوەكانمان. چەند

جوانبوو کەسانێك کە لە شکۆداری خۆبەخت کردنی کوردی تورکیەدا بۆ بەدەست هینانی ئازادی گەل هیچ دوو دڵیەکیان نەبوو. ئەم دیمەنە بێباکانەی لەخۆبردوانەی مللی گەرایانەیان بە چاوی خۆیان دەبینی.

گۆیا چیاکان ودۆڵەکانی ئاگری لەگەڵ کوڕکانی خۆی پێکەوە ئەیانوت:

نـــــیزەیی تورکـــــان درانـــــدن زگـــــان
ژ خـــوونا کـــوردان سووربـــوون ئـــەوالان
دەنگـــــیٚ تفەنگـــان چیایـــان هـەلـــــدان
مێرخاســـێن وەتـــــەن هـــــاوار بگـــــەهن

مانای شیعرەکان:

نێزەی تورکەکـــــان زگیـــــان هـــــەڵـــدڕی
لەخــــوێنی کـــوردا دۆستەکان سووربوون
دەنگی تفەنگەکـــــان لە چیاکانا دەنگیان دایەوە
دلێرانی نیشتمان فــــــریـــــاکـــــــەون

هێرشی دلێرانەی کورد دەستی پێکردبوو، بەلاّم سوودی چییە ! وەکو تیرێك لە دەریایەکی بگیرێت شەپۆلە خرۆشاوەکانی کونبکات و بڕوات ئیتر نەگەڕێتەوە دواوە لە ئەنجامدا بۆ خۆشی دەبێتە خۆراکی ئاوی دەریا. لە راستیدا رێـژەی ژمـارەی هـەردوو لا بـەم جـۆرە بـوو (یانی وەکو تیرێك لە ناو دەریایەکدا بێت (و).

ژیـان گرنگیـی نـەمابوو. کـوژران و کوشـتن شـێوەی کـارێکی زۆر ئاسایی بەخۆوە گرتبوو.

لەبەرەی باکووردا لە ئاستی قور خان هێرشێکی سەختیان برد بۆ چیای کوپکول کە سەربازە تورکەکان گرتبوویان. دووبارە چیاکەیان گرتەوە و سەربازەکانیان بەرەو قباق تەپە ڕاو نان، بەڵام لە بەرانبەر سەربازی بێژماری دوژمن ئەنجامێك کە ئەویسترا بە دەست نەهات.

ئەو ناوچانەی کە ئاراراتییەکانی تیا جێگیر بووبوون سووتەمەنیی تێدا نەبوو، ئاویش زۆر کەم بوو. ئەمەش بووە سەرباری دەردی برسییەتی و دەردەکانی دیکەش. چەند رۆژێك جەنگ بەم شێوەیە درێژەی کێشا. فڕۆکەکانی تورك هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان کوردی ئارارات و ئێراندا نەدەکرد، دەوارەکانی مووسا ئیبراهیم کەلە ئای بەی بوو لە کەناری پۆستی سەرسنووری دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێراندا بوو، خستبوویانە ژێر ئاگری بۆمبا کانیانەوەو چەند کەسێکی لێکوشتبوون.

دیمەنی دڵتەزێنی ژن و منداڵەکان کە لە ژێر گوللە تۆپ و بۆمبادا بەملا و ئەو لادا رایان دەکرد، دڵە پۆڵایینەکانی پیاوانی دەهێنایە جۆش. ژنان دەپاڕانەوە کە نەبنە هۆی ئەوە کە خۆیان و منداڵەکانیان دەستی دوژمن کەون. داوای رزگار بوون یا کوشتنیان بە دەستی پیاوەکانی خۆیان دەکرد.

هێڵی گەمارۆ ئەوەندە تەنگ بووبووەوە کە دوژمن لەهەر لایەکەوە بیویستایە دەیتوانی ئاگری چەکەکانی لە خاڵێکدا کۆ بکاتەوە، ئیتر وەکو مەیدانی کەربەلای لێهاتبوو، لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا کە هێرشبەرەکانی عەرەب هەقیان بە سەر ژن و منداڵەوە نەبوو، بەڵام هێرشبەرانی سەربازی تورك، سکی ئافرەتی

کوردیان بە نێزە هەڵدەدڕی منداڵیان بە نووکی نێزە لە سکی ئافرەتان دەردەهێناو فڕێیان دەدان.

شوکری خێزانی دێوانە ناوێك، برازایەکی برو حسکی و ژنەکانی دیکەش کە دەستی تورك کەوتبوون هەر بەم چارە نووسە گرفتار بووبوون. محۆی تەمەر ئاغا لە سەرۆکەکان، پیاوێکی پیرو نەخۆش و توانای جموجووڵی نەبوو، لە دوای شکانی ئەرجیش بە زەحمەت خۆی گەیاندبووە ئارارات، لەگەڵ نەبو کە مامی برو حسکی بوو ئەویش زیاد لە (١٢٠) ساڵ تەمەنی بوو، لەگەڵ عەلیکۆ ناوێکی هەسنی کە بەهۆی نەشتەرگەریی سەریەوە نەخۆش و بێهۆش و لە جێدا کەتبوو لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی پیرو نەخۆشدا کە لە گۆشەو کەناردا مابوونەوەو بەردەستی دوژمن کەوتبوون لە کاتی گرتنیانا، گیانی بێتوانایان بوو بە نیشانگەی تاقیکردنەوەی تیژیی نووکی نێزەی سەربازەکانی تورك.

خێزانی عەلیکو ژنێکی جوان و ساغ بوو، لە ئەنجامی وەفاداری بەرانبەر بە مێردەکەی لەگەڵ کچێکی بچووکیا بەلای تەرمی مێردەکەیەوە مایەوە، کچەکەی دیکەشیان کە سوارەکانی فەرزندە لەگەڵ خۆیانا بردبوویان و رزگاریان کردبوو،لە دەستی سوارەکان هەڵهات و خۆی گەیاندەوە لای تەرمی باوکی، باوك و دایك و هەردووکچە پێکەوە بوون بە نیشانەی نێزەی سەربازەکانی تورك، لە کاتی هەڵفڕینی رۆحەکانیان بەرەو ئاسمان یەکتریان بەجێنەدەهێشت لە یەك جیا نەدەبوونەوە، ئەمەکداریی ئەندامانی خێزانی کوردیان نومایش دەدا، تەنانەت تاماوەیەك لە دوای رووخانی ئارارات (٢٧) کەس لە ژن و منداڵەکانی ئەحمەد حاجی برو

حەیدەری و براکانی کە لە جەنگاوەرە بەرجەستەکانی ئارارات بـوون لـە نزیکـی سـنووری ئـێران لـە ناوچـەی سـەرکانی بەردەسـتی سـەربازەکانی تـورك کـەوتن و هـەموویان، یـانی ئـەو (٢٧) کەسـە بێتاوانـەیان گوللـەباران کـرد. لاشـەکانیان تاماوەیـەك لـەو شـوێنەدا کەکوژرابوون مابوونەوە. ئەحمەد حاجی برۆ کە براکەی ناوی سوفی پوشۆ بوو لە ئاخرین جەنگی ئاراراتدا لە دەستی دابـوو، لەگـەڵ دوو بـرای دیکەشـیا ئەسـلان و عـەبدوڵا وەختێـك گەیشـتنە کوشـتارگای نـاوبراوان لاشـەی ئـافرەت و منداڵانـی بێتاوانیـان لـە نێـو خوێنـا بەگەوزاوی بینی.

ئەمانە ئاخرین قوربانیانێك نەبوون کـە بنەماڵـەی حـاجی بـرو لـە رێگای ئازادیی گەل و نیشتمانەکەیاندا پێشکەشیان کردبوون، بـەڵکو ئـەم شـانازییەیان بـۆ خـودی ئەحمـەد و براکەشـی ئەسـلان بـە جیهێشتبوو، چونکە ئەوانە دووبارە ماوەیەك لە دوای ئەم ڕووداوە لە جەنگێکدا خۆیان گەیاندە کاروانی شەهیدانی رێگای ئازادی.

بـیری نـامووس پەرسـتی و غـیرەت پـەروەریی ئاراراتییـەکان، پاشماوەکانیان ناچار کردبوو، چاوێك بە بڕیاری سـەرەتایی خۆیـاندا بخشـێننەوەو ژن و منداڵـەکانیان لـە دەسـت دوژمـن رزگـار بکـەن. دەستەیەکی تێکەڵاو لە خێڵەکانی حـەیدەری و گلتـوری هێرشـێکیان بۆ سـەرهێزی دوژمـن بـرد، کـە لـە ئاسـتی باشـکەند و ئـاخورێکی ژووروووەوە هاتبوون بەرەو پاش و لای خوارەوە راویان نـابوون. لـەم هێرشـە دلێرانەیـەدا خـاڵی لاوازی هێڵـی گەمارۆکـە ئاشـکرابوو، لـە خۆرئاوادا مەڕو ماڵات بەجێهێڵدرا لەگەڵ ژن و منەکانا لە دوو خاڵەوە دەسـتیان بـە چوونـە دەرەوەکـرد، دەسـتەی یەکـەم،بەهێرشـێکی

شەبەیخوونی گەمارۆکەیان شکاند لە ڕۆژی دواییدا چەند کاتژمێرێك لە ڕۆژ ڕۆیشتبوو چوونە دەرەوە. دەستەی دووهەم بۆ لە خشتەبردنی دوژمن بەرەو قۆرخان ڕۆیشتن ڕۆژیان لەوێ بەسەر برد و لە شەوی دووهەمدا رزگاریان بوو. ژمارەیەکیشیان لە قۆرخانەوە بۆ ناو تورکیە بڵاوەیان کردبوو،لەناو ئەم کۆمەڵەیەدا ڕەشو سلوی سەرۆکی جەنگاوەرانی تایەفەی بکران. لەگەڵ ژمارەیەك لە چەکدارەکانی خۆیانا ماوەیەك لە ناوچەی گەلی زیلان نیشتەجێ بووبوون چەند جارێك هێزی تورکیان شکاند، بەڵام لە دواییدا لە جەنگێکدا کوژرا. بەم شێوەیە ئارارات ئەو ناوەندەی کوردە کەوتە دەست تورکەکان و سیاسەتی کۆکوژی کورد لە هەمولا یەکەوە دەستی پێکرد.

* * *

{سەید ئیسماعیل[1] بەرزنجی ماوەیەك لەگەڵ گرووپەکەی خۆی لە بەرانبەر گەمارۆی دوژمندا لە دەورو پشتی بایەزید بەرگریی کرد، بەڵام بە هۆی گرانییەوە لاوازبوو، هەموویان بەبێ ئەوەی خۆیان بە دەستی تورکەکانەوە بدەن کوژران}.

فەرماندەی تورکیە لە کاتی جەنگەکانی ئاراراتا پەیامی زارەکی و نووسراویشی بۆ خالید ئاغای سەرۆکی خێڵی جەلالی-ی ئێرانی ناردبوو کە لە لایەن فەرمانده‌ی ماکۆوە زیانی لێکەوتبوو و تەماعی نابووە بەرو، بە خۆی و خێڵەکەیەوە بانگی کردبوون بۆ تورکیە. ناو

---

[1] -لە دەقە فەرەنسەییەکەدا (ڕەسووڵ) نوسراوە

براو لــە دوای نـەمانی ئـارارات لـە ترسی دەوڵـەتی ئێران بـە خێڵـی خلیکانەوە چوو بۆ تورکیە.

زوهدی گویڤەن، لەم بارەوە ئـاوای نووسـیوە: سـەرەتای مـانگی ئاب هەواڵم پێگەیشت. کە خالید ئاغای سەرۆکی تایەفـەی خلیکـانلو لەگـەڵ دەوڵـەتی ئـێراندا لێکیـان داوە، لـە نێـوان تایەفەکـەی ئـەو و هێزەکانی ئێراندا چەند لێکدانێکی پەراگەندە روویداوە. لە کاتی ئەم جەنگانەدا خالید ئاغا زیـانێکی زۆری لێکـەوتبوو، لـە دواییـدا بـەرەو چیاکـانی ئـای بـای رۆیشــتووە (لــەر تایەفــەی خلیکــانلو لــە دژی حکوومەتی ئێران جەنگیان نەکردبوو، بەڵکو بە هەمان شێوە کـە لـە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد. تەنها چەند پێکاهەڵپڕژانێکی پرش و بـڵاو لـە نێوانیـاندا روویدابـوو سـەرەڕای ئەمـەش بـەرەو چیـای ئـای بـای نەرۆیشتبوو).

لەم کاتــەدا ئەفسـەرێکی شـوورەوی پـەیامێکی بـۆ ئەفســەرێکی تورکی سەرسنوور رەوانە کردبوو، نووسیبووی: (چـوار سـەد خـێزان لە تایەفەی خیلکانلو،لەم دواییەدا هاتوون بۆ ناوچەی دیل– ئـاراليق کە لە ناو قەڵەمڕەوی تورکیەدایە. ئەم تایەفەیە هەشت سـەد پیـاوی چەکداریان هەیە و رۆژانــە دانیشـتووانی شـوورەوی لێیـان دەترسـن. ئەگەر ئێوە ناتانـەوێت پـەلاماریان بـدەن مۆڵـەتی ئێمـە بـدەن تـاکو ئەوانە ناچار بکەین بگەڕێنەوە).

{لەوە دەچێت هەر بەم بیانووەوە بووبێت کە سوپای شـوورەوی هـاتبوو بـۆ یارمـەتیدانی تورکــەکان و بەشــی بـاکووری خۆرئـاوای ئاراراتی بچووکیان داگیر کردبوو. چەند رۆژێـك پێـش شـکانی ئـاگری (م. داهـان) نوێنــەری ئەرمەنییــەکان لــە ناوچــەی جەنگەکــە دوور

کەوتەوەو توانــی لـەکاتی تاریکـایی شـەودا هـەڵێت لـەو کاتـەدا بـوو کەرووسەکانی بینی بوو. }

لە لاپەڕەکانی پێشەوەدا روونمان کردەوە کە داوێنــی راپـەڕینی نەتەوایەتیی کورد بـە نـاوی ناوەندەکەیـەوە ئـارارات تـاکو سـنووری سووریەو عیراق درێژبووبـووەوە تەنـها لـەچیاو دەوروبـەری ئـاراراتدا قـەتیس نـەما بـوو. لـە بـاتی ئـەوەی کـە دەمویسـت تەنــها کورتـە مێژوویەکی ئارارات بخەمـە پێشـچاوی خوێنـدەواران لـە جموجووڵـی خۆبەختکەرانی نیشتمان پەروەر کـە لـە رێگـەی بـە دەسـت هێنـانی ئازادیی کورد لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی کوردستاندا. لەگەڵ هێزی تورکدا لەپێکدادانا بوون و فیداکاری لـە ئـەندازە بـەدەریان دەنوانـد باسـێکمان نیشـان نــەدا. ئــەم خۆبەختکەرانــە لــە دوای رووخــانی ئـاراراتیش جمووجوڵـی خۆیـان درێـژە پێـدا بـە تایبـەتی لـە ناوچــە چیاییـەکانی ساسـون و دەرسـیم. لـێرەدا سـەرنجتان بــۆ بەشـێکی وتارەکەی ئەمیر دکتۆر کامەران بەگی بەدرخانیش رادەکێشین کە لە دیدارێکدا بە ناوی کوردستان لە رۆژنامەکەی خۆیدا (لوژۆر) (Ljour) کـە بـە زمـانی فەرەنسـی لەبـەیرووت دەردەچـوو نووسـیبووی: ئـەم بزاڤەی نیشتمان پەروەرانە تاساڵی (١٩٣٨)یش درێژەی کێشا.

رووخـانی ئـارارات زمـانی کاربەدەسـتان و خامـــەی نووســەرانی تورکیەی ژیاندەوە؛ مەحموود ئەسعەد بەگی وەزیـری دادی کۆمـاری تورکیە لە وتارێکدا کە لـە شـاری ئـەدمیش خوێندییـەوەو رۆژنامـەی میللییەتیش لە رۆژی (١٩)ی سبتامبەری (١٩٣٠) بـڵاوی کـردەوە لـە سنووری دەستەڵاتی کۆماری تورکیەدا سیاسەتی بـاڵابوونی نـەژادی تورکی راگەیاند، وتی: (دەبێت دۆســت و دوژمـن بزانێـت ئاغـای ئـەم

وڵاته توركه. كەسانێك كه لەناو دەمارەكانی له شیاندا خوێنی سافی توركیان تیا نەبێت له نیشتمانی توركیه تەنها یەك مافیان هەیە. ئەویش نۆكەرایەتی و كۆیلەیەتییە) لە(القضیه‌الكردیه) وه وەرگیراوە).

گەلی كوردی ئازا هەر لەسەرەتاوە هەستی بەم سیاسەتەی كۆماری توركیه كردبوو. بۆیه نۆكەرایەتی و كۆیلەیەتیی قبووڵنەكردبوو، بۆ پاراستنی شەرافەتی نەتەوەیی و بۆ بەدەست هێنانی ئازادیی خۆی هەزارەها قوربانیی داوە، ئەمڕۆكەش لەبەردەم دادگای دادوەریی ئازادی خوازان بەڵگەیەك كه بەخوێنی شەهیدانی ئازادیخوازانی خۆی نووسیویەتی دەداتە دەست پارێزەرانی مافی زەوتكراوی خۆی.

رۆژنامەی میللییەت ئەم سەركەوتنه كه دەوڵەتی توركیه له سایەی كۆمەك و یارمەتیی دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و له دوای چەند ساڵێك خوێنرشتن توانیبووی بەدەست بێنێت سەبارەت به ئاخرین بزووتنەوەكانی كورد كه بۆ وەرگرتنەوەی مافی داگیركراوی گەلی خۆی هاتبووەكایەوە وای بۆ چووە: وێنەی گۆڕێك كه هەردوو سەری له سەر لووتكەی ئاگری–ی گەورەو ئاگری–ی بچووك دروستكراوە له سەر بەردەكەشی نووسراوە (كوردستانی خەیاڵی لێرەدا نێژراوە) لەوە بێ ئاگایه كه بیری ئازادی وەكو لافاوێك كه له رۆحه بێزارەكان و شكەنجەدراوەكانەوە سەر چاوە دەگرێت ئەو بەر بەستانەی كه له بەردەمیا دروستكراون هەرچەنده به هێزو مەحكەم بێت له ئەنجامدا به فشارێكی بەهێز كەله پەنگ خواردنەوەی ئاوەكانەوە كۆدەبێتەوە رێگەی خۆی دەكاتەوە به یەكجار هەموو

بەر بەستەکان دادەڕووخێنێت وای لێدەکات کە جارێکی دیکە چاك نەکرێتەوە. مەرجی عاقڵی ئەوەیە کە بە دروستکردنی جۆگەی لەبار لەو لافاوە وێرانکەرە بۆ ئاودێری و زۆر بوونی بەرهەم سوودیان لێوەربگیرێت و زەوییەکانی پێ ئاوەدان بکرێتەوە.

نووسەر لێرەدا لە بەرانبەر ئەو کێلە قەبرە نووسراوەدا بیروڕای خۆی دەرنابڕێت. ئایندەیەکە نیشانی دەدات ئایا کوردستان خەیاڵییە یان دەستەڵاتدارانی تورکیە لە کوردستاندا خەیاڵییە کە لەو گۆڕەدا بە خەوی هەمیشەیی ڕۆدەچێت. شتێك کە سەلمێنراوە، لە دوای ئەو مێژووەوە ئەو هەیکەلە کە ڕۆژنامەی میللییەت بە مردووی دادەنێت لە سەر سینەی ئارارات نێژراوە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانی تورکیەدا چەندین جار تەکانی بە خۆی داوەو ژیانی دەربڕیوە.

ڕووداوەکانی ئارارات کۆتایی هات لە هەموو شوێنێکەوە هەوڵدرا کە بە کورتی ببڕێتەوەو کورتەیەکی ئەو ڕووداوانە کە بە سەر ئەم چیا مێژووییەدا تێپەڕیوە بگاتە بەر چاوی خوێندەواران. ئێستا خوێندەوارانی بەڕێز تا رادەیەك بە لە خۆ بووردنەکانی کورد، بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە ماوەی جەنگەکانی ئاراراتدا ئاگادار بوون. داوای مۆڵەت دەکەم بە ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کورد کە بۆ ڕزگاربوونی نەتەوەی خۆیان لە پێشکەشکردنی خوێن و گیان بەختکردندا، کورتییان نەکردووە و گەیشتوونەتە ژیانی هەمیشەیی لە بەردەم ڕۆحی ئەو گەورە پیاوانەدا بەو پەڕی ڕێز و گەورەییەوە سەر دادەنەوێنم بۆ پاشماوەکانی ئەم گەلە دلێرە و خۆبەختکەرە و دروودی لێخۆشبوونیان بۆ رەوانە بکەم.

چارەنووسی ئیحسان نوری :

ئیحسان نوری لە دوای ئەوە لە ئێراندا بوو بە پەنابەر ماوەیەك لە تاراندا کەوتە ژێر پرسیارو وەرامەوە،لە دواییدا وەکو چەند کەسێکی دیکەی پەنابەرانی ئاراراتی کە لە شارە جۆر بە جۆرەکانی ئێراندا لە ژێر چاودێریدا بوون بۆ ساوەو یەزد، دوور خرایەوە[1]. لە دوای ماوەیەك بەهۆی رووداوی ئەیلولی (١٣٢٠) وە لە سەرەتای ساڵی (١٣٢١) ئیحسان نوری لەگەڵ یووسف عەلی مهاجری و خاتوو بسرە حسنانی، تەیموور جەلالی و شەمسەدین جەلالی، ئێلخانی جەلالی، محەمەد دەروێش سەردانی وەزارەتی ناوخۆی ئێرانیان کرد، داوای ئەوەیان کرد کە گوایە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکانی ژیانەوە یان مووچەکانیان بۆ زیاد بکرێت یان لە ژێر چاودێریدا نەمێننەوە و ئازاد بکرێن تاوەکو خۆیان، بۆ دابینکردنی بژێویی

---

[1] پەژمان لاپەڕە ١٦٠ لەو بەڵگانەی ئەم سەردەمە کە ماونەتەوە باسی ٥٣ کەس لەژن ومنداڵی ئاراراتی دەکات لە یانەی پەروەردەکردنی تەورێزدا لە ژێر چاودێریدا بوون هەروەها ئەمانەی خوارەوەش لە ژێر ناوی کوردی ئارارت– دا لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی ئێراندا دوور خرابوونەوە و لە ژێر چاودێریدا بوون : شێخ عەبدولقادر (تاران)، شەمسەدین(مەشهەد)،محەمەد بەگ (تاران)، ئێلخانی (تاران) مسرو (سمنان) ئەحمەد عەلی (سمنان) رەبابە خێزانی بروحسو (تاران) بسرە، خێزانی فەرزندە کەلە بەندیخانەدا مرد بوو ئەویش لە(تاران)بوو، وەزارەتی ناوخۆ (روونووسی راپۆرتی کومەسیوونی لێکۆڵینەوەی ئەو کەسانەی لە ژێر چاو دێریدان)بەبێ ژمارە لەرۆژی ١٣١٣/٣/٧ بەڵگەنامەی مللیی نەتەوەیی (ن) ١٢٢٠٠٢

خۆیان هەنگاو بنێن.[1]

لە سەرەتای مانگی تەمووزی هەمان ساڵدا ئیحسان نوری بەناوی (سەرۆکی لەوەو پێشی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانی کوردستانی تورکیە)وە داوای لە سەرەك وەزیرانی ئێران کرد. ئەو (.. . . کە یان لە سەر کارێکی لەبار دایمەزرێنن، یا مۆڵەتی بدەن بۆ خۆی سەربەستانە کارێکی باش پەیدا بکات. بەڵکو کەمێك خەرجی بە دەست بێنێت. . . .) و ئەگەر دەوڵەت بەهەر هۆیەکەوە (. . . چاو دێری کردنی ئەویان پێویستە و بە زەرووری دەزانن خەرجییەکی لەبار) کە لەگەڵ بارودۆخی ئەوکاتەدا بگونجێت بدەنێ، دەری بڕیبوو کەلە (. . قوتابخانەی بەرزی سەربازی تورکیە لە ئەستەموول) دەرچووە و تەواوی کردووە هونەری تۆبۆگرافیشی خوێندووە. . . لە کاروباری نەخشە کێشاندا کاری کردووە، بەڵام هیچ ئەنجامێکی دەست نەکەوت.[2]

لەم کاتەدا لە سوپای خۆرئاواوە راپۆرتێك هاتبوو. کە گوایە کۆمەڵێك لە کوردەکان بە سەرۆکایەتیی کوڕی سمکۆ و شەریف خانی کوڕی سەید تەها بۆ بردنی ئیحسان نوری چەند نوێنەرێکیان بۆ تاران ناردووە. لە نێوان سەید عەبدوڵڵای (کوڕە مامی سەید

---

[1] وەزارەتی بەرگری نووسینگەی سەربازی ژمارە ٧٦٥ –٢٤٠٤ /٥ لەرۆژی ١٣٢١/٢/٣ بەڵگەی میللی(ن) ١٠٣٠٠٣

[2] نامەی رۆژی ١٣٢١/٤/١ئیحسان نوری کە بە ژمارەی ٦٦٦٥ ی رۆژی ١٣٢١/٤/٤ لە نوسینگەی سەرەك وەزیرانی ئێران تۆمارکراوە بەڵگەی میللی (ن) ١٠٣٠٠٣

تەها)و سەیف ئەلقوزات و قازی محەمەدو ئیحسان نوری چەند دیدارێك پێك هاتووە، بەڵام شارەوانی لە دوای لێکۆڵینەوە دەریبڕی کە ئیحسان نوری نیازی نییە تاران بەجێبهێڵێت[1] وەزارەتی بەرگریش راپۆرتی بەشارەوانی دا کە بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە کە کراونە خودی ئیحسان نوری نیازی چوونە دەرەوەی لە تاراندا هەیە[2] ئەو کەسانەش کە دیداریان کردووە نیازی بردنی ئەویان هەیە،لەبەر ئەمە بە پێی دانیشتنی شەشەمی مانگی ئەنجومەنی تیری ١٣٢١.

تەمووزی (١٩٦٠) وەزیران، بڕیاری ئازاد کردنی (حەوت کەس لە پەنابەرانی کوردی تورکیە)، یانی ئیحسان نوری و هاوڕێکانی داوە. بەپێی راسپاردەی وەزارەتی (جەنگ =بەرگری) بڕیار دراوە تاکو کاتێك کە ئیشیکی باشیان دەست نەکەوێت بارەگاکانیان. وەکو (بارەگای ئیحسان نوری (١٥٠٠) ریاڵیان بۆ زیاد دەکرێت هەروەکو جاران بۆیان خەرج دەکرێت)[3] لە چۆنیەتیی گۆڕانکارییەکانی دوایی ژیانی ئیحسان نوری ئاگادارییەکی وردمان لەبەردەست نییە. ئەوەندە دەزانین. لەنێوان ساڵەکانی (١٣٢٣) تاکو (١٣٢٥)ی هەتاوی لەگەڵ رۆژنامەی کۆهستاندا هاوکاری هەبووە زنجیرە وتاری

---

[1] وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی ژمارە ٢٣٩٢ /٩٥٣٨ لە رۆژی ١٣٢١/٤/٢٥ و ژمارە ٩٦٤١/٢٣٦٢ لە رۆژی ١٣٢١/٥/٣ بەڵگەی میللی (ن) ١٠٣٠٠٣.

[2] وەزارەتی بەرگری ژمارە٥٧٥٦/١٦٠٩٨ لە رۆژی ١٣٢١/٥/٢٩ بەڵگەی میللی(ن) ١٠٣٠٠٣

[3] وەزارەتی بەرگری روونووسی راپۆرتی فەرمانگەی یەك ژمارە ٢٨٦٢ لە رۆژی ١٣٢١/٦/٥ بەڵگەی میللی (ن).

(تاریخ ریشەی نەژادی کرد)[١] و وەقایعی ئاراراتی نووسی، هەروەها وا دەردەکەوێت لەسەردەمێکدا بۆ کرمان دوور خرابێتەوە، لەدواییدا لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی (١٣٣٠) بە هۆی کوودەتاکەی عەبدولکەریم قاسمەوە و ئەو گۆڕانکارییانە کەلە عیراقدا ڕوویدا. سیاسەتێکی نوێ لەبەرانبەر کوردەکانی ناوچەکەدا. هاتە کایەوە، ئیحسان نوری مۆڵەتی پێدرا کە بۆ تاران بگەڕێتەوە لەم سەردەمەدا، ناوبراو هەم لەڕووی بژێوییەوە، هەم لەڕووی ئازادیشەوە لە دۆخێکی باشتردابوو. تەنانەت مۆڵەتی پێدرا بۆئامادە بوونی لە کۆنفرانسەکانی نێو نەتەوەیی جاری دوو جار بەشداری بکات و بڕوات بۆ دەرەوەی وڵات، ئیحسان نوری لە (٢٩ی ئەسفەندی ساڵی ١٣٥٥) بە هۆی بوون بە ژێر ماتۆڕوە لە تاران کوژرا.[٢]

---

[١] ماوەیەك لە دوای ئەوە زنجیرە وتارێکی بەناوی (تاریخی ریشەی نژادی کورد) بە شێوەی کتێبێك سەرلە نوێ چاپکرایەوە (تاران ئەنجوومەنی ئێران شناسی کوردی- مادی- چاپخانەی سپهر ١٣٣٣، ١٤٥ لاپەڕە) ئارچیباڵد ڕۆزوڵت یشهەر لەم سەردەمەدا (فەروەردینی ١٣٢٥) باسی دیدارێکی ئیحسان نوری دەکات کەلە تاران یەکتریان دیوە. ئارچیباڵد ڕۆزوڵت حەزی لە فێر بوونی وەرگێڕانی صهبای سەعیدی، تاران بڵاو کراوەی ئیتیلاعات،١٣٧١ لاپەڕەکانی٣٢١-٣٢٢.

[٢] پەژمان لاپەڕە ١٥٣-١٦٨ .

پێڕستی ناو

(ئـ)

ئاخورێك: 130

ئادامان (خێڵ): 88,91

ئارالیق: 67, 108, 132

ئاراس: 11, 17, 67, 68, 70, 108, 126

ئارداشس، مرادیان، ئارداش:67, 68, 69, 70, 71

ئارنیس (ئەرنیس): 87, 91, 92

ئاسینجین: 115

ئاشوور، ئاشووری: 10, 11

ئاغالارۆف: 119

ئاقری › ئاغری

ئاگرین: 59, 91

ئاگری › ئاغری

ئاگری (رۆژنامە): 78, 84

ئاڵتووندا‌ش: 62

ئامۆ: 62, 63

ئامۆرتاك: 88

ئاناتۆڵی: 25, 28, 33

ئایدین: 74

ئەبوبەکر(کوڕی ئەمین پاشا): 101

ئەحمەد ئاغا: 24

ئەحمەدی حاجی بروحەیدەری: 31

ئەحمەدی خانی: 15

ئەخلات: 90

ئەدمیش: 133

ئەزمیر: 31, 42, 73

ئەسترابۆن: 13

ئەسلان: 130

ئەلتوندیش: 51

ئەمین پاشا: 101

(ئەنترانیك) پاشا: 17

ئەیوب ئاغا: 32, 52

ئورە: 37

ئوجیق › ئەواجیق

ئیچدیریان: 38

ئێریڤان: 67

ئیگدیر › ئیغدیر

(ب)

بارزان: 4, 76, 77

بارزانی، مەلا مستەفا: 7, 76

بارکری › بارکردن

باش قەلا (قەلآی باش): 123

باکۆ: 28

باڵکان: 60

بالیك گوڵ: 63

بابیورد: 38

بەتلیس › بەدلیس

بەدری بەگ: 73

بەرلین: 124

برون رەش: 103, 106, 107, 108, 109

برون سوور: 65, 103, 104, 106, 107

بشیری: 71

بەکران رەشۆری سلو: 95

بەکران (خێڵ): 98

بەکرێ عەلی خان: 95

بلیچ شێرکۆ › سورەیا بەدرخان

بۆتان و مەدیات: 42

بەهران: 77

بەیرووت: 133

(پ، ت، س)

پالان توکن: 37

پیرناوۆت: 89

توان: 90

تابیە: 53

تاجەدین بەگ: 31

تاهیری عەلی بەگ: 95

تاشبرون: 104, 109

تانسلی: 39

ترابوزان: 12

ترتاب: 13

تەریب: 91

توزلیجە: 62

تفلیس: 67, 70

تەللو: 37

بەدلیس: 16, 29, 71, 72, 73, 74

تەمەر ئاغا: 89, 95, 129

تەمــەر کســـکویی › تـــەیموور کسکویی
تەنوروك › تەندوورك
تۆفیق بەگی مێردینی: 29
تەیموور کەسکۆیی: 43

(ج، چ، ح، خ)

جانیس: 71
جەمال پاشا: 60
جەمیل قەدری پاشا
چەرخە: 78, 81
چفتلیك: 19, 20, 22, 65
حەسەنان: 72
حەسەن خالید: 115
حەسەن زوبێر: 73
حەسەن عەبدال: 96, 100
حەسەن قەلاّ: 36
حسەسووری: 65, 79
حسێن پاشا › کورحسێن پاشا
حەمید ئیسماعیل: 42, 46, 50
حەمید بەگ: 92
حەیدەران (حەیدەری خێڵ): 71, 72, 73, 87, 90, 101, 120
خالید بەگی حسەینی: 19
خالس بەگ: 31, 35, 36, 40
خەرپوت: 29, 89
خلکان (عەشیرەت) › خلیکانلو

د، ر، ز، ژ

داود (کوڕی بروحسکی): 58, 101
دەریاچەی رەزائیە: 11
دەریای رەش: 10, 12
دڵخێری (تایەفە): 51
دەمرگان: 10
دیمەشق: 60
دەمیر پاشا › تەمەرشکی
دودگان: 53
دووتاق: 92
دیل، ئارالیق: 132
دیوین: 14
رەسووڵ بەگی زەلی: 91
رەشو سلو: 131
روادی: 14

رووسیه › سوڤیەت ›(شورەوی)
رووس: 15, 16, 17, 18, 67, 68, 69, 70, 105, 108, 126
ڕۆم ئێلی: 60
رۆمی خۆرهەلاّت: 12
زەردەشتیەکان: 10
زەرکان: 72
زرکی: 31
زوهدی گویڤەن: 38, 61, 63, 86, 88, 93, 110, 132
زینار سیلوپی › جەمیل قەدری پاشا

(س)

سامی پاشا، کەمالەدین: 124
ساسون: 42, 133
سۆلەت قەشقایی، نازلی
سوفی پوشۆ: 130
سوبحان: 101
سوبحی (ژەنەرال): 62
سپکی (خێل): 31, 99
سەرایە: 91
سەرۆکان:
سولّتان محموود خان: 115
سەلمان نەسر: 10
سلێمان بەگ: 73
سیبریا: 71
سپیکا: 74
سەید ئیسماعیل بەرزنجی: 131
سەیفەدین بەگ: 99
سیلان (خێل): 73
سینگ: 30, 32, 36, 50, 61

(ش)

شەرنەخ: 37
شەریف حسێن: 60
شەمسەدین لەوەند: 73
شمکان (خێل): 62, 63, 89
شێخ حەسەن: 65
شێخ سەعید پالۆ › شێخ سەعیدی پیران
شێخ تاهر: 78, 81
شێخ محەمەد حسەسووری: 79
شێخ یاسین: 77
شێخلو: 65, 66, 78, 95, 106

(ع) و (غ)

عادل جەواز: 71, 87, 90

عارف حکمەت بەگ: 41

عەبدوللاّ حەسەن ئاغا: 121

عەبدوللاّ خەڵەف: 66

عەبدولمەجید سپکی: 31

عیبری: 10

عوسمان (کوڕی ئەمین پاشا): 101

عوسمان کەلیم: 49, 51, 62

عوسمانی › تورکیە

عەدۆ: 75

عەدۆی عەزیزی حەیدەری: 31

عەرەبستان: 60

عەلۆ بەشۆ: 37

عەلوی ئەزدی: 81

عەلویی گوری: 66

عەلی بەگ میرزا: 91

عەلی رەزا بەگی بەدلیسی: 29

عەلی رەزا پاشا: 28

عەلیکو: 129

عومەر بایز: 69

عومەرێ بەسیٚ: 66, 67, 68, 69

عومەر گلتوری: 94

عومەر مەزراق: 66

عەمکی حسە سووری: 105

مەمەدی عەزیزی: 40

غەرزان: 42, 71, 73

غەزا: 22

(ف، ق)

فارس: 13

فاغزمان: 17, 62, 87

فەتحوللاّ بەگی هەسنی: 99

فەتو: 78, 81

فەرهاد بەگ: 46, 47

فەرید پاشا: 28, 124

قاسو کندیك: 73

قالقان: 95

قباق تەپە: 85, 89, 128

قوپ: 91

قزل ئێرمەق: 12

قزل دزە (قزل دیزە): 64

قزلّباش ئۆغلۆ: 66
قلب: 17, 89
قۆرخان: 32, 131
قوتان: 32, 64, 65, 91
قوتیس: 52, 106, 107

(ك، گ)

کازم بەگ: 31
کۆیپ باغ: 38
کۆپلاجا: 62
کورد ئاوا: 44, 65, 83
کەرم قاسم: 63
کریکۆر: 14
کەمالەدین: 28
کەندالّ بەشك (ئاوایی): 73
کوپکول: 128
کوتیس: 20
کازگان: 90
گەلی تاهیر: 92
گێجە پۆستاسی: 37
گورجی بلاّغ: 107
گەردەنەی شەیتان: 106
گلتوری: 66, 130
گلتوران (خێل): 109
گموشخانە: 38
گەنجە: 14
گۆتی: 11, 13
گور حەسۆ: 16
گۆیب داغ: 39

(ل، م)

لوژۆر (رۆژنامە): 133
مادستان: 13
مادەکان: 11
مازەندەران: 13
مانائی (خانەدان): 12
محەمەد ئەفەندی: 19
مەحموود: 75
مەحموود ئەسعەد بەگ: 133
محوی بەکر: 23, 24
محوی تەمەر ئاغا: 95
مەحوی دەروێش ئاغا: 95
مەدنی (کوڕی حاجی مووسا بەگ): 76, 77

مەدیاد (مەدیات): 71
مرادیان، ئارادشس: 67
مەسیحی: 13
مستەفا: 115
مکران: 95
مەکە: 60
مەلا سەنعللاً: 46
میللییەت (رۆژنامە): 29, 133, 134, 135
مەمو: 71
مووسا ئیبراهیم: 114, 128
میلان (خێڵ): 91
(ن، و، هـ، ی)
نادر: 75
نەبو: 129
نەسرەت ئیبراهیم: 88, 91
نەمرود (چیا): 90
نۆح بەگ: 76, 77
نورشات: 92
نورو: 106
نورەشین: 101, 106
نوشار: 96, 97
واهان: 105
وەلی بەگ: 90
هەرۆدۆت: 11, 12
هەسنی (خێڵ): 31, 73, 99, 129
هوریك: 83
هەڤێرك (خێڵ): 37
ئیبراهیم ئازو: 52
ئیبراهیم ئاغا › برۆحسکی تللو

وێنەکان



دروشمی خۆیبوون

ئیحسان نوری پاشا لەگەڵ خێزانەکەی



کاریکاتۆری ڕۆژنامەی مللییەتی تورکی: کێلی قەبر لەسەر کێوی ئارارات، کە لەسەری نووسراوە «کوردستانی خەیاڵی نێژراوە»

دانیشتووەکان: شێخ عەلی رەزا، کوڕی شێخ سەعیدی پیران
بە پێوە: لە راستەوە بۆ چەپ: ئیحسان نوری پاشا، تۆفیق ئەفەندی،
فەهمی بەگ و خورشید ئەفەندی
ئەفسەرانی کورد- بەغدا ١٩٢٥

کتێبە چاپکراوەکانی دەزگا

- **جوگرافیای کوردستان**.......................... د. عەبدوڵڵا غەفور
- **نەژادی کورد: ڕەوتی مێژوویی دروستبوونی میللەتی کورد**
.... ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی - و: د. ڕەشاد میران
- **باڵە سیاسییەکان لە ئێراندا**............ د. سەعید بەرزین - و: موسڵح ئیروانی
- **کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی مووسڵ** (۱۹۱۸-۱۹۲٦)
.... پرۆفیسۆر د. میم کەمال ئۆڤە - سەلام ناوخۆش
- **جیهانگیری (سەرەتایەک بۆ تێگەیشتن لە بەجیهانیبوونی سەرمایەو پرۆسەی بەرهەمهێنان)**.......................... فوئاد مەجید میسری
- **تەقریرستان (تەنز)**................................ .سەلام عەبدوڵڵا
- **شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری (-۱۸۸) لە بەڵگەنامەی قاجاریدا**...........
.... محەمەد حەمەباقی
- **ماکیاڤیللی و بیری ڕینسانس**............ ڕامین جیهانبەگلو - موسڵح ئیروانی
- **فەرهەنگ و لێکحاڵی بوون**................................ سەرۆ قادر
- **فەرمانڕەوایانی قۆچی زێڕین (لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورک)**................................ نۆیل باربەر
- **ئەودیوی مەرگ**................................ .حەمە کەریم عارف
- **فریدریک نیتشە**................................ عوسمان یاسین
- **چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی**................ د. ڕەفیق شوانی
- **زیانەوەو شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا** (۱۹۲٤-۱۹۲٦).... عەبدوڵڵا زەنگەنە
- **ئینسکلۆپێدیای ئابووریی (عەرەبی - ئینگلیزی - کوردی)**.......... فەیسەڵ دەباغ
- **دیموکراسی چییە؟ (شارەزایی لەگەڵ دیموکراسی)**...... .دیڤید بیتهام و کیڤین بوێل - کەریمی حیسامی
- **ئەو پڵنگانەی لە تەک مندا غاریانداوە (کورتە چیرۆک)**
.... بیژەنی نەجدی - و: نەجیبە ئەحمەد

- **کوردستان و کێشەی سنووری عوسمانی - فارسی (١٦٣٩-١٨٤٧)**..............
نەجاتی عەبدوڵڵا ....
- **لوڕ و لوڕستان**................ عەلی سەیدۆ گەورانی - بلال غازی کاک ئەمین
- **مناڵییم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکەزێڕینەکاندا باز بازێنی دەکرد**
.... کاروان عومەر کاکەسوور
- **پاریا**................... ئاوگوست ستریندبێرگ - فەرهاد شاکەلی
- **کوێری**................... زوزێ ساراماگۆ - سەلاحەدین ئاشتی
- **بێدەنگی دەریا**............ ڤێرکۆر - عەلی حەسەنیانی (هاوار) و سەلاحەدین ئاشتی
- **کوردستان لە مێژوودا (بەرگی یەکەم)**................ خەسرۆ گۆران - ئاسۆ کەریم
- **سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا**..... ئا: بەدرەدین ساڵح -
سامی ئەرگۆشی ....
- **رێبازە هاوچەرخەکانی فەلسەفە**............ سەماح رافع محەمەد - تاریق کارێزی
- **وەهای گوت زەردەشت**..................... فریدریش نیچە - عەلی نانەوازادە
- **شێخ عەبدولقادری گەیلانی (ژیان و بەرهەم)**.............. عەبدولڕەحمان بێلاف
- **ستران و دیلان**.......................... کامیران درباز هروری+ شڤان شکری هروری
- **فەرهەنگوکا کلاسیکێن کورە**........................ مەسعود خالد گولی
- **سەرهەلدانا ساسونێ** .... کونێ رەش- و: مسەدەق توڤی
- **سینۆهە پزیشکی تایبەتی فیرعەون** .... میگاڤالتاری- و: سەیدا شێخ زرار
- **کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند** .... دارا ئەحمەد کەریم بەگ
- **دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا** .... د. نوری دەرسیمی- و: د. ئەحمەد دزەیی

***

الكتب المطبوعة باللغة العربية

- الامارة الشدادية الكوردية في بلاد آران (من ٣٤٠-٥٩٥هـ) م ٩٥١-١١٩٨م

(دراسة سياسية حضارية).............إسماعيل شكر رسول

- اربيل ٨٨ هەولێر ٩٩: (حتى لاتضيع كردستان).................رجائي فايد

- الفدرالية وامكانية تطبيقها في العراق.............د. محمد عمر مولود

- جمعية خويبون: (١٩٢٧) (وقائع ثورة ارارات ١٩٣٠)................ كونێ رەش

- امارة بادينان: (١٧٠٠-١٨٤٢) (دراسة سياسية اجتماعية ثقافية)

..................كاوه فريق احمد شاوەلی ئاميدي

- امارة بوتان: في عهد الامير بدرخان (١٨٢١-١٨٤٧) (دراسة تأريخية سياسية)

.... صلاح محمد سليم محمود هروري

- امارة بابان: في النصف الاول من القرن الثامن عشر (دراسة في علاقاتها السياسية مع السلطات العثمانية)................ سعدي عثمان حسين

- حقوق الانسان والمجتمع المدني بين النظرية والتطبيق (دراسة تأصيلية وتحليلية سياسية)

.......................الدكتور كامران الصالحي

- كوردستان في القرن الثامن الهجري (دراسة في تأريخها السياسي والاقتصادي)...................د. زرار صديق توفيق

- الاسلام وحقوق الانسان.................د. عبدالحسين شعبان

- الفيدرالية والحكم الذاتي واللامركزية الادارية الاقليمية............د. محمد هماوند

- كوردستان: من بداية الحرب العالمية الاولى الى نهاية مشكلة الموصل

(١٩١٤-١٩٢٦).........................سروه اسعد صابر

- القضية الكردية في المؤتمرات الدولية...................د. فؤاد حمه خورشيد

- وثائق عن الحركة القومية الكوردية التحررية .... د. عبدالفتاح علي يحيي البوتاني

- مقالات متنوعة حول مياه، النفط والبيئة.....................د. بيوار خنسي

***

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

منتدى إقراء الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)



ئیگدیر
ئارالق
سۆڤیەتی جاران
ئاراراتی گەورە
ئارارات
بالیک گول
چڤتلیک
ئاراراتی بچووک
دوغوبایەزید
ئابی بەگ
قۆزلوداغی
دامرلی کوپرو
کێوی قوتیس
گورجی بولاغ
یارم قەیە
بزون سور
کێوی قەندەرۆک
کاجوت
ماکو
ئێران
سنووره نێودەوڵەتییەکان
سنووری ئێران و تورکیا پێش شکانی
کوردەکانی ئارارات
ڕێگا سەرەکییەکان